# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٣٠)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٥/٥
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


سەرنووسەری ڕۆژنامەی دەستوور بەڕێز خالید ئەحمەد شەریف بەهۆی تەواوبوونی ماوەیی یاسایی گرێبەستی کارکردنییەوە ماڵئاوایی لەستافو خوێنەران دەکات، ئێمە وەک ستافی ڕۆژنامەی دەستوور، سوپاسی زۆری دەکەین بۆ ئەو ماوەیەی کە لەگەڵماندا کاریکردووە.
ستافی ڕۆژنامەی دەستوور

## عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی ناوداری کورد:

# "گۆڕان نەیتوانی ببێت بەهێزێکی جێگرەوە بۆ یەکێتیو پارتی"

**تایبەت بە دەستوور**

عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی ناوداری کورد، دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی ببێتە جێگرەوەی یەکێتیو پارتی لەهەموو هەرێمی کوردستانو لەسلێمانیدا قەتیسماوە، بڕواشی وایە خەڵکی هەولێر بەهۆی ناڕازیبوونیان لەدەسەڵات دەنگیان بەگۆڕان داوە، نەک بەرنامەی سیاسیو فکریان.


عومەر شێخموس لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا وتی «بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی نوێ لەسەر ساحەی کوردستان توانی گەشە بکاتو هەندێک سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەمە بۆ ڕێکخراوێکی نوێ دەستکەوتێکی گەورەیە، بەڵام نەیتوانی ببێت بەهێزێکی جێگرەوە بۆ یەکێتیو پارتی لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا وەکو ئامانجیان بوو، گۆڕان بەفیعلی تەنها لەناوچەی سلێمانی پێگەی هەیە، لەکەرکوکو گەرمیانو دهۆک یان موسڵ و دیالە، نەیتوانی پشتیوانێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت».

عومەر شێخموس دەڵێت دەنگەکانی هەولێری بزووتنەوەی گۆڕان دەنگی ناڕازیبووانە، نەک دەنگ دان بۆ بەرنامەی سیاسیو فکریان، «بۆیە دەبێت زۆر وریابن کە ئەنجامی ناڕاست لەو ژمارانە وەرنەگرن».

شێخموس ئاماژە بەوە دەدات جیابوونەوەی باڵی ریفۆرم لەیەکێتی، بوو بەهۆی لاوازبوونی هەردوو لایان، وتیشی «جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەیەکێتی نیشتمانی، زیانێکی زۆر گەورەی بەیەکێتیو بەخۆیان گەیاند، لەبەرئەوە بەشی زۆری دەنگەکانیان جیا لەناڕازیبووان دەنگی بەشێک لەجەماوەرو لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی بوون، ئەنجامی ئەمەش بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزە ئیسلامییەکان بوو».


لەبارەی ئایندەی ئەو بزووتنەوەیەشەوە، عومەر شێخموس وتی «بەندە بەڕەفتارو شێوەی کارکردنیان لەئایندەدا، هەروەها بەندە بەشێوەی ڕەفتاری یەکێتیو پارتی بەرامبەریانو پرۆسەی ریفۆرم لەناو ریزەکانی خۆیاندا».

**دەقی چاوپیکەوتنەکە لە لاپەڕە ٧دا بخوێنەرەوە**


عومەر شێخموس

## خەوی باشەو لەمردن ناترسێت

کەریم کابان گەورە هونەرمەندی کورد داوا لەهونەرمەندە نوێیەکان دەکات مۆرکی ڕەسەنایەتی بەگۆرانییەکانیانەوە بێتو دەڵێت «ئێمەش وەکو هەموو جیهان مۆرکی تایبەت بەخۆمان هەیە». کەریم کابان دەڵێت لەئێستادا تەنها خۆزگە بەخانوویەکەوە دەخوازم کە بەناوی خۆمەوە بێتو وتی «هیچ خۆزگەیەکی ترم نییە».



10 ..

## لەسلێمانی بانگەشە بۆ حەسەن نەسروڵڵا دەکرێت..

02..

## گەورە دیبلۆماتێکی ئەمریکی لەوەڵامی بارزانیدا:

# ئەمریکا پاڵپشتی ریفراندۆم لەکەرکوك ناکات

**پ. دەستوور**

لەوەڵامی جەختکردنەوەی سەرۆکی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، دیبلۆماتێکی گەورەی ئەمریکیش رایدەگەنێت ئەمریکا بەڕوونی ڕایگەیاندووە پاڵپشتی ریفراندۆم لەکەرکوک ناکاتو هیچ کات پشتیوانی داواکانی کورد ناکات کە ڕەزامەندی بەغدادی لەسەر نەبێت.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لەراپۆرتێکیدا لەبارەی کورد لەدوای هەڵبژاردنەکان، کە ڕۆژی ٢ ئەم مانگە بڵاوبووەتەوە، تێدا لێدوان لەمەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، بارزانی لەو ڕاپۆرتەدا سوربوونی کورد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دوبارەدەکاتەوە، دەڵێت «گەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت، واتە مردنی عێراقو دەستوورەکەی.»

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا بارزانی جارێکی دیکە باس لەهۆکارەکانی رازیبوونی کورد بەیاسای هەڵبژاردنی عێراقی دەکات، کە بریتییە لەبەڵێنی سەرۆک ئۆباما بۆ هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەوەش لەمیانەی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنەی نێوان هەردوولا هات لەپێش چەند کاتژمێرێک لەدەنگدان لەسەر یاساکە لەپەرلەمانی عێراقدا، «ئۆباما بەتەلەفونو هەروەها لەکۆبوونەوەیەک لەگەڵیدا لەکۆشکی سپی ئەو بەڵێنەی دوپاتکردەوە.» بارزانی بەڕۆژنامە ئەمریکییەکەی وت.

گەورە دیبلۆماتێکی ئەمریکی لەبەغداد لەهەمان راپۆرتدا لەوەڵامی ئەم وتەیەی بارزانیدا دەڵێت بەڵێنەکەی ئۆباما بەشێکە لەپاڵپشتی گشتی ئەو لەدەستووری عێراقی بەماددەی ١٤٠ەوە، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بەڕوونی بەسەرکردەکانی کوردی راگەیاندوە کەسوربوونی ئەوان لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ریفراندۆم لەناوچە جێناکۆکەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ رێککەوتن لەگەڵ بەغداد، دەبێتەهۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان.

هەر ئەو دیبلۆماتە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە بە نیویۆرک تایمزی راگەیاندوە کە بەڵقان نمونەیەکی زیندوە کە چۆن بەهۆی ریفراندۆمێکەوە نوقمی زەلکاوی خوێن بوو.

دیبلۆماتە ئەمریکیەکە دەڵێت ئێستا نەتەوە یەکگرتوەکانو ئەمریکا خەریکن تا کورد بەوازهێنان لەو داوایەی رازیبکەن، لەرێگای رێگەخۆشکردن بەسودمەندبوونی زیاتری کورد لەرووی ئابوورییەوە لەعێراقدا.

سەرۆکی هەرێم هەروەها چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق لەپەیڕەویکردنی سیستمی فیدراڵی دەبینێتەوە بۆ سێ هەرێم: کورد لەباکوور، شیعە لەباشوورو سوننە لەناوەڕاست لەگەڵ بوونی بەغداد وەک پایتەختی عێراقی فیدراڵ.

ڕۆژنامەکە ئەو داوایەی بارزانی بۆ بوونی هەرێمی فیدراڵی بەهێزو حکومەتی ناوەندی لاواز بەمەترسی دەزانێت بەوەی کە کورد هەنگاو بنێت بەرەو سەربەخۆبوونو جیابونەوە لەعێراق.


مەسعود بارزانی

# سەرکردەکانی زەحمەتکێشان، هەڕەشەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان لەیەکتردەکەن

**شۆڕش خالیدو دوێن هاشم**

هەردوو باڵەکەی زەحمەتکێشانی کوردستان، تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی یەکترو گەندەڵیو خۆفرۆشتن دەدەنەپاڵ یەکترو هەڕەشەی ئاشکراکردنی مێژووی یەکتر دەکەن.

قادر عەزیز لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت «بەڕاستی ئەو برادەرانە جێگەی بەزەیین، دوای ئەو هەموو ساڵە خەباتو تێکۆشانو هەڵوێستی چەپو شۆڕشگێڕیو بەگژداچوونەوەی ناعەدالەتییەکانی دەسەڵات، کەچی ئێستا شانازی بەوەوەدەکەن کە زەحمەتکێشان بۆ دەسەڵات لەناودەبەن». هەروەها دەڵێت «بڕواناکەم ئیمتیازاتو پارەوخۆشی ژیان کە ماوەیەکی کەمە ئەوەندە بهێنێت کە شۆڕشگێڕان خۆیان لەپێناودا بفرۆشن».

سەعد خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان باڵی مەکتەبی سیاسی بەدەستووری وت «قادر عەزیز دوای دوو ساڵ دەفتەرێکی ٣٠ پەڕی بەناوی دەفتەری سەرفیاتی حیزب خستە بەردەستی مەکتەبی سیاسی، کە سەیرمانکرد لەماوەی دووساڵ قادر عەزیز حەوت سەد هەزار دۆلاری لەپارەی حیزب بەبێ ئاگاداری هیچ سەرکردایەتییەک سەرفکردبوو، بۆ خۆی».

سەعد وتی «هەوڵدان بۆ کوشتنی قادر عەزیز لەئێمە ناوەشێتەوە ئەگەر پێویست بکات ئاشکرای دەکەین لەمێژووی زەحمەتکێشان کێ کاری وایکردووە».

**لەلاپەڕە پێنجدا دوو چاوپێکەوتن دەخوێنیتەوە**


قادر عەزیز


سەعد خالید

www.arsivakurd.org

# کێشەکەی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری سلێمانی تەقییەوە

## بەزۆرینەی دەنگ، دەسەڵات لەپارێزگاری سلێمانیو دوو جێگرەکەی سەندرایەوە

**مەعاز فەرحان**

لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، مافی دەسەڵاتەکانی لەپارێزگار بەهرۆز محەمەد ساڵح بەوەکالەتو دوو جێگرەکەی لەپارێزگای سلێمانی سەندرایەوە.

دوای ئەوەی بەبڕیاری بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت دانراو لەچەند ڕۆژی ڕابردووشدا بەنووسراوێک دوو جێگری بۆ پارێزگار دەستنیشانکرد، ئەمڕۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداو لەو کۆبوونەوەیەشدا بەزۆرینەی دەنگ دەسەڵاتی پارێزگاری لەبەهرۆز محەمەد ساڵح سەندرایەوە.

ئەنوەر فەرەج سەرۆکی قەوارەی کۆمەڵی ئیسلامی لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەم هەفتەیەدا فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیرانمان پێگەیشت کە بەفەرمیو نهێنی دەرکرابوو و دوو جێگر دانرابوو بۆ پارێزگاری سلێمانی، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ دەسەڵاتێکو بەبێ دیاریکردنی هیچ یاسایەک".

هەروەها ڕایگەیاند سەردانی وەزیری ناوخۆیانکرد لەهەولێر، وەزیری ناوخۆش بێئاگایی خۆی نیشاندا لەو بڕیارە، وتی " ئەو بڕیارە نەئەنجومەنی پارێزگا ئاگای لێیە، نەوەزارەتی ناوخۆو سەرۆکایەتی هەرێم ئاگادارە، بۆیە بڕیارەکەمان بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکردەوە".

هەروەها وتی "مافی سروشتی ئەنجومەنەو مافی دانانی جێگر بۆ پارێزگار دەبێت بدرێتەوە بەئەنجومەن".

سەرۆکی قەوارەی کۆمەڵ، لەئەنجومەنی پارێزگا، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان لەکۆبوونەوەی پێشوودا بڕیاریاندا پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت بانگبکرێت بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەکارەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو، بەڵام پارێزگار بەنووسراوی فەرمی ئاگاداری کردوونەتەوە لەوەی ئەنجومەنی پارێزگا یاسایی نییە، وتی "ئێمە هەر لەسەرەتاوە دانانی ئەویش بەنایاسایی دەزانین، بۆیە ئەمڕۆ ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا کە مافی ئەوەی لێبسەنینەوە کە وەکو پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت کارەکانی بکات، چونکە ئەو بەڕێزە بەپێی یاسا نەهاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ لێپرسینەوە لەکارەکانی".


فۆتۆگراف: ڕەنج عەبدوڵڵا

ئاماژەی بەوەشدا کە دانانی دوو جێگرەکە کە یەکێکیان توانا کەمال بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی سلێمانیو عەلی حەمەبەگ قایمقامی قەزای ڕانیەیە ڕەتبکەنەوەو وتی "وەکو ئەنجومەنی پارێزگا بەهیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو جێگرەدا ناکەین".

داواشیکرد پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت دەستلەکارکێشانەوەی خۆی بنووسێتو وتی "ئەنجومەن بڕیاریداوە کە هەڵسوکەوتی پارێزگار لەگەڵ ئەو بەڕێزەدا نەکات، چونکە بەپێی یاسا شەرعییەتی نییە".

# شەش ساڵە بازاڕو ئۆتێلی هەڵەبجە تەواونەکراوە

**زانا ئەحمەد لەهەڵەبجە**

بازاڕو ئۆتێلی هەڵەبجەی شەهید، کە ساڵی ٢٠٠٤ بڕیاری دروستکردنی لێدرا، بەنیوەتەواوکراوی لەچەقی بازاڕی هەڵەبجەدا جێهێڵراوەو جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید هۆکاری دواکەوتنو تەواونەکردنی پڕۆژەکە دەبەستێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕی دراو لەماوەی ڕابردوودا، ئێستا پڕۆژەکە لەکۆمپانیای یەکەم وەرگیراوەتەوەو دراوە بەکۆمپانیایەکی تر.

کوێستان ئەکرەم جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید بەدەستووری ڕاگەیاند "ماوەی پێنج ساڵە پڕۆژەی بازاڕو ئۆتێلی هەڵەبجە کە پڕۆژەیەکەو شارەوانی داویەتی بەکۆمپانیایەک تەواونەکراوەو ماوەیەکی زۆرە بەشێکی کەمی ئیشەکانی ماوە، جێهێڵدراوە".

کوێستان دەڵێت هەر لەسەرەتاوە بەدوای پڕۆژەکەدا چوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو ساڵەدا ئاڵوگۆڕی دراو ڕوویداو بەڕێژەیەکی بەرچاو دۆلاری ئەمریکی دابەزینی بەخۆیەوە بینی، زیانێکی زۆر لەکۆمپانیای جێبەجێکار کەوتووە، وتی "بۆیە نەیتوانی تەواوی بکاتو لەوکاتەوە تائێستا پڕۆژەکە وەستاوە، بەڵام لەئێستادا پڕۆژەکە لەکۆمپانیای یەکەم وەرگیراوەتەوەو بڕیارە بدرێتە کۆمپانیایەکی تر". لەبارەی کاتی دەستپێکردنەوەی ئاماژەی بەوەدا کە وەرگرتنەوەی پڕۆژەیەک لەکۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر کاتی دەوێت، وتی "بەڵام لەئێستادا لەقۆناغی کۆتاییدایە، بۆیە وەک شارەوانی هەوڵەکانمان زیاتر چڕدەکەینەوە بۆئەوەی لەمەزیاتر دوانەکەوێتو بەزوویی تەواوبکرێت".

# سەرۆکی شارەوانی بازیان، بەبردنی قیری شەقامە گشتییەکان تۆمەتباردەکرێت

**محەمەد نەجیب لەبازیان**

سەرۆکی شارەوانی بازیان بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە قیری چەند شەقامێکی سەرەکی شارۆچکەکەو کۆڵانەکانی بۆ شوێنی لاوەکیو نزیکی ماڵی خۆیو خزمو کەسوکاری بردووە، سەرۆکی شارەوانیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

ڕەحیم تەیب، پیشە دوکاندار، لەبازیان بەدەستووری وت "ئەو قیرتاوە کە کرا بۆ بازیان هەندێک شوێن پێویست بوو بکرایە، بەڵام هەندێکی تر پێویست نەبووەو شوێنی لاوەکی بووەو بۆی کراوە".

ڕەحیم پێیوایە زۆربەی بەرپرسەکان تاوەکو خزمو کەسی خۆیان وەستابن ئیش بۆخەڵکی تر ناکەنو وتی "زۆربەی بەرپرسەکان کە بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، دەڵێن هەموو شتێک دەکەین، بەڵام تائێستا کەسێکی دڵسۆزم نەدی وەکو پێویست بێتە بازیانو ئیش بۆ بازیان بکات".

عومەر عەلی هاووڵاتییەکی تری ناحیەی بازیان بەدەستووری وت "گلەیمان هەیە لەشارەوانی، چونکە دەمێکە چاوەڕوانی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانین، بەڵام تائێستا نەکراوە بەتایبەتی چەند گەڕەکو شەقامێک کە سەرەکین".

عومەر علی وتی "بۆ چەوڕێژکردنی شەقامی سەرەکی مزگەوت، خۆمان پارەمان کۆکردووەتەوەو چەوڕێژمان پێکردووە، چونکە شارەوانی بۆی نەکردین".

دەستوور لەبەدواداچوونێکیدا بۆ بازیان، تێبینی ئەوەیکرد کە بەردەم ماڵەکەی سەرۆکی شارەوانیو خزمو کەسوکاری قیرتاوکراوە، بەڵام چەندین کۆڵانو چەند شەقامێکی سەرەکی کە پێویستیان بەقیرتاوە نەکراوە.

عومەر ئاڵی سەرۆکی شارەوانی بازیان بەدەستووری وت "ئەو بودجەیەی لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆمان تەرخانکرابوو بەشی ٤ هەزارو ٩٠مەتردووجا قیرتاوی کردووە، لەبەرئەوە شەقامی سەرەکی تر ماوە تەواونەبووە".

لەبارەی گلەیی هاووڵاتیان لەوەی قیری چەند شوێنێکی لاوەکیو ماڵی خۆییو خزموکەسوکاری کراوە، بەڵام قیرتاوی شەقامە سەرەکیو شوێنە پێویستەکان نەکراوە، وتی "ئەوەی ئێمە دەیزانین زانیارییەکەو ئەوەی هاووڵاتییان دەیزانن زانیارییەکی تر".

عومەر ئاڵی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوەی دەوترێت لەبارەیەوە ڕاست نییە، وتی "چەندینجار ئەو زانیارییانەم بەرگوێ کەوتووە، گوایە بەشێک لەقیری شەقامە سەرەکییەکانم بۆ گەڕەکی خۆمو خزمەکانم بردووە، بەڵام ئەوە زۆر دوورە لەڕاستییەوە".

ئەو وتی "کۆمپانیای میدیا، هات ڕەبتی ئاوی گەڕەکی برایەتیو سەرگەمە بکات، ئەو شەقامەی هەڵکەند، بەپێی مواسەفاتی هەندەسیش دەبێت بکوترێتەوەو تێکەڵەڕێژ بکرێت ئینجا قیرتاو بکرێت، بەڵام کۆمپانیای پاراو وتی ناتوانین ئەو شوێنەی کۆمپانیای میدیا هەڵکەنینەوە قیرتاوی بکەین، چونکە نەکوتراوەتەوەو تێکەڵەڕێژیش نەکراوە، بۆیە ئەو قیرە برا بۆ ئەوێ".

# بەپیشەی چاککەرەوەو کارپێکەری موەلیدە دەوامدەکەنو موەلیدەش نییە

**ئاوارە محەمەد لەگەرمیان**

بەپێی چەند نووسراوێک کە دەست دەستوور کەوتووە، لەگەرمیان لەنێو میلاکی پزیشکی دادوەری کەلاردا، کارمەند بەپیشەی چاککەرەوەو کارپێکەری موەلیدە دەوامدەکات، بەڵام پزیشکی دادوەری کەلار هیچ موەلیدەیەکی نییە.

بەپێی نووسراوێک کە لەقایمقامیەتی قەزای کەلارەوە دەرچووە بەژمارە ٢٩٢٢/٣، لەڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧و ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان کراوە، داوایکردووە، بەگواستنەوەی ڕاژەی مەولود ئەمین لەجێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کەلار بۆ بەڕێوەبەری پزیشکی دادوەری کەلارو لەنووسراوەکەی قایمقامدا ئاماژە بۆ ئەوەشدراوە لاریان نییە لەوەی ببێتە بەڕێوەبەری پزیشکی دادوەری، ئێستا ئەو بەڕێوەبەرە بەپیشەی چاککەرەوەی موەلیدە دەوامدەکات، بەڵام لەپزیشکی دادوەری کەلاردا موەلیدە نییە.

لەوەڵامی نووسراوەکەی قایمقامدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بەنووسراوی ژمارە ٢٧٦٣ دەنووسێت لاری نییە لەوەرگرتنی، هاتووە "بڕیارماندا بەگواستنەوەی ڕاژەی بەڕێز مەولود ئەمین".

لەلایەکی ترەوە، لەمیلاکی پزیشکی دادوەری کەلاردا عەبدولڕەحمان جەمال وەکو کارپێکەری موەلیدە بۆ پزیشکی دادوەری کەلار گواستراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی تایبەت لەنەخۆشخانەی گشتی کەلار بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەو ناونیشانە وەهمییەو پزیشکی دادوەری لەناو بینای نەخۆشخانەی گشتی کەلاردایەو موەلیدەی نییە تاکارمەندی چاککەرەوەی موەلیدەی هەبێت، لەموەلیدەی نەخۆشخانەی گشتی کەلارەوە کارەبا بۆ پزیشکی دادوەری دابیندەکرێت".

ئەو سەرچاوەیە وتی "دانانی ئەو کارمەندانە لەبەر زیادی مووچەکەیانە، ئەگینا پزیشکی دادوەری چاککەرەوەی موەلیدەی بۆ چییە لەکاتێکدا نییەتی".



دکتۆر ئاکۆ ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بەدەستووری وت "سەبارەت بەنووسراوەکەی قایمقام ئێمە بەرپرس نین، ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن قایمقامەوە بۆمان هاتووە، ئێمە سەیرمان کردووەو ناردومانە بۆ نووسینگەکەیان، قایمقامییەت ڕێنمایی بەئێمە نادات، ئەو پێشنیاری کردووە".

هەروەها وتی "ئێمە خۆمان پێمانباشبوو مەولود ئەمین کە جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بوو، بچێتە ئەو بەشە ئیش بکات وەکو پیشەکەی خۆی کە ناونیشانی پیشەکەشی چاککەرەوەیەو دانانیشی بەرەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بووە، ئەویش چاککەرەوەی کارەبای ئەو بەشەیە، میلاک هاتووەتە خوارەوەو ئێمەش بەپێی ئەو میلاکە پڕمانکردووەتەوە".

# زیادەی موچەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراون سەرفنەکرا

**محەمەد نەجیب لەسلێمانی**

ئەگەرچی وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، مانگی پێشوو ڕایگەیاند زیادەی موچەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراون لەمانگی چواردا سەرفدەکرێت، بەڵام ئەو زیادەیە بۆ مانگی چوار سەرفنەکرا.

فوئاد عوسمان بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەزگای شەهیدان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بڕیاروابوو بەدوو شێوە ئەو زیادەیە سەرفبکرێت، شێوەیەکیان زیادەی موچەی ئەنفالکراوەکان بوو کە بڕیارە لەم مانگەدا بۆیان سەرفبکرێت بەبودجەیەکی تەراکومی".

لەبارەی موچەی کەسوکاری شەهیدانیشەوە، فوئاد ڕاگەیاند "موچەی شەهیدان بڕیارە لەمانگی داهاتوودا زیادەکەی سەرفبکرێت، لەبەرئەوەی موچەی شەهیدان نیسبەی تێدایە، ئەو نیسبەیەش پێویستی بەکارکردنە، بەڵام هی ئەنفالکراوەکان نیسبە نییە، بۆیە هەر لەم مانگەدا بۆیان سەرفدەکرێت".



# لەسلێمانی بانگەشە بۆ حەسەن نەسروڵڵا دەکرێت

## وێنەو سیدی حەسەن نەسروڵلاو وێنەیەکی زۆری رابەرە ئاینیو سیاسییەکانی شیعە بەخۆڕایی دابەشدەکرێت

زانیار محەمەد

لەپێشانگایەکی شاری سلێمانیدا، وێنەیەکی زۆری رابەرە ئاینیو سیاسییەکانی شیعە بەخۆڕایی دابەشدەکرێت، وێنەی سەرکردەی شیعە مەزهەبی لوبنانیش حەسەن نەسروڵلا بەشێوەیەکی زۆر بڵاودەکرێتەوە.

لەپێشانگای ئەندێشەی موتەهەر، کە ٢ی ئەم مانگە لەسلێمانی کرایەوە، سەرنجی سەردانیکەرانی پێشانگاکەی بەلای خۆیدا راکێشابوو، لەوەی وێنەی رابەرە ئاینیو سیاسییەکانی شیعە نمایشدەکرا، بەتایبەت وێنەی سەرکردەی شیعە مەزهەبی لوبنان حەسەن نەسروڵلا.

پێشانگا فەرهەنگییەکە ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاکو رێکخراوی فەرهەنگو پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەهاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردیەوەو ماوەی یەک هەفتە بەردەوامدەبێت.

لەپێشانگاکەدا ٢٥ هەزار ناونیشانی کتێب بەزمانەکانی فارسیو کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی پیشاندراون، ئەمە جگە لەپیشاندانی کاری دەستیو شێوەکاری.

وەک لەزاری سەردانیکەرانی پێشانگاکەوە خرایەڕوو، لەدەروازەی چوونە ژوورەوە بۆ پێشانگاکەوە تا هاتنە دەرەوە لەپێشانگاکە، وێنەی رابەرە شیعەکان، بەشێوەیەکی چڕ بڵاوکراوەتەوە.

هاووڵاتیان ئەوە بۆ مەبەستی سیاسی دەگێڕنەوەو پێیانوایە ئێران لەوەدا مەبەستێکی سیاسی هەیە.

ئاراس عەلی کە گەنجێکی دانیشتووی سلێمانییە وتی "بینینی وێنەی سیاسییەکانی ئێران لەم پێشانگایەدا، مانای سیاسی دەگەیەنێتو دەریدەخات ئێران بەناوی پێشانگای فەرهەنگییەوە، سیاسەت دەکات".

ئاراس وتی "کردنەوەی ئەو پێشانگایە، مەبەستی سیاسیی لەپشتەوەیە".

دەشنێ عەبدوڵڵا هەرچەندە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانەی بەئاسایی وەسفکرد، وتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامانجی سیاسییان لەکردنەوەی ئەو پێشانگایەدا هەیە".

هەروەها رایگەیاند "هەرێمی کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ ئێران، تا لەرێگەیەوە مەبەستە سیاسییەکانی رابگەیەنێت".

هاوکات ئاکۆ غەریب بەڕێوەبەری ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک ئاماژەی بەوەدا پێشانگاکە بۆ گۆڕینەوەی بۆچوونو دروستکردنی گفتوگۆو لەیەکترتێگەیشتنە، بۆیە ئەوانیش دەیانەوێت لەو رێگەیەوە بیروباوەڕی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

ئاکۆ غەریب وتی "دەکرێت ئێمەش لەئێران پێشانگای فەرهەنگی بکەینەوەو وێنەی سەرکردە سیاسییەکانمان پیشانبدەین".

ئاوات جەبار یەکێکی تربوو لەسەردانیکەرانی پێشانگاکەو بەتایبەت وێنەکانی حەسەن نەسروڵلا سەرنجی راکێشابوو، وتی "لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان سەر بەعێراقەو عێراقیش لەژێر چنگی ئەمەریکادایە، کەواتە ئێران دەیەوێت پیشانی ئەمریکای بدات کە هەیمەنەو بوونی هەیە".

ئاوات پێی سەیرە لەو پێشانگایەدا سیدیو وتارەکانی حەسەن نەسروڵلا، کە سیاسییەکی شیعە مەزهەبی لوبنانییە، بەدیاری دەدرێت بەخەڵکو وتی "بێگومان ئەوە مانای ئەوەیە دەیانەوێت سۆزی خەڵک بۆ لای مەزهەبی شیعە رابکێشن".

یەحیا پەرتەوی کە نوێنەری یەکێک لەدەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەیە لەشاری سنەو بەشداریی پێشانگاکەیان کردووە، نەیشاردەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەرێگەی ئەو پێشانگایەوە دەیەوێت فەرهەنگی کۆماری ئیسلامیو شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەتەواوی جیهان بناسێنێت، کە ئیمامی خومەینی رابەرایەتیی دەکرد.

ئاکۆ غەریب وتی "لەم پێشانگایەدا هێندەی بەلامانەوە گرنگ بووە سەرچاوەکانی کتێب بێتە هەرێمەکەمانەوەو کارە دەستییەکان نمایش بکرێت، خەڵکی خۆمان ئاشتبکەینەوە لەگەڵ ئەو کارانەدا، ئەوەندە بەلامانەوە گرنگ نەبووە کە وێنەی کێ دادەنێن، ئەو مافەشمان پێداون کە باوەڕی خۆیانە چ وێنەیەک پیشاندەدەنو کێشەمان



ئێران پێشانگەکان بۆ مەرامی سیاسیی بەکاردەهێنێت

# چەند ئاراستەیەك كار بۆ هەمواركردنەوەی یاسای رۆژنامەگەری دەكەن

## سامان فەوزی: ترسی ئەوەم هەیە هەموارکردنەوەکە بۆ مەبەستی زیادکردنی کۆدەکانی سەر ئازادی رۆژنامەنووسی بێت

كاروخ نامیق

لەچەند ئاڕاستەیەکەوە کار بۆ ئەوە دەکرێت یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری هەمواربکرێتەوە، بەڵام ترسێک لەهەموارکردنەوەی یاساکە لەلایەن بەشێک لەرۆژنامەنووسانو داکۆکیکاران لەئازادییەکانی رادەربڕینەوە هەیە، لەوەی بۆ مەبەستی زیادکردنی کۆدەکانی ئازادی رۆژنامەگەری بێت.

داکۆکیکاران لەئازادییەکانی رۆژنامەنووسان کۆکن لەسەر ئەوەی یاسای رۆژنامەگەری کەموکورتی تێدایە، بەڵام بۆچوونیان جیاوازە لەسەر چۆنیەتی هەموارکردنەوەی.

بەشێکیان دەیانەوێت هەموارکردنەوەکە، ئەو کەندو کەلێنە یاساییانەی کە هەیە پڕبکرێتەوە، هەندێکیشیان وای بۆدەچن یاساکە لەگەڵ ئەم سەردەمەیی رۆژنامەگەری کوردیدا ناگونجێتو بەشێوەیەک دەیانەوێت ئازادییەکانی رۆژنامەگەری کەمتربکەنەوە.

ئازا حەسیب قەرەداغی ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستووری وت "یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستاندا پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە، ئەو هەموارکردنەوەیەش بەمەبەستی هەرچی زیاتر گونجاندنێتی لەگەڵ ژیانی رۆژنامەگەری کوردستاندا".

هەروەها دەڵێت "لەهەندێک رووداوی رۆژنامەگەریدا کارەکان لەوەتێپەڕین کە تەنها بریتی بێت لەپرۆسەیەکی سیاسی یان لەبەرچاو رۆشنکردنەوە، بەڵکو تەجاوزیانکرد بۆ ئاستی پێشێلکردنی مافی تاکەکانو رسواکردنو تەجاوزکردنی هەندێک لەتایبەتمەندییەکانی کەسەکان، ئەمانە یاسای رۆژنامەگەری نەیتوانی هیچ سنوورێکیان بۆ دابنێت".

بەڕای ئازا قەرەداغی یاساکە نەشیتوانی ببێتە لەمپەرێک لەبەردەم لەوەی ئەو جۆرەشتانە روونەدات، "لەکاتی روودانیشیاندا نەیتوانی هیچ سزایەکی بکەرەکانی بدات".

تەنها چەند مانگێک دوای دەرچوونی یاساکە، لەلایەن کادیرانی راگەیاندنی پارتییەوە، لەنووسینو وتارەکانیاندا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە یاساکە بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، ناگونجێت لەگەڵ یاسای رۆژنامەگەریدا، بۆیە داوای هەموارکردنەوەیان دەکرد.

دەستوور زانیویەتی جگە لەو ئاڕاستەیەی ناو پارتی، ئاڕاستەیەکی تریش لەحکومەتو پەرلەماندا هەیە، کە کار بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە دەکەن، بەڵام روون نییە دەیانەوێت لە چ لایەنێکەوە هەمواری بکەنەوە.

ئازا حەسیب وتی "تەنها ئێمەنین داوای هەموارکردنەوەی دەکەین، لەماوەی رابردوودا دەیان کۆنفرانسو مێزگردو سیمینار کراون، لەوبارەیەوە".

لەساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا، لەئەشکەوتی جاسەنە، بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت لەوتارێکدا ئەوەی راگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە بەیاسای رۆژنامەگەریدا بچنەوە.

لەماوەکانی رابردوودا زۆرترین توندوتیژیو پێشێلکاری بەپێی ئامارەکانی سەندیکاو رێکخراوەکانی بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە، زۆرترین رەخنەش لەلایەن بەرپرسانو سیاسەتمەدارانەوە دژی بابەتە رۆژنامەوانییەکانو راکێشانی رۆژنامەنووسان رووەو دادگا ئەنجامدراوە، داکۆکیکاران لەئازادییە رۆژنامەوانییەکانیش دەڵێن نە حکومەت یاساکەی جێبەجێکردووە، نە رۆژنامەنووسانیش توانیویانە مامەڵە بەتەواوی لەگەڵ یاساکەدا بکەن.

زیرەک کەمال راوێژکاری سیاسی سەرۆکی حکومەت، دەڵێت "یاساکە تائێستا بەپێی پێویست کاری پێنەکراوە، بەشێک لەبەرپرسانی دەوڵەتو رۆژنامەنووسان پابەندی ئەو یاسایە نابن".

زیرەک وتی "لەبەرئەوەی ئەم یاسایە دەقێکی ئاینی نییە زۆر مەسەلەیەکی ئاساییە ئەگەر لیژنەیەک پێکبهێنرێت هەر لەرۆژنامەنووسان خۆیان، پرۆژەیەک ئامادەبکەن بۆ هەموارکردنەوەی، بەمەرجێک رێگرنەبن لەبەردەم ئازادی رۆژنامەنووسی".

بەڕای حکومەتی هەرێم چەند هۆکارێک بوونەتەهۆی هەموارکردنەوە یاساکە، زیرەک وتی "فەوزایەک هاتووەتە ناو دونیای رۆژنامەنووسی کە پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە، وای لێهاتووە رۆژنامەنووسی باشو خراپ تێکەڵ بن، هۆکارێکی تر ئەوەیە یاساکە بەپێی پێویست لەسەر زەمینی واقع کاری پێناکرێت".

دکتۆر سامان فەوزی مامۆستای یاسای راگەیاندن وتی "یاسای رۆژنامەگەری ئەگەرچی لەرووی بنەما بنەڕەتییەکانیەوە کاری باشی تێدایە ئاکارەکانی ئازادی رۆژنامەنووسی فراوانکردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێک بڕگەو ماددەی تێدایە کە لەگەڵ ئازادی رۆژنامەنووسی یەکناگرێتەوە، هەندێک هەڵەو کەموکوڕی تێدایە".

سامان فەوزی وتی "هەندێکجار ترسی ئەوەم هەیە کە هەموارکردنەوەکە بۆ ئەو مەبەستە بێت، کۆدەکانی سەر ئازادی رۆژنامەنووسی زیاد بکرێت".

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای بەشی راگەیاندن پێیوایە ئاڕاستەیەکی تر هەیە، کە خودی بەشێک لەرۆژنامەنووسان، "ئەوان دەیانەوێت ئەگەر هەموارکرایەوە ئەو کەندو کەلێنە یاساییانەی کە هەیە پڕبکرێتەوە".

هەڤاڵ ئەبوبەکر وتی "هێشتا زەمینەی جێبەجێکردنی وایلێنەهاتووە تا رۆژنامەنوسان لەهەموو شتێکی بگەن، هێشتا مافی گەیشتن بەزانیارییەکان دەستەبەرنەبووەو لێپێچینەوەی پێویست لەگەڵ ئەو کەسانە نەکراوە کە ئازاری رۆژنامەنووسان دەدەن".

ئەنوەر حسێن ئەندامی ئەنجومەنی راگەیاندنی یەکێتی بەدەستووری وت "بڕوام وانییە ئەو هەوڵانەی دەدرێن بە بەرنامە بۆ داڕێژراوبێت لەلایەن هێزێکی سیاسییەوە، بەڵام لەوانەیە چەندین کەس هەبن تەنانەت لەناو سەندیکای رۆژنامەنووسان پێی باش بێت جۆرێک لەبەرتەسککردنەوەی ئازادی سیاسیو راگەیاندن بکرێت".

ئاسۆ کەریم پەرلەمانتاری کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە جاروبار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەپەرلەماندا باس لەوەدەکرێت هەموارکردنەوەیەک بۆ یاساکە بکرێت.

ئاسۆ کەریم وتی "پێموایە ئەو یاسایە دەبێت هەمواربکرێتەوە، لەبەرئەوەی کەموکورتی زۆری تێدایە".

ئاسۆس هەردی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە بەدەستووری وت "لەوە دەچێت لەکوردستاندا یاسا هەمواربکرێت یان نەکرێت هەبێت یان نەبێت هیچ جیاوازییەکی نەبێت، چونکە یاسایەکمان هەیە گرەتنی رۆژنامەنووس قەدەغەدەکات، کەچی رۆژانەش رۆژنامەنووس دەگیرێتو دەدرێتە بەرشەقو لێپێچینەوە لەکەس ناکرێت".

ئاسۆس هەروەها وتی "گەشبین نیم بەدەستپێشخەرییەک کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی لەپشتەوەبن، چونکە بەئەزمونی ساڵانی رابردوومان بینومانە ئەم بەڕێزانە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە سنووری ئازادی بیروڕادەربڕین بەرتەسکبکەنەوە".



# تۆمەتی "کوشتنو گەندەڵیو خۆفرۆشتن" دەدەنە پاڵ یەک

## سەرکردەکانی هەردوو باڵی زەحمەتکێشان، هەڕەشەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان لەیەکتردەکەن

شۆڕش خالیدو دوێن هاشم

**هەردوو باڵەکەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی یەکترو گەندەڵیو خۆفرۆشتن دەدەنەپاڵ یەکترو هەڕەشەی ئاشکراکردنی مێژووی یەکتر دەکەن. هەریەکە لەقادر عەزیزو سەعد خالید لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووردا، تۆمەتی هەوڵدان بۆ "کوشتن"ی یەکترو "گەندەڵ"یو "خۆفرۆشتن"و تواندنەوەی زەحمەتکێشان دەدەنە پاڵ یەکترو هەڕەشەی هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکان لەیەکتر دەکەن.**

**دەستوور:** ماوەیەک لەمەوبەر دادگا بڕیاریدا ئێوە بێبەری بکات لەبەکارهێنانی ناوی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئێوەش هەوڵی تەمیزی داواکە دەدەن، ئەوە بەکوێ گەیشت؟

**قادر عەزیز:** بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی بێبەریکردنی ئێمە نییە لەحیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەڵکو بڕیارێکی سەرەتاییەو بەقازانجی ئەو باڵەی کە جیاکراونەتەوە، دوا بڕیاری یەکلاییکەرەوە لەدادگای پیداچوونەوە دەبێت، بۆیە ئێمە دوو مافی تری یاساییمان لەبەردەمدا ماوە، مافی تێهەڵچوونەوە (ئیستیئناف)و مافی پیداچوونەوە (تەمیز)، چاوەڕوانی دوابڕیارین.

**دەستوور:** هەستدەکەن لایەنێکی سیاسی دەستوەردەداتە کاری دادگاییەکە؟

**قادر عەزیز:** بێگومان دادگا لەکوردستاندا سەربەخۆ نییە، بەتایبەت لەمەسەلەی ئێمەدا، هەر لەسەرەتاوە قوتکردنەوەی ئەو باڵەو زەوتکردنی ناوی زەحمەتکێشانو پێدانی تەواوی بودجەکە بەوانو کۆنگرە گرتن بۆیانو دەستێوەردانی وەزیری ناوخۆ لەقازانجی ئەوان، تەنانەت ئەو بڕیارەی دادگای بەرایی سلێمانیش هیچ لەدەستێوەردانی دەسەڵات بەدەرنەبووە، چونکە دەمێکە دەسەڵات وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی زەحمەتکێشان دژ بەگەندەڵیو ناعەدالەتی....هتد، دەیانەوێت زەحمەتکێشانێکی کارتۆنیو پاشکۆ لەبەرامبەر ئێمەدا قوتبکەنەوە، پێشتریش هەوڵی لەوجۆرەیاندا، بەڵام سەرینەگرت، ئەمجارەش هەر سەرناگرێت.

**دەستوور:** باڵی جیابووەوەی زەحمەتکێشان، دەڵێن بەپێی یاسا ئێمە خاوەنی حیزبەکەینو دەڵێن هەرچی مومتەلەکاتی حیزب هەیە دەبێت بۆ ئێمە بێت، لەوانە (ڕۆژنامە، تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، چاپخانەکە)؟

**قادر عەزیز:** وەک لەپێشدا ئاماژەمپێکرد ئەو بڕیارەی دادگای بەرایی ئەگەرچی بەقازانجی ئەوانە، بەڵام بڕیاری کۆتاییو یەکلاکەرەوەنییە، سەیریشە ئەوان باس لەیاساو دادگا بکەن، خۆ زیاتر لەساڵێکە یاساو دادگا ناوەکەی نەدابوو بەئەوان، کەچی ئەوان بەبڕیاری دەسەڵات ناوەکەیان هەڵگرتبوو، سەبارەت بەمومتەلەکاتیش ئێمە شتێکمان نییە ئەوان بیبەن، بودجەیەکو بارەگایەکی هەولێرمان هەبوو، ئەویش ڕۆژێک دوای جیاکردنەوەیان دەسەڵات دای بەئەوان، بەڕاستی ئەو برادەرانە جێگەی بەزەیین، دوای ئەوهەمووساڵە خەباتو تێکۆشانو هەڵوێستی چەپو شۆڕشگێڕیو بەگژداچوونەوەی ناعەدالەتییەکانی دەسەڵات، کەچی ئێستا شانازی بەوەدەکەن کە زەحمەتکێشان بۆ دەسەڵات لەناودەبەن، ئەمانە جێگەی بەزەیی پیاداهاتنەوەن، خەڵکانێک دوای ئەو هەموو خەباتە بەم زەلیلییە تەسلیمی دەسەڵاتێک ببێت کە تادوێنێ باسی گەندەڵیو ناعەدالەتییان دەکرد، بڕواناکەم ئیمتیازاتو پارەوخۆشی ژیان کە ماوەیەکی کەمە ئەوەندە بهێنێت کە شۆڕشگێڕان خۆیان لەپێناودا بفرۆشن، بۆیە جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە ئەوان ئەگەر لەناوبردنی زەحمەتکێشانو چوونە باوەشی دەسەڵات بەسەرکەوتن بۆ خۆیان بزانن، ئەوە جێگەی بەزەیی پیاداهاتنەوەنو هیچ لەمێژوو تێنەگەیشتوون.

**دەستوور:** دەوترێت باڵی مەکتەبی سیاسی لەلایەنێکەوە دەعمێکی مادی باشدەکرێنو بەو پشتگیریکردنەش ئەو جیابوونەوەیان (ئینشقاق) دروستکرد؟

**قادر عەزیز:** بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەسەڵات بۆ جیاکردنەوەی ئەوان کردی، پێشتر بۆ هیچ لایەنو گروپێکی تری نەکردووە، چونکە ئەوان بەو پیلانەیان گورزێکی گەورەیان لەحیزبی زەحمەتکێشانداو خزمەتێکی گەورەیان بەدەسەڵاتکرد، ئەوان ١٤ مانگە زیاتر لەشەش ملیار دیناریان داونەتێ، دەپرسم ئەو ملیارانە لەڕاهی خودا وەرنەگیراوە، بەڵکو لەپاداشتی ئەو خزمەتە زەلیلانە وەرگیراوە کە بەدەسەڵاتیان کرد.

**دەستور:** ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی تیرۆرکردنی بەڕێزتان بڵاوکرایەوە، پێتانوایە ئەوهەوڵەش هەر لەچوارچێوەی کێشەکەی ناو حیزبەکەتان بێت؟

**قادر عەزیز:** بەدڵنیاییەوە لەئەمەشیاندا دەستی ئەوانی تێدایە، سەبارەت بەم مەسەلەیەش بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم وەزیری داد بۆ لێکۆڵینەوە راسپێردراوە، بەڵام بڕواناکەم هیچ لەگەڵ ئەواندا بکرێت.


قادر عەزیز

### قادر عەزیز:
### ئەو برادەرانە جێگەی بەزەیین، شانازی بەوەدەکەن کە زەحمەتکێشان بۆ دەسەڵات لەناودەبەن.


سەعد خالید

### سەعد خالید:
### ئەگەر پێویست بکات ئاشکرای دەکەین لەمێژووی زەحمەتکێشاندا کێ پلانو هەوڵی کوشتنی یەکتری داوە.

**دەستوور:** کاک سەعد ئەگەر کاک قادر دوای تەمیزکردنەوەی بڕیارەکەی دادگا، هەڵوێستی تریان هەبێت، لەوانە تەسلیمنەکردنەوەی زەحمەتکێشان ئێوە چی دەکەن؟

**سەعد خالید:** من نازانم هەڵوێستی چی دەبێت؟ هەرچەندە پێشوەخت تۆمەت خستنەپاڵ دادگا دەبێت، لەوەش بەدەر ئەگەر لەمەودا قادر عەزیز پێداگری لەسەر خاوەندارێتی زەحمەتکێشان بکات بۆ خۆی خراپە، پێویستە ئەو بەبڕیارەکان رازی بێتو دان بەبڕیاری دادگا دابنێت، ئەو ئەگەر بیەوێت لەئایندەدا خۆی راستبکاتەوە چاکتروایە بەخۆیدا بچێتەوەو لەرابردوو رابمێنێو لەهۆکارەکانی گەیشتنی بەئێستای بکۆڵێتەوە.

**دەستوور:** جگە لەلۆگۆو ڕۆژنامەکە، داوای چاپخانەکەشتان کردووە، ئەوە موڵکی خۆیەتی یا هی زەحمەتکێشانە؟

**سەعد خالید:** چاپخانەکە موڵکی حیزبە تاوەکو ئێستاش چاوەڕوانی بڕیارەکەی دادگابووینو مافی خۆمانە هەرچییەک هی حیزب بێت وەریبگرینەوە، دەشبێ لەماوەی رابردوودا ئەوەی بەناوی زەحمەتکێشانەوە کراوە، بۆمان قەرەبووبکرێتەوە.

**دەستور:** قادر عەزیز بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت ئێوە پارتی هانیداون ئەو کارەبکەن؟

**سەعد خالید:** تۆمەتەکانی تۆمەتی نوێ نین لەکاتژمێری یەکەم کە ئەو ئیجرائاتی لەگەڵ کرا دەستیکردووە بەتۆمەت هەڵبەستن بۆ ئێمە، ئەوەی ئەو دەیڵێت بۆ شاردنەوەی راستییەکانو شکستو کەموکوڕیو پێشێلکاریو فەشەلەکانی خۆیەتی، کە وەک سکرتێرێک ئەگەر فریا نەکەوتباین، کەس نەیدەزانی ئەو حیزبە ئێستا لەکوێ دەبوو، تۆمەت هەڵبەستن زۆر ئاسانە، ئەوەی ئێمە بەوە تۆمەتباردەکات دەستمان لەگەڵ پارتی تێکەڵ کردووە، ئەو شتە ئەمرۆش نا سبەی ڕووندەبێتەوە، بەڵام دەپرسین ئەی ئەو نەبوو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەیووت یەکێتیو پارتی گەندەڵنو سەدان قسەی لەسەرکردنو وەک ئۆپۆزیسیۆن وتاری ئاگرینی لەسەتەلایتەکانی سپێدەو جەماوەرو کۆمەڵ دەدا، دواتر لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا، چونکە بەڵێنی ئەوەی وەرگرتبوو کە بەشداری حکومەتی پێدەکەن ئاڕاستەی هەڵوێستەکانی گۆڕیو لیستی خزمەتگوزاری هەڵوەشاندەوە؟

**دەستوور:** دەستوور لەزاری قادر عەزیز بڵاویکردەوە کە ئێوە پارەیەکی زۆرتان وەرگرتووە لەدەسەڵات؟

**سەعد خالید:** ئێمە بودجەی حیزب وەردەگرین ئەوە ئاشکرایە، پێچەوانەی قادر عەزیز ئێمە هەموو داهاتمان ئاشکرا دەکەینو کێ دەیەوێت ئێمە خەرجیەکانمانی پێ نیشان دەدەین، ئێمەنین بودجە لەژێرسەری خۆمان دادەنێینو ناهێڵین کەس بزانێت کە دینارێکی چۆن خەرجکراوە، تائێستا نەمانویستووە ئەوە بڵێین کە قادرعزیز نەیهێشتووە تەنانەت ئێمەش بزانین دینارێکی ئەو حیزبە چۆن خەرجکراوە، قادر عەزیز دوای دوو ساڵ دەفتەرێکی ٣٠پەڕی بەناوی دەفتەری سەرفیاتی حیزب خستە بەردەستی مەکتەبی سیاسی، کە سەیرمانکرد لەماوەی دووساڵدا قادر عەزیز حەوت سەد هەزار دۆلاری لەپارەی حیزب بەبێ ئاگاداری هیچ سەرکردایەتییەک سەرفکردبوو، بۆ خۆی.

**دەستوور:** ئەو باسی ئەوەدەکات کە ئێوە دوای ئەو هەموو خەباتە تەسلیمی دەسەڵات بوونو دەڵێت پارە ئەوەندە ناهێنێت کە شۆڕشگێڕان خۆیان لەپێناودا بفرۆشن؟

**سەعد خالید:** بەبڕوای من خۆفرۆش ئەو کەسەیە کە بچێت بەتایبەتو بۆ خۆیو بەبێ ئاگاداری دەزگاکانی حیزبو بەدزییەوە پارە وەربگرێت، ئەو تۆمەتانەی ئەو سەیرە، ئەگەر بەعس بمایە پێیدەوتین نامەیان بۆ قوسەی نوسیووە، لەماوەی ساڵی رابردوودا دەیان کەسی ناردووە بۆ ئەوەی لێکنزیکبینەوە تەنانەت ئاشتبینەوەو تێکەڵیش بینەوە، من دەپرسم ئەگەر ئێمە دزین ئەگەر سیخوڕین بۆچی خەڵک رادەسپێرێت تێکەڵبینەوە؟

**دەستوور:** پێشتر بڵاوکرایەوە کە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوەو ئێوەش تێیدا تۆمەتباردەکرێن، کە پێشنیازتان کردووە لەکۆیە کۆببنەوە بۆ لێکنزیکبوونەوەو لەکۆیە تیرۆربکرێت؟

**سەعد خالید:** قادر عەزیز بەدوو شێوە باسی ئەو سیناریۆیەی کردووە لەجێگایەک دەڵێت نامەم بۆ سەرۆکی هەرێم ناردووە کە لەوێدا ناوی منی هێناوە کە گوایە ئێمە ئەومان ئاگادارکردووەتەوە کە هەڕەشەی پارتی لەسەرە لەشوێنێکی تر لەڕۆژنامەی چاودێر سیناریۆیەکەی بەوشێوەیە گێڕاوەتەوە کە تۆ کردووتە بەپرسیار، سەیری نێوانی ئەو دوو سیناریۆیە بکە کە چەند لەیەکتر دوورن، ئەوە لەئێمە ناوەشێتەوە، ئەگەر پێویست بکات ئاشکرای دەکەین لەمێژووی زەحمەتکێشاندا کێ کاری وایکردووە.

# بڕیارە بارزانی نوێنەرێکی رەوانەی گەرمیان بکات

## ٥٢٨ ئەندامی قوتابیانی پارتی، هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە دەکەن

ئاوارە محەمەد لەگەرمیان

یەکێتی قوتابیانی پارتی، تووشی کێشەیەکی گەورەی نێوخۆیی بووە، لەسنووری گەرمیانی ئەو ڕێکخراوەش ٥٢٨ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە دەکەن، ئەگەر لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا مەسعود بارزانی وەڵامی نامەکەیان نەداتەوە، بارزانیش تووندوتیژی تێکەوت، بەراکێشانی میلی دەمانچەو دروستبوونی ئاژاوە کۆنفرانسەکە کۆتاییهات، بەڵام نارەزاییەکی زۆر لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دروستبوو، بەوەی بەرپرسانی پارتی لەناوچەکەو سکرتێری ڕێکخراوەکە، پشتگیریان لەچەند کاندیدێکی دیاریکراوی خۆیان دەکرد.

سەرچاوەیەک لەنێو کوتلە دەرنەچووەکەی قوتابیانی گەرمیان، بەدەستووری وت "تاچەند ڕۆژێکی تر چاوەڕوانی ئەنجامی نووسراوەکەمان دەکەین، ئەگەربێتو وەڵام نەدرێینەوە، ئەوا هەڵوێستی خۆیان رادەگەیەنینو بێگومان لەدەستلەکارکێشانەوە زیاتر هێچی تر نابێت".

بەیاننامەکە بەنوێنەرایەتی ٥٢٨ کادر دەرکراوە، کە لەسنووری دەربەندیخان ١٣٧ ئەندامو لەکفری ١٧٤و لەباوەنور ٦٨ ئەندامو لەناحیەی رزگاری ٩٦و لەکەلاریش ٥٣، ئەندامو کادری یەکێتی قوتابیانن.

ئەو سەرچاوە کە نەیویست ناوی بهێنرێت وتی "ئێمە دەمانەوێت هەڵبژاردن دووبارەبکرێتەوە، بەبێ دەستتێوەردانی حیزبیو دەمانچە هەڵکێشانو پارە بەخشینەوە".

هەروەها وتی "ئەگەر کاک مەسعود وەڵاممان نەداتەوە، ئەوا هەموومان دەستلەکاردەکێشینەوە".

فریاد فەقێ عەلی - لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی گەرمیانی پارتی، لەوبارەیەوە بەدەستووری راگەیاند "دەستتێوەردان نەبووەو بۆ خۆیانمان بەجێهێشتووە، بەڵام ئەوە سروشتی هەڵبژاردنە لایەنێک دەردەچێو لایەنێکی دی دەرناچێ، لایەنی دووەم ئەنجام قبوڵناکات". هەروەها وتی "ئەو یاداشتە بەئێمەش گەیشتووە، لیژنەیەکمان لەلقی ٢٢ گەرمیانی پارتی دروستکردووەو هەردوولامان بینیوەو قسەمان لەگەڵیان کردووەو ئەوانیش پەیمانیان داوە کەپابەندی ئەنجامەکان بن". بەڵام نەیشاردەوە لەکۆنفرانسەکەدا گرژی دروستبووەو وتی "ئێمە کۆنترۆڵمان کردووەو نەمانهێشتووە تەشەنەبکات".

دەستوور لەسەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە، زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کە مەسعود بارزانی لەو گرژییانەی نێو یەکێتی قوتابیان لەسنووری گەرمیان نیگەران بووەو بڕیارە لەم چەند ڕۆژەدا نوێنەرێکی رەوانەی گەرمیان بکات.

www.arsivakurd.org

# سالانە نزیکەی هەشت ملیار دینار دەدرێتە پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان

## بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق: ئێستا لەوەزارەتی داراییەوە هەوڵدەدرێت چاو بەسیستمی مووچەدا بخشێنرێتەوە

زانیار محەمەد



ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوادەکەن مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران کەمبکرێتەوە، بەرپرسانی حکومەتیش سەرەڕای هاودەنگیان، بەڵام پاساوی جیاجیا دەهێننەوە بۆ دەستکارینەکردنی سیستمی مووچەو کەمکردنەوەی ئەو مووچەیە.

بەپێی یاسا هەر پەرلەمانتارێک کە خانەنشیندەکرێت، لە٨٠٪ی دوا مووچەی وەک مووچەی خانەنشینی پێدەدرێت، بەو پێیەی پەرلەمانتارەکانی هەرێمی کوردستان مانگانە هەشت ملیۆن دینار وەردەگرن، ئەوا بەپێی ئەو یاسایە، مووچەی خانەنشینییەکەیان دەگاتە ٦ ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێک، کەواتە مانگانە ٦٦٦ ملیۆن دیناری هەرێمی کوردستان دەچێت بۆ مووچەی ١١١ پەرلەمانتاری خانەنشینو سالانەش دەکاتە ٧ ملیارو ٩٩٢ ملیۆن دینار.

هاوکات بەو پێیەی پەرلەمانتارێک مانگانە ٨ ملیۆن دینار وەردەگرێت، ئەوا مانگانە ٨٨٨ ملیۆن دینار دەدرێت بە ١١١ پەرلەمانتارو سالانەش دەکاتە ١٠ ملیارو ٦٥٦ ملیۆن دینار، هەر پەرلەمانتارێکیش سالانە ٩٦ ملیۆن دینار وەردەگرێت، ئەوە لەکاتێکدا لەکۆی ١٢ مانگ، پەرلەمان ٤ مانگ پشووی هەیە.

بەو پێیەش بەشێکی زۆری بودجەی سالانەی هەرێمی کوردستان دەدرێت بەپەرلەمانتارانو پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان، ئەوەش پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر تێکڕای بودجەی سالانەی هەرێمی کوردستان دروستدەکات، هاوکات پەرلەمانتارێک بەچوار ساڵی پەرلەمانتاری خانەنشین دەکرێت، بەڵام بۆ فەرمانبەرێکی ئاسایی دەبێت لە١٥ ساڵ زیاتر خزمەتی هەبێت، ئەوکاتە خانەنشیندەکرێت.

محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە فەرمانبەرانی ئاسایی لەسەروو ١٥ ساڵەوە خانەنشیندەکرێت، بەڵام پلە تایبەتەکانی وەک وەزیرو پەرلەمانتاران کاتیان بۆ دیارینەکراوە.

هەروەها وتی پلە تایبەتەکان کاتێک خانەنشین دەکرێن، لە٨٠٪ی مووچە ڕەسمییەکەیان پێدەدرێت، بەڵام فەرمانبەرانی ئاسایی لەو ڕێژەیە کەمترەو بەپێی یاساکانی وەزارەتی دارایی مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت.

پسپۆڕانی ئابووری ڕەخنەی توند ئاڕاستەی سیستمی مووچە دەکەن بەهۆی جیاوازی بەرفراوان لەنێوان ئاستەکانی مووچەدا، بەتایبەت وەزیرو پەرلەمانتاران لەگەڵ فەرمانبەرانی تازە دامەزراو.

هەندێک لەپسپۆڕان پێیانوایە ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوامبێت، چوار ساڵ جارێک ١١١ ئەندام پەرلەمان خانەنشین بکرێن بەمووچەیەکی زۆر، ئەوا بەجۆرێکی لێدێت کە بەشێکی زۆری بودجەی سالانەی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران دەڕوات. ماوەیەکە کۆمەڵێک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی یاداشتێکیان خستووەتە بەردەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارو پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان.

ئارام جەمال بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن لەلێدوانێکدا بەدەستووری ڕاگەیاند قسەیان لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کردووە، وتی "دەمانەوێت دواتر بکرێت بەپرۆژە یاسا، یان گۆڕانکاری لەیاسای سیستمی مووچەدا بکرێت". ئەوەشی وت کە ئێستا ئەگەر پەرلەمانتارێک تەمەنی ٢٥ ساڵێک بێت، ئەوا لە٢٩ ساڵیدا خانەنشین دەکرێت، ئەوەش وادەکات لەماوەیەکی کەمدا لەشکرێک پەرلەمانتاری گەنجی خانەنشین هەبێت.

ئارێز عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری خانەنشین بۆ دەستوور دەڵێت زۆریی مووچەی پەرلەمانتارە خانەنشینەکان، پەیوەندیی بەزۆری مووچەکەیانەوە هەیە لەکاتی پەرلەمانتاریدا، "بۆیە دەبێت مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکان کەمبکرێتەوە، بۆئەوەی لەکاتی خانەنشینبوونیاندا ئەو مووچە زۆرە وەرنەگرن".

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی کوردستان کە وەک خۆی دەڵێت لەکاتی پێشنیازکردنی زیادکردنی مووچەی پەرلەمانتاراندا ئەو دژی ئەو پێشنیازە بووە، وتی "دەبێت کۆی سیستمی مووچە دەستکاری بکرێت، چونکە بەکەمکردنەوەی ڕێژەی مووچە، ئەوا ڕێژەی مووچەی خانەنشینیش کەمدەبێتەوە".

پرۆفیسۆر وشیار مەعروف پسپۆڕی ئابووری پێیوابوو دەبێت پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک وڵاتی ئوردنی لێبێت، مووچەی خانەنشینیی وەزیرو پەرلەمانتاران کەمبکرێتەوە، چونکە ٤٠٪ی بودجەی سالانەی ئوردن دەدرێت بەخانەنشینیی پەرلەمانتارو وەزیر.

بەڵام ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کە سیستمی مووچە لەهەرێمی کوردستاندا، بەپێی سیاسەتی حکومەتی عێراقییە، لەدیاریکردنی مووچەکەشدا پلەی وەزیفیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو زانستیو خزمەتو بڕوانامە لەبەرچاوگیراوە.

ڕەشید تاهیر دانی بەوەدانا کە ئەو جیاوازییەی لەئاستەکانی مووچەدا هەیە زۆرە، وتی "ئەوەش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی هەیە لەسەر گوزەرانیان".

فازیل نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکرایکرد کە بەرزیی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیران کێشەی هەموو عێراقە، وتی "ئێستا لەوەزارەتی داراییەوە هەوڵدەدرێت چاو بەسیستمی مووچەدا بخشێنرێتەوە".

لەگەڵئەوەی زۆرێک لەپسپۆڕانی ئابووریو تەنانەت خودی پەرلەمانتارانیش ئاماژە بەوەدەدەن کە مووچەی پەرلەمانتاران چ لەکاتی کارکردنو چ لەکاتی خانەنشینی زۆرە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک لەیاسای مووچەو خانەنشینیدا نەکراوە.

ڕەشید تاهیر پێیوایە دۆخی ئابووریی عێراق ناجێگیرە، بۆیە ناتوانرێت گۆڕانکاری لەسیستمی مووچەدا بکرێت، "چونکە گۆڕانکاری لەسیستمی مووچەدا، کاتێک دەکرێت، کە باری ئابووری جێگیر بێت"، ناوبراو ئەو بەرزو نزمییەی نرخی دینار لەبازاڕدا بەخۆیەوە دەبینێت، وەک نمونەی ناجێگیری باری ئابووری هێنایەوە.

فازیل نەبی وتی "دەبێت گۆڕانکاری لەمووچەی هەموو فەرمانبەران بکرێت، نەک تەنیا پەرلەمانتاران، یان وەزیرەکان".

# دەسەڵات بە چ پێوەرێك بودجەو پۆست دەدات؟

## "ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ حیزبی دەسەڵات باشبێت، ئەوا بودجەکەشت باشترە"

گۆران وەهاب

بەشێک لەحیزبەکانی کوردستان دەڵێن ئەوەندەی سۆز بۆ دەسەڵات، کراوەتە پێوەر بۆ وەرگرتنی بودجەو پێدانی پۆست لەحکومەتدا، ڕێژەی دەنگو جەماوەرو مێژووی حیزبەکان نەکراوەتە پێوەر.

**بزووتنەوەی ئیسلامی: لەحکومەتینو مەغدورین**

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنن کە ئەوان مەغدورترین حیزبی نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن، چونکە بودجەیەکی کەمتریان لەکۆی بودجەی حیزبەکانی تر پێدەدرێت.

ئەو حیزبە کە خاوەنی ٢ کورسی پەرلەمانی کوردستانە، مانگانە بڕی ٨٠ ملیۆن دینار لەحکومەت وەردەگرن، ئاماژە بەوەشدەدەن حیزب هەیە لەئەوان جەماوەری کەمترەو ڕێژەی دەنگو کورسی کەمترە، بەڵام بودجەیەکی زیاتریان هەیە.

د.ئەحمەد وەرتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کە حیزبەکەی بەشداری لەحکومەتدا کردووەو وەزیرێکیان پێدراوە، وتی "پێدانی ئەو پارەیە بەحیزبەکان ناعەدالەتییە". هەروەها وتی "هیچ پێوەرێک بۆ پێدانی بودجەی حیزبەکان نییە، ناحەقییەکی زۆر بەرامبەر لایەنەکان دەکرێت".

وەرتی دەڵێت حیزب هەیە یەک کورسی هەیەو زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت، حیزبیش هەیە هیچ کورسییەکی نییەو بودجەکەی پێنج هێندەی بزووتنەوەیە.

بزووتنەوە داوادەکات یاسایەک بۆ ڕێکخستنی بودجە هەبێتو پەلەبکرێت لەدەرکردنی، بەڵام "بەشێوەیەک نەبێت کەملکەچ بێت بۆ میزاجی حکومەتو حیزبە گەورەکان".

بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی ٣/٧ی ئەمساڵدا کە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا بەشداری هەڵبژاردنیکرد لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم، هەموو کاندیدەکانی ئەو حیزبە تەنها ٥٦٨٣ دەنگیان بەدەستهێنا.

وەرتی وتی "لەحکومەتیشدا بەشداربووین کەچی کەمترین بودجەمان پێدەدرێت".

**شیوعی: پۆستو بودجە هەمووی بۆ خۆم**

حیزبی شیوعی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ساڵی پاردا کە لەگەڵ ٦ حیزبی تری چەپدا بەشداری هەڵبژاردنیانکرد، بووە خاوەنی کورسییەکی پەرلەمان.

ئەو حیزبە لەکۆی حیزبەکانی تر بودجەی زیاتری پێدەدرێت، لەبەشداریکردنیشی لەحکومەتدا دوای یەکێتیو پارتی سوودمەندترین حیزبە لەوەرگرتنی پۆستە حکومییەکاندا.

ئەو حیزبە ئەگەرچی چەندین جار ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرا کە تەسلیمی دەسەڵات بووە، بەڵام ئەوان دەڵێن مێژووی حیزبەکانو خەباتی شاخ نابێت لەپێدانی بودجەدا فەرامۆشبکرێت.

حیزبی شیوعی کوردستان، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، جگە لەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانو وتەبێژی حکومەتی هەرێم، پۆستی ڕاوێژکارێکی سەرۆکی حکومەتیان هەیە، بڕیارە پۆستی ئەمینداری ئەنجومەنی خانمانی حکومەتی هەرێمیشی پێبدرێت کە بەپلەی وەزیرە.

لەهەڵبژاردنەکانی ٣/٧ی ئەمساڵدا لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێمدا، ئەو حیزبە تەنها ١٠٧٨٢ دەنگی بەدەستهێناو لەپەرلەمانی عێراقدا نەیتوانی ببێتە خاوەنی کورسی، مانگانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڕی ٥٨٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت.

ئەبو تارا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە وتی "دەسەڵات بەپێوەری مێژوویی حیزبەکانو بەژمارەی لایەنگرانیانو ڕۆڵی ئەو حیزبانەو بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەبەرامبەر ئەو حیزبانەدا بودجەیان بۆ دیاریکردوون". ڕاشیگەیاند ئەمڕۆ یان سبەی کە حیزبێک دروستببێت خۆ نابێت مێژووی تێکۆشانی ئەحزابی تر لەبیر بکرێت.

**سۆسیالیست، ١٠ هەزار دەنگو دوو کورسیو وەزارەتێکو ٣٥٠ ملیۆن**

حیزبی سۆسیالیست دوو کورسی لەپەرلەمانی کوردستاندا هەیە، لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقیشدا کاندیدەکانی تەنها ١٠٦٢٠ دەنگی لەسێ پارێزگاکەی هەرێمدا بەدەستهێنا، بەشدارە لەحکومەتو مانگانەش بڕی ٣٥٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت.

عەبدوڵڵای حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیست وتی "ئەو بودجەیەی تائێستا بەحیزبەکان دراوە بەهەندێک پێوەربووە، کە دەسەڵات خۆیان دیاریانکردووە".

لەگەڵئەوەی ئەو حیزبە لەدوایین هەڵبژاردندا تەنها ١٠٦٢٠ دەنگی هێنا، بەڵام عەبدوڵڵای حاجی مەحمود وتی "پێوەرەکانی پێدانی بودجە یەکسان نەبووە".

**کۆمەڵ: لەدەسەڵات نزیکبە، بودجەکەت باشە**

کۆمەڵی ئیسلامی کە ئێستا خاوەنی چوار کورسی پەرلەمانی کوردستانەو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم ١٤٤٩٩٦ دەنگی بەدەستهێناو بووە خاوەنی دوو کورسی پەرلەمان، مانگانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ٣٥٠ ملیۆن دیناریان پێدەدرێت، بەقەد بودجەی سۆسیالیست.

زانا ڕۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێت ئەو بودجەیەی تائێستا بەحیزبەکان دراوە لەسەر هیچ پێوەرێک نەبووە، وتی "پێدانی بودجەکە تەنها لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندیانە بووە کە حیزب لەگەڵ حکومەت هەیەتی". زانا وتی "تاحیزب پەیوەندی لەگەڵ ئەوان باشتربووبێت بودجەکەی باشتربووە، کاتێکیش بۆچوونی جیاوازی هەبووە، کاریکردووەتە سەر پەیوەندییەکانو کاریگەریشی لەسەر بودجەی حیزب هەبووە".

**یەکگرتوو، ٦ کورسیو ٤٥٠ ملیۆن**

یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا، بوو بەخاوەنی شەش کورسی پەرلەمانی کوردستانو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا چوار کورسی بەدەستهێنا، لەلایەن حکومەتەوە مانگانە بڕی ٤٥٠ ملیۆن دیناریان پێدەدرێت.

محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە وتی "نازانین حکومەت بەپێی چ پێوەرو لەسەر چ بنەمایەک بودجەی حیزبەکان دەدات دیاریش نییە کە ئایا بەپێی بەشداریکردنە لەحکومەت یان نا؟".

**گۆڕان، ٢٥ کورسیو "یاساش لەم وڵاتە نییە"**

بزووتنەوەی گۆڕان کە خاوەنی ٢٥ کورسی پەرلەمانی کوردستانو ٨ کورسی عێراقن، تائێستا بودجەیان لەلایەن حکومەتەوە پێنەدراوە.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بەدەستووری وت "لەم وڵاتەدا یاسا نییە، ئیتر بە چ پێوەرێک بودجە بۆ حیزبەکان دیاریبکرێت". هەروەها وتی "نازانین وەکو بزووتنەوەی گۆڕان بودجەمان پێدەدرێت یان نا".

**حکومەت: دەسەڵات لای وەزیری داراییە**

سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بەدەستووری وت "هیچ زانیارییەکم لەسەر پێدانی بودجەی حیزبەکان نییە، دەسەڵات دراوە بەوەزارەتی دارایی بۆ ئەو مەبەستە".

محەمەد قەرەداغی وتی "بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پێشتر دەرچووە بۆ پێدانی بودجەی ئەو حیزبانە ئەوان بودجەکەیان پێدەدەن، بەهەمان شێوەی ئەوەی کە لەکۆندا بودجەی حیزبەکان دەدرا".



# "نابێ هیچ هێزێکی سیاسی لەبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەخۆبایی بێت"

## عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی ناوداری کورد بۆ دەستوور

**عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی ناوداری کورد، کە پێشتریش یەکێک بووە لەدامەزرێنەرو سەرکردەکانی یەکێتی، لەچاوپێکەوتنێکدا کە دەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، بڕوای وایە کورد دەتوانێت داخوازییە سەرەکیەکانی لەعێراق بەدیبهێنێتو پۆستی سیادی گەورەش وەربگرێت، بەبێئەوەی هیچیان بکاتە قوربانی ئەوی تریان.**
**لەبارەی کۆنگرەو داهاتووی یەکێتییەوە، عومەر شێخموس پێیوایە یەکێتی لەکۆنگرەدا دەتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات، دەڵێت "گرنگ ئەوەیە کە کۆنگرە نەبێت بەکۆنگرەی تۆڵەسەندن".**
**لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە شێخموس بڕوای وایە سەرەڕای سەرکەوتنەکانی، بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی ببێتە بەدیلی یەکێتیو پارتیو لەسلێمانیدا قەتیسماوە.**


عومەر شێخموس

**سازدانی: وریا حەمە تاهیر**

**دەستوور:** ململانێی هێزە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەردەوامەو لایەنە کوردستانییەکانیش سەنگێکیان هەیە، لەگەڵ شیعە مەزهەبییە پەرگیرکاندا هاوپەیمانی بکرێت، یان لەگەڵ عەلمانییە نەتەوەپەرستەکاندا؟

**عومەر شێخموس:** بەڕای من پێویستە هێزەکانی کوردستان خۆیان بەهیچ لیستێکی تایبەتییەوە نەبەستنەوە، پێوانەی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر لیستێک دەبێ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستان بێت، وەکو مادەی ١٤٠، ناوچە جێناکۆکەکان، یاسای نەوتو سەرچاوە سروشتیەکان، لەگەڵ سیستمی فیدراڵی، دیموکراتی و عیلمانی لەعێراقدا.

هەردوو لیستی عەلاویو شیعەکان لایەنی خراپو باشیان هەیە، لەڕەوشی ئێستادا باشترین چارەسەر حکومەتێکی ئیئتلافی نیشتمانییە لەنێوان هەموو لیستەکاندا، لەناو حکومەتێکی وادا کورد دەتوانێت رۆڵێکی قورسو کاریگەر ببینێت.

**دەستوور:** دوو بۆچوونی جیا هەیە لەسەر داخوازییەکانی کورد، یەکێکیان پێداگیری لەوەرگرتنی پۆستی سیادی دەکاتەوە، ئەویتر دەڵێت جێبەجێکردنی داوا سەرەکییەکان لەنمونەی مادەی ١٤٠، یەکێک لەسیاسییە عێراقیەکانیش پێش ماوەیەک وتی لەو دوو داوایە دەبێت کورد یەکێکیان بکاتە قوربانی؟

**عومەر شێخموس:** من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، کورد دەتوانێت پۆستی سیادی وەربگرێتو داخوازییەکانی تریش جێبەجێ بکرێن، پێویست ناکات هیچ داخوازییەک بکرێتە قوربانی ئەوی تر، سیاسەتکردن خۆی لەگەمەی گفتوگۆدا دەبینێت، رەوشی گەلی کوردستان ئێستا زۆر بەهێزە پێویستە لەگفتوگۆدا هەوڵبدات بەشی زۆری داخوازییەکانی خۆی بەسەر لایەنەکانی تر بسەپێنێت، رەوشیان بەهێزە بە بەراورد لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان.

**دەستوور:** ماوەیەکە قسەی زۆر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی دەکرێت، لەواقیعیشدا ئەوە بەدیدەکرێت

## ئەگەر یەکێتی کۆنگرە نەکاتە کۆنگرەی تۆڵەسەندنەوە، ئەوا دەتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات، بەتایبەتی دیاردەی ناشیرینی تەکەتولو باڵباڵێنە

پارتی، یەکێتی بەهاوسەنگو هاوشانی خۆی نازانێت، دانەنانەوەی کۆسرەت رەسوڵ بەجێگری سەرۆکی هەرێم، وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو پێنەدانی وەزارەتێکی زیاتر لەبەغداد بەیەکێتی، هێرشکردنە سەر شەخسی بەرهەم ساڵح، بەبۆچوونی بەڕێزت هیچ پاساوێک بۆ هێشتنەوەی "رێککەوتننامە ستراتیژییەکە" ماوەتەوە؟

**عومەر شێخموس:** من پاراستنی رێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتی هەروەها رێکخستنی ماڵی کوردو یەک هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەئەرکێکی نیشتیمانیو مێژوویی دەزانم، بۆ چەسپاندنی داخوازییە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان لەناو سیستمی سیاسی عێراقدا، بۆچوونی جیاوازو مشتومڕی دیموکراسیانە لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەشتێکی ئاسایی دەزانم، هەتا گەیشتن بەهەڵوێستێکی یەکگرتوو، هیچ هێزێکی سیاسی لەکوردستان نابێ ئەوەندە کورت بین بێتو لەخۆبایی بێت لەبەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی کوردستانو عێراق، مێژوو زۆر درێژخایەنەو پێویستە ئەو راستیە لەبەر چاوبگرین کە رەنگە لەهەڵبژاردنی ئایندە لەبەرژەوەندی ئەوان تەواو نەبێت، هێزێکی سیاسی تێگەیشتوو خاوەن بەرپرسیارێتی هەردەم بیر لەدواڕۆژ دەکاتەوە بەگوێرەی ئەوە هەڵوێست وەردەگرێتو رەفتار دەکات.

## دەنگەکانی هەولێری گۆڕان، دەنگی نارازیبووانە، نەك دەنگی بەرنامەی سیاسیو فکریان

**دەستوور:** بەو پێیەی بەڕێزت دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بوویت، پێتوایە کۆنگرە گۆڕانکاری جەوهەری بهێنێتە ئاراوە، لەسیاسیەتو دیدگای یەکێتیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی هەرێمو عێراقدا، پێشبینی ئەوە دەکەیت لەبری بەڕێز تاڵەبانی کۆنگرە کەسێکی دیکە بکات بەسکرتێری یەکێتی، یان وەک جارانی پێشوو کۆنگرە جێگەیەکە بۆ ململانێی باڵەکان بۆ دەستکەوتی زیاتر؟ لەکاتێکدا یەکێتی کێشەی قوڵو ئاڵۆزی بۆ کۆنگرە هەڵگرتووەو هەوادارانی ئومێدێکی زۆریان لەسەر کۆنگرە هەڵچنیوە؟

**عومەر شێخموس:** ئەگەر تەماشای پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بۆ کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بکەین، هەست دەکەین کە هەوڵێکی جدی دراوە بۆ گۆڕانکاریو ریفۆرمو نوێبوونەوە لەهەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتیمانیدا بەپۆستی سکرتێری گشتیشەوە، بڕوایەکی تەواوم هەیە کە یەکێتی دەتوانێت کەموکوڕییەکانی خۆی لەکۆنگرەدا چارەسەربکات، بەتایبەتی دیاردەی ناشیرینی تەکەتولو باڵباڵێنە، گرنگ ئەوەیە کە کۆنگرە نەبێت بەکۆنگرەی تۆڵەسەندن، بەڵکو ببێت بەکۆنگرەی شیکردنەوەو دۆزینەوەی چارەسەری باشو زانستیانە بۆ دیسان بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مێژووی یەکێتی زۆر دەوڵەمەندە بەو جۆرە ئەزمونانە.

## کورد دەتوانێت پۆستی سیادی وەربگرێتو داخوازیەکانی تریش جێبەجێ بکرێن، پێویست ناکات هیچ داخوازییەك بکرێتە قوربانی ئەوی تر

**دەستوور:** بزوتنەوەی گۆڕان لەدوو هەڵبژاردندا بەشداریکرد، لەیەکەم سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێنا، بەڵام لەدووەمدا پاشەکشەیەکی چاوەڕواننەکراو روویدا؟ بەبڕوای بەڕێزت ئەوە بۆ روویدا؟ بۆچی گۆڕان لەهەولێرو دهۆک وەک سلێمانیو گەرمیان گەشە ناکات؟

**عومەر شێخموس:** بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێ لەسەر ساحەی کوردستان توانی گەشە بکات، هەندێک سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەمە

## رەفتاری یەکێتیو پارتی بەرامبەریانو پرۆسەی ریفۆرم لەناو ریزەکانی خۆیاندا، کاردەکاتە سەر دواڕۆژی بزووتنەوەی گۆڕان

بۆ رێکخراوێکی نوێ دەستکەوتێکی گەورەیە، بەڵام لەم شیکردنەوەیەدا نابێت دوو راستی باس نەکەین، یەکەم ئەوەیە کە گۆڕان نەیتوانی ببێت بەهێزێکی ئالتەرناتیف بۆ یەکێتیو پارتی لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا وەکو ئامانجیان بوو، گۆڕان بەفیعلی تەنها لەناوچەی سلێمانی پێگەی هەیە، لەکەرکوکو گەرمیانو دهۆک یان موسڵو دیالە، نەیتوانی پشتیوانێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت. دەنگەکانی هەولێریش دەنگی نارازیبووانە، نەک دەنگدان بۆ بەرنامەی سیاسیو فکریان، بۆیە دەبێت زۆر وریابن کە ئەنجامی ناڕاست لەو ژمارانە وەرنەگرن، راستی دووەم ئەوەیە کە جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەیەکێتی نیشتمانی، زیانێکی زۆر گەورەی بەیەکێتیو بەخۆیان گەیاند، لەبەرئەوە بەشی زۆری دەنگەکانیان جیا لەنارازیبووان دەنگی بەشێک لەجەماوەرو لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی بوون، ئەنجامی ئەمەش بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزە ئیسلامییەکان بوو.

**دەستوور:** هەست بەوە دەکرێت گۆڕان موجامەلەی پارتی دەکات، پێتوایە ئەوە لەبەرژەوەندی خودی گۆڕاندا بێت؟ تێبینی ئەوە دەکرێت گۆڕان کەمتر رەخنە

## جێگای سەرنجە، کە بزووتنەوەی گۆڕان رەخنەکانیان تەنها ئاڕاستەی یەکێتی دەکەن، زۆر بەپێویستی دەزانم کە برادەرانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم لایەنە بۆ جەماوەری کوردستان روونبکەنەوە

ئاڕاستەی پارتی دەکەن، رەخنەکان رووبەڕووی کاربەدەستانی یەکێتی دەکرێن؟

**عومەر شێخموس:** بۆ منیش جێگای سەرنجە، کە بزووتنەوەی گۆڕان رەخنەکانیان تەنها ئاڕاستەی یەکێتی دەکەن، نازانم ئایا ئەمە لەبەر پراگماتیزمی سیاسیە یان ترسە یان ئومێدی بەکارهێنانی هێزی پارتییە بۆ تەرازوو راگرتن بەرامبەر بەیەکێتی یان ئومێدی وەرگرتنی یارمەتییە لەپارتی؟ زۆر بەپێویستی دەزانم کە برادەرانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم لایەنە بۆ جەماوەری کوردستان روونبکەنەوە، چ لەڕووی فیکریو سیاسییەوە.

**دەستوور:** ئایندەی گۆڕان چۆن دەبینی؟ پێتوایە سەرانی بزووتنەوەکە هەلومەرجەکە بقۆزنەوەو ئۆپۆزیسیۆنێکی جدی بهێننە ئاراوە؟ کامە ئەورێوشوێنانەن کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسۆنێکی کارا بێتە ئاراوە بێ ئەوەی توشی پێکدادانو گرژی بن لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا، کە ئەم دوانەی دواییان هێزی چەکداریان هەیە؟

**عومەر شێخموس:** زۆر زەحمەتە بتوانم پێشبینی دواڕۆژی بزووتنەوەی گۆڕان بکەم، لەبەرئەوەی زۆر نوێیە، ئەوە بەندە بەرەفتارو شێوەی کارکردنیان لەئایندەدا، هەروەها بەندە بەشێوەی رەفتاری یەکێتیو پارتی بەرامبەریانو پرۆسەی ریفۆرم لەناو ریزەکانی خۆیاندا، ئەو گرژییەی کە لەنێوان یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕان هەبووە لەکاتی هەڵبژاردنەکان خەریکە ووردە ووردە ئارام دەبێتەوە، رەوشێکی ئاسایی بەخۆدەگرێتو جۆرە گفتوگۆیەک لەنێوان هەردوولاش دەستیپێکردووە، لەگفتوگۆی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەشدارییانکردووە، ئومێدەوارم ئەم شێوە کارکردنە دیموکراتیانەو شارستانیانە لەنێوان هێزەکانی کوردستان بەردەوام بێت.

# قەرەتەپەو جەلەولا، کۆتایی بەبوونی کورد دەهێنێ!

**دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان**

کوردەکانی قەرەتەپەو جەلەولاو ناوچەی سەعدیە، دەڵێن سەرۆک عەشیرەتە عەرەبییەکانو سوپاو بەعسییەکانی نێو هێزە ئەمنییەکانی عێراق گەلەکۆمەیان لێکردوونو رەنگە کۆتایی بەبوونی کورد لەناوچەکە بهێنن.

چەند هەفتەیەکە لەچەند لایەکەوە کوردەکان لەلایەن سوپاو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە، رێگریان لێدەکرێتو سوکایەتیان پێدەکرێت، بەرپرسە کوردەکانی ناوچەکەش دەڵێن دەیانەوێت کۆتایی بەبوونی کورد لەناوچەکە بهێنن

بەرپرسانی ناوچەکە رەخنە لەسەرکردایەتی کورد دەگرن، لەوەی بێدەنگن لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر کوردەکان دەکرێتو داوادەکەن هێزی ئەمنی کوردی رەوانەی ناوچەکە بکرێت.

ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا بەدەستووری وت"سیاسەتی کوردی باڵانسی لەدەستداوەو پێویست دەکات کورد بەسیاسەتەکەیدا بچێتەوە، بۆئەوەی دیسانەوەی خۆی دروستبکاتەوە، چونکە لەناحیەکەدا هیچ هێزێکی ئەمنی کوردی نەماوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هێزە ئەمنییەکانی عێراق کۆبوونەوەیان بەژمارەیەک سەرۆک عەشیرتی عەرەبی کردووە، لەناوچەکەدا، کوردەکان پێیانوایە ئەو کۆبوونەوانە بۆ دژایەتیکردنی ئەوانە، بەڵام تائێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو کۆبوونەوانە نییە.

ئەنوەر وتی "کۆبوونەوەکراوە، بەڵام لەناوەڕۆکەکەی ئاگادارنیم".

ماوەیەک لەمەوبەر عەرەبەکانی ناحیەی جەلەولا بەهاوکاری بەرپرسێکی لیستی عێراقییە، ٦٠٠ پارچە زەوییان بەسەر فەرمانبەرانی ئەو ناوچەیەدا دابەشکرد، بەڵام تەنها ٣٠ فەرمانبەری کوردبوون.

نەسرین باجەلانی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان بەدەستوور وت"لەسنووری جەلەولاو سەعدیەو چەند شوێنێکی تر دژایەتی کوردەکان دەکرێت، بەڵام ئێستا تۆزێک بارودۆخەکە باشتربووە".

دەستوور لەسەرچاوەیەکی باڵای ئەمنی ناوچەکەوە زانیویەتی کەژمارەی هێزەکانی سوپای عێراقی لەناوچەکەدا زیادیکردووە.

جەبار یاوەر وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێم بۆ دەستوور وتی"ئەگەر یەک پێشمەرگەش زیادبکرێت دەبێ بەبڕیاری هەرسێ لا بێت، بارودۆخەکە باشتربووە".

# "ئێمە لەمەسەلەی ئاوارەکان بەرپرس نین"

## عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بۆ دەستوور

**عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دانبەوەدا دەنێت کە لەکەرکوکدا کەمتەرخەمی هەبووە، دەڵێت "هەموو لایەکمان بەرپرسین، دەبێت نوێنەرانیشمان لەبەغداد هەوڵی خۆیان بدەن". عەبدولڕەحمان مستەفا ئاماژە بەوەدەدات کە کەرکوک پێویستی بەخزمەتگوزارییەکی زۆرتر هەیە، وتی "خزمەتگوزاریش بەبودجە دەکرێتو بودجەش کەمە". لەبارەی ڕێکنەکەوتنی پارتیو یەکێتی لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، وتی "ئەوە لەخۆیان بپرسن".**

.................................


**سازدانی: گۆران وەهاب**


عەبدولڕەحمان مستەفا

**دەستوور:** حەوت ساڵە خۆتان کەرکوک بەڕێوەدەبەن، بەڵام گلەییەکی زۆر هەیە، هەڵبەت مەبەستم هاووڵاتییانە، ئەو گلەییانە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** ئەو گلەییانەی پێشتر هاووڵاتیان دەیانکرد ئێستا نایکەن، ئێمە ماوەی پێنج ساڵە دەستمانکردووە بەئاوەدانکردنەوەی کەرکوک، پێشتر کێشەی گەورەمان لەبودجەدا هەبوو ، ئێستاش بەهەمان شێوە هەر کێشەی بودجەمان هەیە، ئێستا خەڵکی کەرکوک شاهیدی ئەو پرۆژانە دەدەن کە لەکەرکوکدا ئەنجامدراونو بەردەوام ئەنجامدەدرێنو گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر کەرکوکدا هاتووە، بەسەدان پرۆژەی باشمان لەکەرکوکدا جێبەجێکردووە، ئێمەش وەکو ئیدارەی کەرکوک لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەغداد هەوڵمانداوە تا بتوانین پرۆژەی باش بۆ کەرکوک دابین بکەین، بەشی زۆری ڕێگاکانمان نوێکردووەتەوە، چەندین خوێندنگاو باخچەو پارکمان دروستکردووە، زانکۆی کەرکوکمان دروستکردووە، جگە لەوە پرۆژەی ئاوئاوەڕۆو کارەبامان دروستکردووە، ئەگەر بەراوردی کەرکوک بەساڵی ٢٠٠٣ بکەیت ئەوە کەرکوکێکی ترە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەنگاوی زۆرمان ماوە بینێین، ئەوەش پەیوەندی بەکەمی ئەو بودجەیەوە هەیە کە بۆ کەرکوک دیاریدەکرێت، هەروەها بەشێکی زۆری وەزارەتەکانی بەغداد هاوکاری ئێمە نەبوون، هەرچەندە هەوڵی زۆرمان لەگەڵیاندا داوە، تەنها سێ وەزارەت ئەوانیش وەزارەتەکانی سەرچاوەکانی ئاو، ئاوەدانکردنەوەو وەرزشو لاوانی عێراق هاوکارییان کردوین، ئەوانی تر هاوکاریمان ناکەن.

هەروەها دەستمان بەدروستکردنی بەنداو کردووە تا ئەو ناوچانە بکەینە ناوچەیەکی گەشتیاری، ٢٤ شوێنمان دیاریکردووە تابەنداوی تیادا دروستبکرێت، لەمێژووی کەرکوکدا چوار پرد هەبووە ئێمە لەم ماوەیەدا پێنج پردمان دروستکردووە، ئاومان بۆ هەموو ئەو گەڕەکانە دابینکردووە کە ئاویان نەبووەو پێشتر بەتەنکەر ئاویان پێدراوە، ئێستا پێویستمان بەزیاد لە ٧٠٠ مێگاوات کارەبایە ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی چەند وێستەگەیەکین تاکارەبای کەرکوک دابین بکات، بەهەوڵێکی زۆر توانیمان مەسەلەی پێدانی بڕی دۆلارێک بۆ هەر بەرمیل نەوتێک کە لەکەرکوکەوە دەڕوات بۆ خەڵکی کەرکوکی دابین بکەین، ئەو داوایەمان لە٢٠٠٩/٦/٨دا خستەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو لەلایەن پەرلەمانیشەوە پەسەندکرا، ئێستا لەهەوڵداین لەگەڵ بەغداد تا بزانین ئەو پارەیەمان چۆن بۆ دەنێرن تابیکەینە پرۆژەی خزمەتگوزاری.


عەبدولڕەحمان مستەفا

### پێویستمان بەزیاد لە ٧٠٠ مێگاوات کارەبایە

**دەستوور:** باس لەکەمی بودجە دەکەیت، کێ بەرپرسە لەکەمی بودجە، لەکاتێکدا کەرکوک بەشاری زێڕ ناسراوە؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** بەغداد، بۆخۆم بەشێوەیەکی فەرمی ناڕەزایم لەسەر بودجەکە دەربڕیوە کە هاتووە، بەغداد ئەمڕۆ بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک دادەنێت، ئێمە ١١٥ ملیار دینارمان بۆ دانراوە بۆ ٢٠١٠، ئەو پارەیە بەکێ بدەین، لەکاتێکدا ئێمە ١٦ یەکەی ئیدارین، ١٥ قەزاو ناحیەمان هەیە، بیدەینە شارەوانی، ئاوو ئاوەڕۆ، کشتوکاڵ، سەرچاوە ئاوییەکان، پەروەردە، نازانیت ئەو پارەیە بدەیت بەکێ، لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆرمانداوە، حکومەتی هەرێمیش یارمەتی ئێمەی داوە، تیمی ئاوەدانکردنەوەی ئەمریکی لەکەرکوک یارمەتی داوین، بەو هەموو هەوڵەوە توانیومانە کەرکوک بگەیەنینە ئەم ئاستەی ئێستای، بەتەحەداوە دەیڵێم کە باشترین پرۆژە لەشاری کەرکوک جێبەجێدەکرێت.

### تەحەدای ئەوە دەکەم دەڵێت بودجەم گەڕاندبێتەوە، ئەوانە تۆمەتن

**دەستوور:** نوێنەرانی کورد بۆ پێداگریان لەدابینکردنی بودجە بۆ کەرکوک نەکردووە؟ یان تەنها مالیکی ڕێگربووە لەپێدانی بودجە؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی بەغداد زۆر بەخراپی لەگەڵ ئێمەدا مامەڵەیانکردووە، چەندینجار سەردانی بەغدادمکردووە بەڵێنم لێوەرگرتوون، بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکان نابەنەسەر، گلەیی زۆرم لەهەموویان کردووە، بەتەئکید هەموو لایەکمان بەرپرسین، دەبێت نوێنەرانیشمان لەبەغداد هەوڵی خۆیان بدەن، کۆبونەوەمان لەگەڵ ئەندام پەرلەمانە دەرچووەکانی کەرکوکدا کردووە، داوامانکردووە دەبێت مانگانە دانیشتن بکەین تاکارەکان ڕێکبخەینو لەبەغداد فشاربخەینە سەر لایەنەکان تا پرۆژەو بودجەی باشمان بۆ دابین بکەن، بۆخۆم هەڕەشەی گرتنەوەی نەوتی کەرکوکم کرد ئەگەر ئەو یەک دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک بۆ کەرکوک دابین نەکرێت، دواتر لەڕێی نووسراوێکەوە مالیکم ئاگادارکردەوەو ئەوانیش بڕیاریاندا، ئەمانە هەمووی لەژێر فشاردا کراون.

**دەستوور:** بەڵام تائێستاش کۆڵانەکان قیرتاونەکراون کێشەی ئاو و کارەبا بەردەوامە، خوێندنگەکان زۆر کەمن، ڕێژەی مامۆستا لەخوێندنگەکانو پزیشک لەنەخۆشخانەکاندا بەهەمان شێوە، خەڵک دەپرسێت بۆ دوای حەوت ساڵ کەرکوک ئەم کێشانەی هەیەو تەواونابێت، ئەمە سەرەڕای کێشەی ئاوارەکان؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** مەسەلەی ئاو و کارەبا مەسەلەیەکی گشتییەو لەسەر هەموو ئاستی عێراقە، وەزارەتی کارەبای بەغداد بەرپرسە لەچارەسەرکردنی کارەبا، هەموو خەڵکی کەرکوک دەزانن چ شەڕێکمان لەپێناو دابینکردنی کارەبادا کردووە، بەو هەوڵانەی ئێمە کارەبای کەرکوک گەیشتووەتە ئەم ئاستەی ئێستای، ئەو مولیدە ئەهلیانەشی کارەبای هاووڵاتیان دابیندەکەن بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆمان داناون سەرکەوتوو بووە، سەدان خوێندنگامان دروستکردووە، هەوڵیشمانداوە تابەغداد ژمارەیەک مامۆستامان بۆ دابمەزرێنن، بەڵام بۆ خوێندنگا بەسەرهاتی کەرکوک لەشارەکانی تر جیاوازترە، لەکەرکوکدا کێشەی ئاومان نییە بەسەدان پرۆژەی ئاومان بۆ ناو کەرکوکو دەرەوەی کەرکوک جێبەجێکردووە، لەبواری تەندروستیشدا چەندین ناوەندی تەندروستمان کردووەتەوە، مەسەلەی ئاوارەکانیش ئێمە بەرپرس نین، بەڵکو ئێمە ئاسانکارییان بۆ دەکەین، ئەوەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەکەرکوک ڕوویداوە بەخەویش ڕوونادات، ئەوەش هەموو کەسێکی خاوەن ویژدان دەزانێت کەپێش ١٠٠ ساڵی حکومکردنی پێشتر ئەمە نەکراوە، چەندین کۆمپانیای وەبەرهێنان هاتوونەتە کەرکوک تا پرۆژە بکەن، بەڵام وەزارەتەکانی بەغداد هاوکاریمان ناکەن، بۆیە ناتوانین ئەو هەوڵانە جێبەجێبکەین، ئاسانکاریمان بۆ کردنەوەی فرۆکەخانەی کەرکوک کردووە، ئەوان ئامادەنین جێبەجێی بکەن.

**دەستوور:** ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا دەڵێت کەرکوک پێویستی بەخزمەتگوزاری هەیە بەپلەی لە٨٠٪؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** وەک ئاماژەم پێکرد ئەوە بودجەی دەوێت، بودجەش دەبێت لەبەغدادەوە بۆمان دیارییبکرێت، با هەموو لایەک هەوڵبدەین بودجەی باش بێنین، من لەلایی خۆمەوە هەوڵمداوەو توانیومە هەندێک شت بۆ کەرکوک بکەم، بەڵام دەبێت هەموو لایەک هەوڵبدەین.

### بودجەکەمان کەمە، تەنها ١١٥ ملیار دینارمان بۆ دانراوە

**دەستوور:** لەکاتێکدا ئەو هەموو کێشەیە لەشارەکەدا هەیە، بەڵام دەوترێت ئەو بودجەیەی بۆ پارێزگاکە سەرفدەکرێت بەشێکی زۆری لەلایەن بەڕێزتانەوە ڕەوانەی بەغدا دەکرێتەوە بۆ؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** بەڕاستی پێتاندەڵێم تەحەدای ئەو کەسە دەکەم کە بڵێ ئێمە یەک دینارمان گەڕاندبێتەوە بۆ بەغداد، هیچ نەگەڕاوەتەوە، ئەمە مەسەلەیەکە هیچ بنەمایەکی نییە، ئەوەی ئەو تۆمەتانە دەکات بابڵێت ئەوە ژمارەی نووسراوەکەیەو بەپێی ئەو نووسراوە ئێوە پارەتان گەڕاندووەتەوە، هەرکەسێک بەڵگەی لایە کە ئێمە پارەمان گەڕاندووەتەوە باائاشکراییبکات، بەس بەقسە نەبێت، چەندینجار باسمان لەم مەسەلەیەکردووە، پێشم باش نییە ئەم شتە دووبارە بکرێتەوە، بەهیچ شێوەیەک یەک دینارمان نەگەڕاندووەتەوە.

**دەستوور:** دەوترێت پەیوەندی بەوەوە هەیە پارتیو یەکێتی لەسەر ئەوە ڕێکناکەون خزمەتگوزاری چۆنو لە چ ناوچەیەک بکرێتو هەریەکەو بیروڕایەکیان هەیە؟ هەریەکەو دەیەوێت لەو ناوچەیە خزمەتگوزاری ئەنجامبدرێت کەجەماوەری خۆی لێیە؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** من ناچمە ناو بابەتەکەوە ئەوەندە دەڵێم سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، چۆن پرۆژەیان جێبەجێکردووەو نەکردووە ئەوە شتێکی ترە، گرنگ ئەوەیە بێن خزمەتی هاووڵاتیان بکەن، ئیتر چۆن جێبەجێی دەکەن ئەوە دەتوانن لەخۆیان بپرسن.

### تەنها سێ وەزارەتی عێراق هاوکاریمان دەکەن

**دەستوور:** قائیمقامی پێشووی کەرکوک دوای دەستلەکارکێشانەوەی وتی لە٦٠٪ ئاوی کەرکوک پیسەو بۆ خواردنەوە ناشێت؟ هەموو خەڵکی کەرکوکیش ئەو ئاوە بەکاردەهێنن؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** مەسەلەی دەستلەکارکێشانەوەی قائیمقام هیچ پەیوەندی بەو بابەتەوە نەبوو، بەڵام لەسەر ئاوی کەرکوک ڕاستە ئاوی کەرکوک پیسە، بەڵام ناو کەرکوک نا ئێمە لەناوچەی حەویجە هەمانە، ئاوی ناو کەرکوک لە١٠٠٪ پاکە، بەردەوام بەدواداچوونمان بۆ کردووە، لەقەزاو ناحیەکاندا کێشەمان هەیە، بەهیچ شێوەیەک ئەو شتە ڕاست نییە، بەس لەدەرەوەی کەرکوک کێشەی پیسی ئاومان هەیە، لە٨٨٪ی خەڵکی کەرکوک بەقەزاو ناحیەکانیشەوە ئاوی پاک دەخۆنەوە.

**دەستوور:** تائێستا حکومەتی عێراق دان بەهەندێک ناحیەدا نانێت، لەوانە ناحیەکانی شوانو قەرەهەنجیر، هەوڵەکان بەکوێ گەیشتن؟ هەندێک کەس بەرپرسانی کورد لەبەغداد بەهۆکار دەزاننو بەکەمتەرخەم ناویان دەبەن؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** ناتوانم ئەوان تۆمەتبار بکەم، چونکە وەکو ئیدارەی کەرکوک چەندین نووسراومانکردووە بۆ بەغدادو داوامانکردووە چارەسەری ئەو کێشانەبکرێت، چونکە لەو سێ ناحیەیە کێشەی زۆرمان هەیە، ئەوانە وەکو زەوی لەکەرکوک دانەبڕاون، یەکێک لەو زیانانەی تووشی بووین ئەوەیە ئەگەر یاسای ژمارە ٢١ پارێزگاکان بەسەر ئێمەشدا جێبەجێبکرایە، ئەوە لەدەسەڵاتی خۆماندا دەبوو ئەو کێشانە چارەسەربکەینو لەلایەن پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگاوە چارەسەدەکرا، ئەو دەسەڵاتە نەدراوەتەوە ئێمە.

### ئەوانەی لەکەرکوک دەستگیردەکرێن دەبێت بەبڕیاری دادوەر بگیرێن

**دەستوور:** بارودۆخی کەرکوک لەڕووی ئەمنییەوە چۆن دەبینیت؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** ئێستا ئارامە تاڕادەیەکی زۆر ناڵێم لە١٠٠٪، بەڵام بارودۆخی کەرکوک ئارامە هەرچەندە لێرەو لەوێ کێشەمان هەیە، ئەو کاروچالاکییانەی لایەنە ئەمنییەکان ئەنجامیدەدەن زۆر باشبووە، ئێستا کەرکوک بە بەراورد بەپارێزگاکانی تری عێراق لایەنی ئەمنی زۆر باشترە، لایەنی ئەمنی بەردەوام لەهەوڵدان بۆ نەهێشتنی تیرۆرو دەستگیرکردنی ئەوانەی داواکراون، خەڵکی کەرکوک ئێستا هەست بەئارامییەکی زۆر باشدەکەن، بەڵام جاربەجار کێشەمان دەبێت.

**دەستوور:** خەڵکانێکی تورکمانو عەرەب دەڵێن کوردەکان خەڵکیان لێ دەستگیرکردووین، هەندێکجار دوای ئازاردانێکی زۆر دەردەکەوێت هیچیان لەسەر نییە؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** هەموو جار باسی ئەو مەسەلەیەمانکردووەو وتومانە ئەو کەسانەی دەگیرێن دەبێت بەبڕیاری دادوەر بگیرێن، بەو بڕیارە مامەڵەی ڕەسمی دەکەین، گەیشتوینەتە ئەو ئەنجامەی بەو شێوەیە کاربکرێت.

**دەستوور:** پۆلیسی کەرکوک چەندجارێک وتویانە ئێمە لەلایەن ئاسایشو دەزگاکانی پاراستنو زانیارییەوە مەعلوماتمان بۆ دێت، بۆیە دەستگیریان دەکەین؟ ئایا بوونی ئەو دوو ئاسایشە کێشەی بۆ دروستکردوون؟

**عەبدولڕەحمان مستەفا:** نامەوێت بچمە ناو ئەو بابەتەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئێمە هەر هاووڵاتییەک، هەر لایەنێک، هەر ڕێکخراوێک ئەگەر بێتو یارمەتی ئێمە بدات، ئێمە مەمنونیانین کە زانیاریمان لەسەر تیرۆریستان پێبدەن.



# ڕەنگە هەفتە هەستیارەکان بارودۆخی تورکیا یەکلاییبکەنەوە

## ئاکەپە بەردەوامەو پەکەکە جەنگی دەستپێکردەوە، جەهەپە بەرەو دادگاو بەدەپەش هەڵوێستی نەگۆڕاوە



سەرەڕای ڕەخنەکان، ئاکەپە لەتێپەڕاندنی دەستوور بەردەوامە

**دەستوور**

بارودۆخی تورکیا بەچەند هەفتەیەکی هەستیاردا تێپەڕدەبێت، ڕەخنەگرتن لەبەردەوامبوونی هەموارکردنەوەی دەستووری ئەو وڵاتە بەردەوامە، پارتی دادوگەشەپێدانیش قوناغێکی باشی لەپلانەکەی بڕیوە، بەڵام گوماندەکرێت ڕێگە لەهەنگاوەکانی ئەو پارتە لەلایەن هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بگیرێت.

### پێدەچێت پێکدادانەکان ڕووەو هەنگاوەکان بن

دوایئەوەیخولی یەکەمی دەنگدانی لەسەر ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی دەستوور کۆتایی پێهاتو هیچ کام لەپارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان پشتیوانییان لەگۆڕانکارییەکان نەکرد، لەئێستادا هەنگاوەکانی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ مەبەستەکەی بەردەوامە، بەڵام پێکدادانەکانی سوپای ئەو وڵاتە لەگەڵ پەکەکە وەک ڕێگرییەک لەو هەنگاوانە ئاماژە پێدەکرێت.

بەدرێژایی ماوەی هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیاو گەریلاکانی پەکەکە بەردەوامە، چەندین کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە، بەڵام ئاکەپە ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەو هەنگاوانە پەیوەندی بەهەموارکردنەوەی دەستوورەوە هەبێت.

عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە، ئەم چەند هەفتەیەی تورکیا بەقۆناغێکی زۆر هەستیار ناودەباتو داوا لەهەموو لایەک دەکات خاوەنی بڕیاری خۆیان بنو نەچنە ژێر کاریگەریی هیچ لایەنێکەوە.

بەڵام پارتی دادوگەشەپێدان سوورە لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوورو لەو چوارچێوەیەشدا خولی دووەمی دەنگدان لەسەر ڕەشنووسەکە دەستی پێکردەوەو بڕیارە تاناوەڕاستی هەفتەی داهاتوو بەردەوام بێت، سەرەڕای ڕەخنە زۆرەکان لەدژی ئەو هەموارکردنەوەیە لەلایەن پارتە ئۆپۆزیسۆنەکانەوە.

عەلی باباجان جێگری ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیری تورکیا، ڕایگەیاند هیچ کەسێک چاوەڕوانی ئەوە نەبێت ئەوان لەوکارانەی کە دەستیان داوەتێ پەشیمانببنەوە.

باباجان وتی "لەپرۆسەکانی کرانەوەو هەموارکردنەوەی دەستوور پەشیمان نابینەوە".

هەروەها وتی "بەرزبوونەوەی ڕێژەی پێکدادانەکانو زیادبوونی توندوتیژی هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئەو پرۆسانە جێناهێڵنو ئێمە بەردەوام دەبین".

باباجان ڕایگەیاند ئەوانەی وابیردەکەنەوە کەپاشگەزدەبینەوە، بەخۆڕایی چاوەڕێی شتێک دەکەن کە ڕوونادات.

باباجان کە هاوکات بەرپرسی ئابووری حکومەتەکەی ئەردۆگانیشە ڕەتیکردەوە ئەو هێرشانەی گەریلاکانی پەکەکە هیچ پەیوەندییەکیان بەهەموارکردنەوەی دەستووری تورکیاوە هەبێت. ئەو وتی "لەوەرزی بەهاردا توندوتیژیو پێکدادانەکان زیاددەکەنو نەشیشاردەوە کە ئەوە بارێکی قورسە بەسەر حکومەتو سوپای وڵاتەیەکەوە، بەڵام ناکاتە ئەوەی هەرکاتێک پێکدادان لەئارادابوو ئێمە بەرەو دواوە هەنگاو بنێین".

جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانو ڕاگەیاندنەکانیش ڕوونیکردەوە "ئەم هەموارکردنە دەستکەوتێکی ئابووری زۆر باشە".

### ئۆجەلان: گرژی بەڕێوەیە

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەڕێی پارێزەرەکانییەوە ئەم جارەش هۆشداریی دایە حکومەتی تورکیا کە بەر لەسیاسەتی دیموکراتی نەگرن.

ئۆجەلان وتی "ئەم چەند هەفتەیەی لەپێشمانە زۆر هەستیارنو ئەگەر ڕێگە بۆ سیاسەتی دیموکراتی خۆش نەکرێت هەمووان زەرەرمەند دەبن". هەروەها وتی "لەوانەیە توندوتیژی سەرهەڵبداتەوە لەئاستێکی مامناوەندا کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەزاران کەس دەستگیربکرێن، هەر بۆیە پێویستە میللەتەکەمان وریای ئەو حاڵەتە بن".

ئۆجەلان بەپشتبەستن بەو دۆخەی ئێستا تورکیای پێدا تێپەڕدەبێت، ڕایگەیاند "ئێمە خواستی خۆمان بۆ دەستوورێکی دیموکراسی دووپاتدەکەینەوە، پێویستە دەسەڵات لەمە تێبگات، بەڵام ئەو هەموارکردنەوانەی ئێستا لەدەستووردا دەکرێت بۆ هێنانەکایەی دەستوورێکی دیموکراسی نییە، چونکە دەستکاریی ئەو ڕۆحە ناکرێ کە کودەتا کردوویەتی بە بەری ئەو دەستوورەدا".

وتی "هەر لەبەرئەمەیە تورکیا نەیتوانی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی".

سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە پێیوایە نابێت پشتیوانی لەپارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتداربکرێت لەپرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووردا، چونکە ئەو پارتە "خەمخۆری" چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد نییە کە لەچوارچێوەی ئەو دەستوورەدان.

ئۆجەلان وتی "ئەو هەموو ماددانەی دەستوور بەو ئاسانییە لەماوەی نۆ ڕۆژدا دەنگیان لەسەردرا، هیچ یەکێک لەوانە چارەسەری کێشەی کورد ناکات".

هەروەها ئۆجەلان پەیامێکی لەشێوەی هەڕەشە ئامێزی ئاراستەی پارتەکان کردو وتی "لەدوای هەموو ئەمانە ئەگەر پشتیوانی لەو هەموارکردنەوەیە بکرێت ئەوا نیشانەی نکوڵیکردنە لەخود، ئەگەر پارتی ئاشتیو یەکسانیش دەنگی بۆ گۆڕانکارییەکاندا ئەوا کۆتایی بەژیانی سیاسی خۆی دەهێنێ".

### هەموارکردنەوەکە بەردەوامە

لەگەڵئەوەی لەخولی یەکەمی دەنگدانەکاندا لەسەر ڕەشنووسی گۆڕانکارییەکان جەهەپەو بەدەپە بەشدارییاننەکرد، سەرجەمی ماددەکان ئەو ژمارەیەیان لەدەنگ لەلایەن پارلەمانتارانەوە پێدرا کەپێویست بوو بۆ تێپەڕاندنیان.

لەڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووەوە خولی دووەمی دەنگدان لەسەر ڕەشنووسەکان دەستپێکردووەتەوەو بڕیارە تاپێنجشەممەی داهاتوو بەردەوام بێت ئەگەر نەشتوانرا لەو ماوەیەدا تەواوبکرێت ئەوا ماوەکە تارۆژی یەکشەممە درێژ دەکرێتەوە.

پەسەندکردنی ڕەشنووسەکەش پێویستی بەسێ لەسەر پێنجی دەنگی پارلەمانتارەکانە واتە ٣٣٠ دەنگ.

### جەهەپە بەرەو دادگاو بەدەپەش هەڵوێستی نەگۆڕاوە

پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگەی یاسایی لەئاکەپە دەکات بەو بیانووەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەبارەی پێکهاتەو هەڵبژاردنی دادگای دەستوورییەوەن دژ بەدەستووری هەمیشەیی وڵاتن.

سەرانی پارتەکە ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر ئەو دۆسییەیە نەبەنە دادگای دەستووری بۆ یەکلاییکردنەوە ئەوا تاوانیان بەرامبەر بەوڵاتەکەیان ئەنجامداوە.

هەرچی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی مەهەپەشە لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوورنو بەهەموو توانایانەوە دژی هەموارکردنەوەن.

ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی ئەندامەکانیان دژی ماددەکانی ڕەشنووسەکە دەنگیاندا.

پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)ش لەسەر زاری گیولتان کشاناکی هاوسەرۆکی پارتەکەوە ڕایانگەیاند کە ئەوان لایەنی هیچ یەکێک لەپارتەکان ناگرنو لەسەر هەڵوێستی ڕابردووشیان بەردەوامن کە بریتییە لەپیشتیوانینەکردنو دەنگنەدان بۆ پرۆژەکە، چونکە بەبۆچوونی پارتەکە ئاکەپە هیچ یەکێک لەخواستەکانیانی بەهەند وەرنەگرتووەو هیچ ئاماژەیەکی ئەرێنی نییە بۆ دەنگدان لەبەرژەوەندی ماددەکان.

هاوسەرۆکی بەدەپە وتی "دەیانەوێ ئێمە والێبکەن ببینە لایەنگری لایەنێک لەلایەنەکان بەڵام ئەوەمان ڕەتکردووەتەوەو دەمانەوێ خۆمان ڕۆڵەکە بگێڕین".

# گرتنەبەری ڕێگای دادگا لەپێناو دادگادا

**یڵماز قەرەقۆینلو**

لەبارەی گۆڕانکارییەکانی نێو دەستووری تورکیا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) دەستیکرد بەجێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی بۆ دەکردن، گوایە هەموارکردنەوەکانی دەستوور دەباتە دادگای دەستووری.

بۆ ئەو مەبەستەش ١١٠ ئیمزای پەرلەمانتارەکانی کۆکردەوە کە پێویست بوون بۆ ئەو کارە، دەیانەوێ ئەو سێ ماددەیەی کە بەدڵیان نەبووە هەڵیوەشێننەوە، ئەمانە پرۆسەی یاساییو سیاسینو بڕیاری زۆر ئاسایین، بەڵام ئایا لەڕووی ئەتیکی سیاسییەوە دەکرێت ئەمە بەشێوەیەکی ئاسایی تەماشا بکرێت، جەهەپە لەپێش دانیشتنەکانەوە لەبارەی ڕەشنووسەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور ڕایگەیاندبوو کە جگە لەسێ ماددەی ئامادەکراو بۆ هەموارکردنەوە ئامادەیە لەسەر ماددەکانی دیکە ڕێککەوتن بکات، بۆ ئەو سێ ماددەیەش کە دەمێنێتەوە بەکارهێنانی مافە یاساییەکان لەلایەن جەهەپەوە لەروانگەی سیاسی یاساییەوە لەئاستێکدایە کە دەبێت زۆر بەشێوازێکی ئاسایی پێشوازی لێبکرێت، بەڵام کە کاردەگاتە ئەوەی ئەو پارتە بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ماددەیەکی پەیوەست بەدادگای دەستوورییەوە سەردانی ئەو دادگایە بکات لێرەدا گومانێک دێتە ئاراوە، ئایا گرتنەبەری ڕێگەی دادگای دەستووری بۆ بابەتگەلێکی وەک دامەزراندنی دادگاکەو بنەماکانی ئیشکردنی لەڕووی پەروەردەی سیاسییەوە کارێکی گونجاوە؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جەهەپە بەدادگاکە بڵێت: من لەو گۆڕانکارییانە دەتپارێزم کە ئاکەپە بەنیازە دەرهەقت بیکات؟ ئەی ئایا ڕەشنووسێک کە دەنگی لەسەر درابێتو بنەماکانی دامەزراندنی ئەو دادگایە بگۆڕێت دەگونجێ هەمان دادگا لەدەرەنجامی سەردانی پارتێکی سیاسی بگاتە ئەو بڕیارەی کە ڕەشنووسەکە دژی بنەماکانی دەستوورەو ئەمە لەڕوانگەی ئەتیکی یاساییەوە کارێکی دروستە؟ دەکرێت بەئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە بڵێین یاسا جێگەی خۆی گرتووە؟ دادگای دەستووری دەتوانێ ئەمە بکات؟ ئەگەر دادگای دەستووری ئەتیکی تاوتوێکردنی ڕەشنووسی گۆڕینی بنەماکانی دادگاکەی پێ قبوڵ نەکرێت، تا چەند توانیویەتی ئەرکی پارێزگاریکردن لەدەستوور بەجێ بگەیەنێ؟ ئایا ئەمە کێشەیەکی دیکەی ئەخلاقی (ئەتیکی) نییە؟ بەگرتنەبەری ڕێگای دادگای دەستووری لەلایەن جەهەپە نازانم بەڕێژەی چەند دەنگەکانی ئاکەپە بەرز دەبنەوە، بەڵام پێشبینیدەکرێت بەرز بێتەوە.

ئەم ئەگەرە گرنگی زۆرە؟ ئەگەر چوونی ئەو ڕێژەیە لەدەنگ بەڕاستی لەئارادابێت، ئەی هەوڵە سیاسییەکانی تێگەیاندنی جەماوەر لەچۆنێتی ڕاستییەکان بەکەڵکی چی دێت؟ با تەماشایەکی ئەو دژیەک بوونە بکەین، بۆئەوەی پێویستە لەپێشدا هەندێ بنەما دیاریبکەین.

هەر پارتێکی سیاسی کە لەپێناو مانەوەدا بەداوی هەل یاخود فرسەتێکدا بگەڕێت پێدەچێت واز لەئەخلاقی سیاسی لەو پێناوەدا بهێنێت، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر دادگای دەستووری دانیشتن لەسەر ئەو ماددەیە بکات کە تایبەت بەئەنجامدانی گۆڕانکاریی لەپێکهاتەکەیدا ئەوا ئەمجارە دادگای باڵا مافی بوونی خۆی لەکەدار دەکاتو زیانی پێدەگەیەنێ.

ئەمەش بەو مانایە دێت هەموو ئەو دۆخانەی وا دەکەن ئەتیکی سیاسیمان بکەوێتە باری ناچاری تەنها لەپارتە سیاسییەکانەوە سەرچاوە ناگرن، ئەگەر جەهەپە لەکاتێکدا سەردانی دادگای دەستووری دەکات بیری لەو دەرەنجامانە نەکردبێتەوە کە لەدادگاییکردنی مافەکانی دادگایی دەستووری لەلایەن خۆیەوە دەکەونەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دۆخێکی خراپی لەنێو سیاسەتدا بۆخۆی خوڵقاندووە، ئەنجامەکەی بەم شێوەیەیە: ئاکەپە بەگۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی دادگایی دەستووری، دادگاکەی ڕووبەڕووی دۆخێکی قورس کردۆتەوە، جەهەپەش دەیەوێت لەڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ماددەکەوە ئەوەندەی تر دۆخی دادگای باڵا تێکبدات.

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**



# لاوازبوونی عێراق بڕوابەخۆبوونو دڵنیایی بەئێران دەبەخشێ

تۆماس فرانکفێڵد



ئەگەر لێدوانەکانی حکومەتی ئێران راستبنو ئەم هەواڵو راپۆرتانە بەهەندوەربگرین، ئەوا رۆژی یەکشەممە پێنج موشەکی دەریایی نوێ لەکەنداودا هاوکات بەرەو ئامانجێک ئاڕاستەکرانو تاقیکرانەوە، دوایین قۆناغی مانۆڕی گەورەی ئێران لەکەنداو، هیچ گومانێکی لەمەڕ ئەنجامەکانی ئەم مەشقە سەربازییە نەهێشتەوەو تەنیا مرۆڤە ساویلکەکان بڕوا بەجەختکردنەوە پەیتاپەیتاو پتەوەکانی ئێران دەکەن کە ئەم پرۆژەیە ئامانجی سەربازی نییە، بێ دوودڵی ئێران دەیەوێ لەدرێژماوەدا سوڵتەی ناوچەیی پاشاو ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی وڵاتەکەی زیندووبکاتەوە.

ئەحمەدی نەژادو رابەری ئێران سەرەڕای هەڕەشەکانی ئیسرائیلو ئەمریکا دەستبەرداری چالاکییەکانیان نابن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەم بڕوابەخۆبوونەی ئێران لەکوێوە سەرچاوەدەگرێ؟ بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە دەبێ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ بگەڕێینەوە، کە لەو ساڵەدا دەسەڵاتی سوپای ئەمریکا سەدام حسێنی تێکشکاند.

لەدوای هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراقو سەرکەوتنی ئەو وڵاتە، دەوڵەتەکەی جۆرج بوش، جەنەڕاڵ جەی گارنەر، پلەدارێکی بەئەزمونی سوپای ئەمریکای وەک حاکمی عێراق هەڵبژارد. جەنەراڵ گارنەر بەوهیوایە بوو پێکهاتەی سیاسیی عێراق تاڕادەیەکی زۆر رابگرێت، لەدەرەفەتێکی کورتدا پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرێتو چاودێریکردن بەسەر نەوت رادەستی عێراقییەکان بکات، پرۆژەکەی گارنەر لەگەڵ دژایەتی نیوکۆنسێرڤاتەکان بەرەورووبوو کە دەیانویست سەرچاوە ژێرزەوییەکانی عێراق لەدەستی ئەمریکادا بهێڵنەوە.

دیپلۆماتێک بەناوی بریمەر جێگەی گارنەری گرتەوە، دیپلۆماتێ کە دواتر کارمەندێکی پایەبەرز لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەمشێوەیە لەسەری قسەدەکات "بریمەر هەلپەرستێکی بەتەواو مانەیەو پاڵنەرەکانی تەماحکارانەن"، بەپێی وتەی ئەم کارمەندە ئەوەی کە بریمەر دەربارەی عێراقو جێگەکانی دیکەی جیهان دەزانێ لەمشتێکدا کۆدەبێتەوە.

لە ٢٣ی مەی ٢٠٠٣، بریمەر بڕیاری هەڵەو بەربڵاوی خۆی لەراگەیەندراوی ژمارە ٢دا راگەیاند، بەوشێوەی کە سوپای ٤٠٠ هەزار کەسی عێراقی هەڵوەشاندەوە، حیزبی بەعسیش کە دەیان ساڵ پێشتر عێراقی لەدەستدابوو، هەڵوەشایەوە، سەدامو بەعسییەکان سوننە بوونو وەلانانی ئەوان لەدەسەڵات لەسەر دەستی ئەمریکا بەقازانجی شیعەکان تەواو بوو، ئەو بەشە لەعێراق کە بەشێوەیەکی سوونەتی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێرانی شیعەدا هەبوو، لەجێگەیەک کە دەسەڵاتە بەهێزەکەی سەرجەمی ناوچەکەی تووشی تۆقاندن کردبوو، لەدەسەڵات خاڵی کرایەوەو سوپای ئەمریکا بەزەحمەت ئەو بۆشاییەی بۆ پڕدەکرایەوە، دەیان هەزار سەربازو پاشماوەکانی بەعس لەترسا چوونە ناو میلیشیا توندڕەوەکانو بەشێکیشیان بەجیهادییەکانی ئەلقاعیدە پەیوەست بوون.

دەوڵەتی بوش لەسەرەتادا دڵخۆش بوو بەوەی کە ئێران بۆ لەناوچوونی حکومەتی سەدام هاوکاری دەکاتو زۆر درەنگ بەو ئەنجامە گەیشت کە هەڵەیەکی ترسناکی کردووە، ئێران ئەمجارەیان توانی پێگە کۆنەکانی خۆی لەناو جەماوەری شەست لەسەدی شیعەکانی عێراقدا قایم بکات، بەو هیوایەی کە بتوانێ لە کۆتاییدا دراوسێکەی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵو چاودێرییەوە، عێراقییەکانوئێرانییەکان، واتە عەرەبەکانو فارسەکان، مێژوویێکی درێژیان لەململانێو ناکۆکی هەیە. سەدام لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ لەجەنگێکی ترسناکدا بەنزیکەی یەک ملیۆن کوژراو بێهودە هەوڵی ئەوەی دا چۆک بەئێران دابنێت.

ئەمریکییەکان دواتر کەوتنە دژایەتی داواکارییەکانی شیعەو ئەو دەرەنجامەی لێکەوتەوە کە بەکردەوە شەڕێکی ناوخۆیی هەڵگیرساند، هەر کەسێک لەدژی کەسێکی دیکە کەوتە شەڕ، هێزەکانی ئەمریکاو توندڕەوە شیعەکان، سوننەکانو ئەلقاعیدە.

ئارامیو هێمنی رێژەیی تەنیا بەچوونەسەرەوەی زیاتری هێزەکانی ئەمریکا بەدەستهات، بەرنامەی پلان بۆ داڕێژراوی جەنەڕاڵ پترایۆس ژیاندنەوەو زیندووکردنەوەی سوپای عێراقیشی لەبەرچاوگرتبوو، وابڕیارە کە لەئەگەری بەرپابوونی ئارامی، ئەمریکا تا مانگی ئاب هێزەکانی لەعێراق بکشێنێتەوەو لەکۆی ١٤٠٠٠٠ سەرباز تەنیا ٥٠٠٠ کەسیان لەو وڵاتە بمێننەوە.

بەرنامەکەی پترایۆس بۆ وڵاتی ئەفغانستان، دووهەمین ئۆردوگای سەربازی ئەمریکا، لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا، بۆ برەودان بەم بەرنامەیەی ئەمریکا لەئەفغانستان هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عێراق پێویستە، بۆ ماوەی ٧ ساڵە کە ئەمریکا دوو جەنگی هاوکات بەرەوپێش دەبات، توانا سەربازییەکانی ئەمریکا زیا لەپێویست کەڵکی لێوەرگیراوە، بەڵام هیچ گەرەنتیەک نییە کە دەوڵەتو سوپای عێراق بتوانن لەدوای پاشەکشەی ئەمریکا سەقامگیری وڵاتەکەیان بپارێزن، رێکخراوی هەواڵگری تایبەتی ئەمریکایی "ئەسترتفۆر" لەو بڕوادایە کە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا گریمانەیەک لەئارادایەو ئەوەش ئەوەی کە ئێران لەلاوازی عێراق بۆ هێرشکردنێکی ئاشکرا کەڵکوەرناگرێت، بەپێی وتەی ئەم رێکخراوە ئەمە گریمانیەکەو پێدەچێ واش نەبێ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدووڕێیانێکی دژواردا ماوەتەوە، لەلایەکەوە بەهێزی نوێی تەیار لەئەفغانستان پێویستی هەیە، بەڵام لەملاشەوە هێشتا پێویستی بەم هێزانە هەیە لەعێراق بۆئەوەی لەسوڵتەی ئێران لەتەواوی ناوچەکە بەربگرێ، هەربۆیە مانەوەی ئەم هێزانە لەعێراق بەهەمان رادەی کشانەوەیان قەیرانی لێدەکەوێتەوە.

ئەمریکا توانای تەواوی جەنگ لەدژی ئێران بەرێگەی وشکایی نییەو حکومەتی تارانیش لەم بابەتە ئاگادارە، لەئەگەری هێرشی ئاسمانی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانیش، ئێران دەتوانێ لەرێگەی میلیشیاکانی حیزبوڵڵاو حەماس، قەیرانێکی دیکە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوڵقێنێو تواناییەکانی ئەمریکاو ئیسراییل بەخۆیەوە سەرقاڵ بکا، هەڵەی بنەڕەتی دەوڵەتەکەی جۆرج بوشو پۆڵ بریمەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ رێگەیەکی تەسکی پڕمەترسی رێنوێن دەکا کە دەتوانێ هاوکێشەی هێز لەرۆژهەڵاتی ناوەراست کە لەسەردەستی ئەوان تێکچووە، بەچەشنێک رابگرێ. "ئەسترتفۆر" ئاماژە بۆ ئەوەش دەدا کە وەفاداربوونی سوپای فرەنەتەوەی عێراق بە دەوڵەتی ئەو وڵاتە بەهەمان رادەی وەڵامی پرسیاری هاوئاهەنگبوونی سیاسەتی ئایندەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، جێگەی پرسیارە.

**سەرچاوە: هامبورگێر ئابێند بێلات**

# قارەمانێکی پڕ لەناکۆکی

ئومێد مەریوانی

بەپێی راپرسییەکی بی بی سی، ئێران ناخۆشەویسترین وڵاتی جیهانە، ئەم ئەنجامە کە زۆر جێگەی سەرسوڕمان نییە، هاوکاتە لەگەڵ راپرسییەکی ئینتەرنێتی ئەمساڵی "تایم" کە بەپێی ئەو راپرسییە میرحسێنی مووسەوی وەک کاریگەرترین کەسایەتی ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژێردراوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو راپرسییە دیاریکەری بارودۆخی رابەری نەیارانی ئێرانە کە لە ژیانیدا چەمکەکانی هونەرو جەنگ، مارکسیزمو ئیسلام، دەوڵەتو بەرەی نەیار، شۆڕشگێڕیو ریفۆرمیزم، جێ ¬گۆڕکێیان کردووە، لەم نێوەندەشدا رکابەرێکی ناسراو هەیە کە ساڵانێکە هاورێیەتی دەکات.

میرحسێنی مووسەوی ساڵی ١٩٤١ لەشاری خامنە لەباکووری رۆژئاوای ئێران لەدایکبووە، باوکی چافرۆش بوو، سەرەڕای هەلومەرجی خراپی ئابووری لەکۆلێژی هونەرو بیناسازی دەستی دایە خوێندنو لە١٩٦٩ لەزانکۆ دەرچوو. لەهەمان ساڵدا لەگەڵ زەهرا رەهنەوەردی هونەرمەند ژیانی هاوسەری پێکدێنێ.

### سۆسیالیستێکی لەخواترس

هەروەک شوێنەکانی دیکەی جیهان، لەئێرانیشدا ئەندێشەی چەپ دڵخوازی خوێندکارانی ئێران بوو، لەهەمان کاتدا ئیسلام کە تا ئەو سەردەمە بۆ زۆربەی رۆشنبیرانی ئێران دواکەوتوویی بوو، روو لە گەشانەوە بوو، هیچ کەس ئەم ئیسلامە نوێیەی، بەوێنەی عەلی شەریعەتی نوێنەرایەتی نەکرد، ئەو کۆمەڵناسە گەنجەی کە ئەمرۆ وەک پێشڕەوێکی شۆڕشی ١٩٧٩ دەناسرێ، شەریعەتی مارکسیزمو ئیسلامی بۆ بڕوایەکی خەباتکار گۆڕیو پڕوپاگەندەی بۆ راپەڕینی چەکداری لەدژی حکومەتی سەرەڕۆو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو عادڵانە دەستپێکرد.

موسەوی گەنج لەچەشنی زۆربەی نەوەکانی ئەو سەردەمە لەژێر کاریگەری ئەو بڕوایەدابوو، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ وتاردانەکانی شەریعەتی دەڕۆیشتو نزیکایەتیشی لەگەڵ شەریعەتیدا هەبوو، جیا لەشای ئێران، پیاوانی ئایینی شیعەش کە بەوتەی شەریعەتی ئیسلامێکی دواکەوتووی پێکهاتوو لەبۆنەی دووبارەکراوەو خورافە نوێنەرایەتی دەکەن، لەرادەی خۆشەویستی شەریعەتی رازی نەبوون. لەنێوان ئەو پیاوە ئاینییانەی کە شەریعەتیان خۆش نەدەویست، خامنەیش بوو کە نزیکایەتییەکی دووری لەگەڵ مووسەوی هەیە.

### سەرۆک وەزیری ئیمام (خومەینی)

کەمتر لەدوو ساڵ پاش مەرگی شەریعەتی، خەونەکانی شەریعەتی کە هەمان خەونەکانی موسەویش بوو، بەری گرت. لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامی بەسەر شادا سەرکەوتو ئایەتوڵڵا خومەینی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرت، کاتێک لە ساڵی ١٩٨١ لەرووداوێکی تیرۆریستیدا سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیری کۆماری گەنجی ئیسلامی گیانیان لەدەستدا، عەلی خامنەیی بەسەرۆک کۆماری گەیشتو، بەڵام پارلەمان کاندیدای پێشنیارکراوی خامنەیی بۆ سەرۆک وەزیرانی پەسند نەکردو پارلەمان دەنگی بە موسەوی دا.

کێبرکێ فکرییەکانی ئەوان لەسەردەمی شەریعەتی بۆ رەهەندێکی واقعیی گۆڕدرا. خامنەیی نەیدەویست بەئەرکە فۆرمالیتەو تەشریفاتییەکانی سەرۆک کۆماری قەناعەت بکاو هەوڵیدەدا لەسیاسەتەکانی بەڕێوەبردنیشدا رۆڵ بنوێنێ، ئەو سیاسەتانەی کە بەپێی یاسای بنەڕەتی لەو سەردەمەدا ئەرکی سەرۆک وەزیران بوو، باس لەوەدەکرێ کە خومەینی ناراستەوخۆ بەخامەنەیی وتبوو کە رەخنەگرانی موسەوی تەنانەت ناتوانن نانەواخانەیەک بەڕێوەبەرن.

### غەزەب لێگیراوی خامنەیی

موسەوی لەسەردەمی سەرۆک وەزیریەکەیدا کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی ئێران-عێراق، خۆی وەک بەڕێوەبەرێکی بەتوانا نیشاندا. پێداویستییە گرنگەکانی خەڵک لەلایەن دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرا کە دابەشکردنی عادڵانەو دوور لەگەندەڵی پێکدەهێنا، ئاشکرانییە تا چەندە لەرووداوە ناخۆشەکانی ئەو سەردەمەی وەک لەسێدارەدانی ٤٠٠٠ بەندکراوی سیاسییو درێژی بێ سەرەنجامی شەڕ لەگەڵ عێراقو تیرۆری بەرهەڵستکاران لەدەرەوەی وڵات دەستی هەبووە. موسەوی جێگەی رەخنەیە، ئەگەرچی ئەمرۆ وەک رابەری نەیاران لەریزی پێشەوەدایە.




خامنەیی دوایی مەرگی خومەینی لەساڵی ١٩٨٩ بوو بەرابەری ئێرانو تۆڵەی سەندەوە، پۆستی سەرۆک وەزیری لابردو موسەوی لەدەوڵەتی نوێ دوورخرایەوە. لە گۆڕەپانی سیاسیدا خۆی بزرکردو بۆ جارێکیتر دەستی دایە هونەرو بیناسازیو بوو بەسەرۆکی فەرهەنگستانی میللی هونەر، لەساڵی ١٩٩٧ ئیسلاحخوازان ویستیان وەک کاندیدای سەرۆک کۆماری هەڵیبژێرن، کەچی قەبوڵی نەکرد، خاتەمی چووە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان، ئەو کەسەی کە لەکابینەی دووهەمی موسەوی لەساڵەکانی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٩ فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی بوو.

سەرکەوتنی خاتەمی لەو هەڵبژاردنانەدا بوومەلەرزەی سیاسیی خوڵقاندو لەساڵی ٢٠٠١ بۆ جارێکیتر سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە.

### رابەری نەیاران

روانگەی جیاجیا لەمبارەوە هەیە دەربارەی ئەوەی کە بۆچی خاتەمی لەساڵی ٢٠٠٩دا بۆ جارێکیتر خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری نەپاڵاوتو رێگەی بۆ موسەوی کردەوە. بەشێک باس لەوەدەکەن کە رابەری شۆڕش بەشەخسی خاتەمی لەو مەسەلە تێگەیاندووە کە بۆ جارێکیتر سیاسەتی ئیسلاحخوازانەی ئەو قبوڵ ناکات. بەشێکی دیکەش لەو بڕوایەدان کە هەڕەشەی کوشتنیان لەخاتەمی کردووە. کەسانێکیش دەڵێن ئەمانە سەرجەمی جوڵەی پلان بۆداڕێژراوی ئیسلاحخوازان بووە، بەو مانایەی کە لەکاتێکدا خاتەمی بەسیاسەتی پێکهاتوو لەمیانڕەویو زۆرجار درەنگ جوڵانەوە، بەهۆی دژایەتی لایەنی بەرامبەر سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، موسەوی بووە بەختێکی گەورەتر تا ئەم سیاسەتانە بەرەوپێش بەرێ، ئایا موسەوی لەدەیەکانی هەشتاشدا بەوپەڕی سەرکەوتوویی بەرەورووی رابەری ئێستای سیستم نەبووەوە؟ کەم کەس دەزانێ کە چ کەسێک زۆرترین دەنگەکانی ١٢ی مایس ٢٠٠٩ی بەدەستهێنا، بەڵام ئەم خاڵە نەگۆڕە، کە موسەوی تا ئێستاش دەرەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی قبوڵ نەکردووە، لەگەڵ کاندیدە شکستخواردوەکەی تری هەڵبژاردنەکان، مەهدی کەڕوبی، وەک رابەری ئەو بزووتنەوە بەرگرییە دەناسرێن کە لەدوای هەڵبژاردنە پڕکێشەکەی ئەوانو ئەحمەدی نەژاد، پێکهات.

بەهێزترین هاوپەیمانی ئەحمەدی نەژاد، رابەری شۆڕش خامنەییە کە پێدەچێ موسەوی بۆ دوایینجار رووبەرووی بێتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە کە موسەوی خۆبەزلنەزان ئەم هەڵسەنگاندنەی پێ خۆش نەبێ، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە بۆ جارێکیتر رکابەرێتی ئەم دووانە هاوڕێ بێ لەگەڵ گۆڕانێکی مەزن لەسیاسەتی ئێران.

**سەرچاوە: ٢٠ مینۆتێن ئۆنلاینی ئەڵمانی**

# مەروە: شووم کردووەو کوڕێکیشم هەیە



هونەرمەند مەروە هاوسەرگیریی بەڕێکەوتی پێباشترە لەوەی بەخۆشەویستی پێکبهێنرێتو دەڵێت "مەرج نییە هەموو خوشەویستییەک بەهاوسەرگیریی کۆتایی بێت". مەروە ئاماژە بەوەدەکات کە غیرە لەهاوسەرەکەی دەکات، بەڵام وتی "غیرەکردنم لەسەر بنەمای خۆشەویستییە، غیرە لەئەنجامی خۆشەویستی دروستدەبێت".

سازدانی: دەشتی ئەنوەر

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریت کەی بوو؟ چۆن دەستتپێکرد؟

**مەروە:** ئارەزووم بۆ شانۆ زۆر بوو، لەگەڵ وەرگرتنم لەپەیمانگا، هونەرو شانۆ تێکەڵی ژیانی هونەریم بوون.

**دەستوور:** هونەر تا چەند لەناو خەڵکدا خۆشەویستت دەکات؟ یان تا چەند وات لێدەکات خەڵکی بەچاوی ڕێزو خۆشەویستییەوە تەماشات بکەن؟ بۆ نمونە ئەگەر دەرهێنەر ڕۆڵێکی باشت پێنەسپێرێت وەک ئەوەی لەدرامای ڕەشەی پۆلیس بەحاجی ئەکرەم درا، ئایا کاریگەری لەسەر هونەرمەندەکە دەبێت؟

**مەروە:** هونەر زۆر فاکتەرێکی سەرەکییە، خۆشەویستی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینیت، بەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵکی، تەنها بەکردەوەو ڕێزی خەڵکیو هونەرەکەم دەبێت، من بەو ڕۆڵانە ناڵێم خراپ، چونکە زۆر لەبینەر یان خەڵکی رقی لەحاجی ئەکرەم بوو، ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەکتەرەکە لەوپەڕی سەرکەوتوویی بەرجەستەکردنی کارەکەیەتی، مانای وایە تۆ ڕۆڵەکەت زۆر بێت یان کەم سەرەکی بێت یان لاوەکی، ئەرکە گرانەکەی لەسەر ڕۆڵی هونەرمەندە.

**دەستوور:** تۆ تەنها بەشداریت لەدراما کردووە؟ هۆکاری چییە؟

**مەروە:** نەخێر، دوای تەواوبوونی پەیمانگا بەشداریم لەدوو شانۆگەری کردووە بەناوی نمازو وەرن ئێمەش ببینن.

**دەستوور:** ئەی بەشداریت لەفیلمی سینەمای کردووە؟ ئەگەر نەتکردووە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**مەروە:** نەخێر بەشداریم نەکردووە، ئەگەر ڕێکەوتیش بەخۆشحاڵییەوە بەشداردەبم.

**دەستوور:** هەست بەوە ناکەیت لێرە گرنگی بەکاری سینەمایی نادرێت لەکاتێکدا ڕەنگە ئەکتەری سینەمایی باشمان هەبێت؟ هۆکاری ئەو گوێنەدانە بەکاری سینەمای بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ چونکە ئێستا کەسانێکی کەم کاری سینەمایی دەکەن؟

**مەروە:** گرنگی پێدەدرێت، بەڵام بەڕێژەی دراما نییە، کەموکورییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کەسانێک کە شارەزایی تەواویان هەبێ لەبواری سینەمادا.

**دەستوور:** مەرجی بوون بەئەکتەر لای تۆ چییە؟

**مەروە:** مەرجە ئەکتەر شارەزایی هەبێت لەنواندنو چۆنییەتی بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکەی.

**دەستوور:** بۆچی ئەوەندە گرنگی بەکچی جوان دەدرێت لەکاری هونەریو زۆرێک لەکارەکانی تریش، هەست بەوە ناکەیت مەبەستێکی لەپشتەوەیە؟

**مەروە:** لەبەرئەوەی چ لەدرامادا یان لەکلیپ، جوانی کچان دەبێتەهۆی سەرنجڕاکێشانی بینەر بەمەرجێک ئەکتەرەکەش بەتەواوی کارەکەی بەرجەستە بکات، هیچ مەبەستێکیش نابینم لەپشتیەوە.

**دەستوور:** تۆ بە چ دەرهێنەرێک سەرسامیت تاوەکو ئازادانە بتوانی کارەکانت لەگەڵیدا بکەیت؟

**مەروە:** من لەگەڵ هەر دەرهێنەرێکدا کاربکەم جێگای خۆشحاڵیمە، چونکە لەگەڵ هەر یەکێکیاندا وانەیەکیش فێربم بۆ من زۆرە.

**دەستوور:** جگە لەکاری هونەری چ کارێکی تر دەکەیت؟

**مەروە:** مامۆستام لەیەکێک لەخوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانی.

**دەستوور:** ژیانی هاوسەرگیریت پێکهێناوە؟

**مەروە:** بەڵێ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، هاوسەرەکەم ناوی توانایەو کوڕێکیشم هەیە بەناوی ڕۆمان.

**دەستوور:** پێکهێنانی ئەو ژیانەت بەخۆشەویستی بووە یان بەڕێکەوت؟ بڕوات بەکام لەو دوو لایەنە هەیە بۆ پێکەوەنانی هاوسەرگیری؟

**مەروە:** بەڕێکەوت بوو، من باوەڕم بەڕێکەوتە، چونکە مەرج نییە هەموو خوشەویستییەک بەهاوسەرگیری کۆتایی بێت.

**دەستوور:** لەنێوان تۆو هاوسەرەکەتدا غیرە هەیە؟ چونکە زۆرێک لەپیاوان یان ژنان غیرە بەرامبەر بەیەکتری دەکەن؟

**مەروە:** بەڵێ غیرە هەیە، بەس لەسەر بنەمای خۆشەویستی، غیرە لەئەنجامی خۆشەویستی دروستدەبێت، کەسانێکیش هەیە غیرە کە دەکات بەدڵپیسی دەیکات، ئەمەش باش نییە.

مەروە محەمەد ئەمین، ساڵی ١٩٨٣ لەهەڵەبجە لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە لەساڵی ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥، لەچەند درامایەکو شانۆیەکدا لەسلێمانی بەشداریکردووە

# شانۆی کوردی کەوتە بازاڕەوە




ژەنیار لەهەولێر

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، گروپی گەنج بۆ شانۆ، شانۆگەری "دایکم دوای عەسر لەدایکبوو" کە لەنووسینو ئامادەکردنی شانۆکار کارۆخ ئیبراهیم بوو و بە بەشداری پێنج ئەکتەر، لەناو بازاڕو لەنزیک دەرگای قەڵای هەولێر نمایشکرا.

کارۆخ ئیبراهیم لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند "ساڵانە دەچینە نێو خەڵک، بۆ ئەمساڵ لەڕێگەی ئەم شانۆگەرییەوە کە لەنووسینو ئامادەکردنی خۆمە، گەڕاینەوە ناو خەڵک، بۆئەوەی لەنزیکەوە لەگەڵ بینەر کۆببینەوەو بچینە ناو دڵی خەڵک".

سەرۆکی گروپی گەنج بۆ شانۆ وتیشی "بەشێکی دڵی شانۆ بینەرە، هەموو ساڵێک ئەو ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ جەماوەری شانۆ دەکەین". ئاماژەی بەوەشکرد کە دەبێت هەمیشە بە ئاڕاستەیەکی دروست بڕۆینو لێکتێگەیشتن هەبێتو یەکتر قەبوڵ بکرێت.

سایە حوسێن یەکێک لەئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو شانۆگەرییە بوو، قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانکانی هەولێرە، بەدەستووری وتی "لەو شانۆگەرییەدا ڕۆڵی دایکم دەبینی کە چوار کۆرپەی هەیە، دەکرێت بڵێین ئەو دایکە نیشتمانەو ئەو چوار کۆرپەیە چوار پارچەکەی کوردستانە".

هونەری شانۆیی سەرشەقام هونەرێکی باوە لەهەموو جیهاندا، لەکوردستان کەمتر کاری لەسەر کراوە، هونەرێکە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمە شانۆییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەخەڵک.

گروپی گەنج بۆ شانۆ لەساڵی ٢٠٠٨دا شانۆگەرییەکی سەرەشەقامیان لەچوارچێوەی فێستیڤاڵێکدا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان نمایشکرد.

# تورکیا دەستی نەگەیشتە فیلمەکەی مانۆ خەلیل

ژەنیار لەهەولێر

"داڤێد تولهیلدان" کە فیلمێکی دۆکیۆمێنتییە لەبارەی پەککەوە لەدەرهێنانی مانۆ خەلیل، چەندین جار حکومەتی تورکیا ڕێگری لەنیشاندانی ئەو فیلمە کردووە، بەڵام ئەمجارەیان دووجار لەکەناڵێکی سویسری بەزمانی ئیتاڵی پەخشکرا.

فیلمی "داڤێد تولهیلدان" لەدەرهێنانی مانۆ خەلیل دەرهێنەری ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژی دووشەممە ٢٦ ئایار، کاتژمێر ٤٠ ,٢١ ئێوارە بەکاتی ئەورووپا لەو کەناڵە پەخشکراو ڕۆژی دواتر کاتژمێر ٤٠ ,١٢ی نیوەڕۆ دووبارەکرایەوە.

"داڤێد تولهیلدان" چیرۆکی لاوێکی سویسری دەگێڕێتەوە بەناوی "داڤێد میللەر" کە کوڕی سەرۆکی دادگای فیدراڵی پێشووی سویسرایەو ماوەی شەش ساڵە ئەو کوڕەی هەموو خۆشییەکانی وڵاتەکەی جێهێشتووەو بەرەو چیا سەختەکانی کوردستان چووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە خەبات بکات بەمەبەستی بەدەستخستنی ئازادیو سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی باکووری کوردستان.

فیلمی "داڤێ تولهیلدان" بەرهەمی دەرهێنەر خۆیو کەناڵی ئاسمانی سویسری بەزمانی ئیتاڵیو ئەڵمانییە، بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری سویسریو دەزگای هاندانی کاری سینەمایی سویسرییە لەلۆزان بەرهەمهاتووە.

فیلمی داڤێد تولهیلدان لەڕێکەوتی ٧ ئادار ٢٠٠٧ بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن فێستیڤاڵی سینەمایی ئیمارات بانگهێشتکرا بۆ بەشداریکردن لەفێستیڤاڵەکەدا، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا لەڕێگای باڵیۆزخانەی خۆی لەوڵاتی ئیمارات فشاری خستەر سەر وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات، بۆئەوەی ڕێگە بەنمایشکردنی ئەم فیلمە نەدرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان پێیانوایە کە ئەم فیلمە "باس لە تیرۆر دەکات"، ئەم وەزارەتە بەفەرمی داوای لەبەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵ کرد کە ئەم فیلمە نمایش نەکەن.

جگە لەم فێستیڤاڵە لەفێستیڤاڵی سینەمایی سەنگاپوورە، حکومەتی تورکیا توانی فشار بخاتە سەر ئەو فێستیڤاڵەو ڕێگە بەنمایشکردنی ئەم فیلمە نەدات.

# خەوی باشەو لەمردن ناترسێت

موحسین یاسین لەسلێمانی

**دەستوور:** یەکەم گۆرانی کە تۆمارتکرد ناوی چی بوو؟

کەریم کابان: یەکەم گۆرانی کە تۆمارمکرد بەناوی "یاران وەسیەتم" بوو کە ئاوازی خۆمبوو، داوای لێبوردنتان لێدەکەم ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە ناوی شاعیرەکەم لەبیرچووەتەوە.

**دەستوور:** یادگاریت لەگەڵ چ شوێنێکی شاری سلێمانیدا هەیەو بیرەوەرییەکانت لێ تۆمارکردووە؟

کەریم کابان: بەهۆی ئەوەی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بووم، زۆربەی بیرەوەرییەکانم لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسدایە، ماوەی ٣١ساڵ خزمەتم کردووە.

**دەستوور:** خۆزگە بۆ چ شتێک دەخوازیت کە تاوەکو ئەمڕۆ نەهاتووەتەدی؟

**کەریم کابان:** خۆزگە بۆ ئەوە دەخوازم کە لەژیانمدا خانوویەکم هەبوایە بەناوی خۆمەوە بوایە، ئەوە هەموو ئاواتی منە.

**دەستوور:** حکومەتی هەرێم تاچەند هاوکاری کردوویت لەوبارەیەوە؟

**کەریم کابان:** بۆ دابینکردنی خانوو نەخێر.

**دەستوور:** هەروەکو دەزانین لەژیانتدا دووجار ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە، یەکەمیان ناوی چی بوو لەساڵی چەند پێکتهێنا؟

**کەریم کابان:** یەکەمیان ناوی سەبری بوو، رێکنەکەوتینو خەڵکی رەواندز بوو، دواجار جیابووینەوە، دووەمیان لەساڵی ١٩٥٥ەوە ژیانم لەگەڵدا پێکهێناوەو تاکو ئەمڕۆ بەیەکەوە دەژین.

**دەستوور:** حەزت لەدەنگی چ گۆرانیبێژێکە؟

**کەریم کابان:** زۆرم حەز لەدەنگی گۆرانبێژ حەمە جەزایەو زۆرم پێخۆشە، هەروەها حەزم لەدەنگی گۆرانیبێژی نەمر مامۆستا عەلی مەردانە لەگەڵ گۆرانیبێژی گەورە، مەزهەری خالقی.

**دەستوور:** لەم تەمەنەی ئێستادا لەگەڵ خەوتندا چۆنیت؟

**کەریم کابان:** خەوم باشە، بەڵام نەخۆشی وازم لێناهێنێت، نەخۆشی ناهێڵێت پشوو بدەم.

**دەستوور:** لەژیانتدا پایسکلت لێخوڕیوە؟

**کەریم کابان:** بەڵێ لەلێخوڕینی پایسکلم زانیوەو لەتەمەنی لاویدا بەکوچەو کۆڵانەکانی شاری سلێمانیدا لێمخوڕیوە.

**دەستوور:** لەمردن ناترسیت؟

**کەریم کابان:** مردن شتێکی ئاساییە بۆ هەمووکەسێک بۆچی لێیدەترسم.

**دەستوور:** نازناوی کابان لەچییەوە هاتووە؟

**کەریم کابان:** ئافرەتێکە نەنکی باپیرمەو ئیتر هەمووی بەو کابانە هاتووە.

**دەستوور:** دەمانەوێت بزانین تاوەکو ئێستا خاوەنی چەند گۆرانیت؟

**کەریم کابان:** نزیکەی ٢٠ گۆرانیم هەیە، کە لەئێستگەو تەلەڤیزیۆن تۆمارمکردووە، لەوەزیاتریش تاقەتم نەماوە لەگەڵ کاری هونەریدا، چونکە لەکوردستاندا هونەرمەندی داماو هیچ سوودو قازانجێک ناکات، هەموو شتێک لەسەر گیرفانی خۆمان دەکەین.

**دەستوور:** رات چییە سەبارەت بەو گۆرانبێژە لاوانەی کە ئەمڕۆ گۆرانییە کۆنەکانی ئێوە دەڵێنەوە؟

**کەریم کابان:** ئەگەر بەباشی وەکو خۆی بیڵێنەوە ئەوا شتێکی باشە بابیڵێنەوە، ئەگەرنا با بەخراپی نەیڵێن.

**دەستوور:** ساڵی چەند لەلای خەڵک ناسرایت؟

**کەریم کابان:** هەرلەمنداڵییەوە بەهۆی ئەو ئێستگەیەی کە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەبەردەرکی سەرا دانرا وەکو ناو کەریم کابان ناسراوبووە، بەڵام وەکو گۆرانبێژ تا نەچوومە تەلەڤیزیۆن خەڵک نەیناسیم.

**دەستوور:** ئاستی تیپی مۆسیقای سلێمانی جاران و ئێستا چۆنە؟ چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟

**کەریم کابان:** جاران تیپی مۆسیقای سلێمانی کە تازە دەستیانکردبوو بەکاری هونەری، کەموکوڕییان هەبوو، بەڵام ئێستا زۆر بەتوانانو تیپێکی زۆرباشو بەناوبانگی شاری سلێمانییە.

**دەستوور:** ئایا لەسەرەتای کاری هونەریتەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی کارتکرد؟

**کەریم کابان:** نەخێر لەسەرەتاوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێستگەی بەغداد گۆرانیموت، پاشان لەگەڵ ئەوان.

**دەستوور:** لەتەمەنی لاویدا گۆرانیت بۆ ئافرەت وتووە؟

**کەریم کابان:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک گۆرانیم بۆ ئافرەت نەوتووە.

**دەستوور:** لەسەردەمی رژێمدا تووشی گرتنو راودوونان نەبوویت؟

**کەریم کابان:** هەمیشە داوایان لێدەکردین کە سروود بڵێین، بەڵام هەموو جارێک خۆمان دەپەڕاندەوەو دەمانوت ناوێرین لەبەرئەوەی دەمانکوژن.

**دەستوور:** زۆرترین گۆرانییەکانت ئاوازو هۆنراوەی کێ بووە؟

کەریم کابان: زۆربەی گۆرانییەکانم ئاوازی خۆمەو هەندێکیشی فۆلکلۆرە کە تۆمارمکردووە.

**دەستوور:** بەبۆچوونی تۆ گۆرانیو مۆزیکی کوردی تاچەند رەسەنایەتی پاراستووە؟

**کەریم کابان:** هونەرمەندانی ئەمڕۆ گوێ نادەنە مۆرکی کوردیو رەسەنایەتی، بۆیە من داوایان لێدەکەم مۆرکی کوردیو رەسەنایەتی با بەگۆرانییەکانیانەوە بێت، چونکە ئێمەش وەکو هەموو جیهان مۆرکی تایبەتمان هەیە، کە ئەویش گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە، با لەئاوازی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانەوە ئاواز دابنێن.

**دەستوور:** گۆرانیو مۆزیکی پێش راپەڕینو دوای راپەڕین چۆن دەبینی؟

**کەریم کابان:** پێش راپەڕین گۆرانیو مۆزیکی کوردی راوەستابوو، بەڵام لەدوای راپەڕین هونەری گۆرانیو مۆزیکی کوردی زیندووبووەتەوەو ئێستا بەرەو پێشەوە دەڕوات.

**دەستوور:** بۆچی گۆرانییە کۆنەکانی ئێوە تاوەکو ئەمڕۆش هەر بەزیندوویەتی ماوەتەوە؟

**کەریم کابان:** ئێمە ئەو سەردەمە گۆرانی کوردیمان وتووە، گۆرانییەکانی ئێمە مۆرکی کوردییان پێوەیە، دوای ئەوەش ئێمە دڵسۆزانە گۆرانیمان وتووەو دەیڵێین، ئێمە گۆرانی دەڵێین بۆ خزمەتی هونەر، گۆرانی ناڵێین بۆ پارە.





هونەرمەندی گەورە، کەریم جەلال مەحمود، ناسراوە بەکەریم کابان، لەساڵی ١٩٢٧دا لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. دەرچووی قۆناغی ناوەندییە، دواتر بەهۆی گرانییەوە کە جەنگی جیهانی دووەم بووە وازی لەخوێندن هێناوەو نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، دواتر چووە بۆ بەغداو چووەتە خولی سلکی هێزی پۆلیسەوە. سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی، ئەوکاتەی کە قوتابی بووە لەمەکتەبی "فەیسەڵییە"ی سەرەتایی لەشاری سلێمانی. لەگروپی سروودی قوتابخانە بووە، دوای ئەوەی ئێزگەیەکی ناوچەیی لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەشاری سلێمانی بەفەرمی دانراوە، پاشان هەرلەو ئێزگەیە گۆرانی وتووە.

کەریم کابان گەورە هونەرمەندی کورد داوا لەهونەرمەندە نوێیەکان دەکات مۆرکی رەسەنایەتی بەگۆرانییەکانیانەوە بێتو دەڵێت "ئێمەش وەکو هەموو جیهان مۆرکی تایبەت بەخۆمان هەیە".
کەریم کابان دەڵێت لەئێستادا تەنها خۆزگە بەخانوویەکەوە دەخوازم کە بەناوی خۆمەوە بێتو وتی "هیچ خۆزگەیەکی ترم نییە".

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی لەڕادەبەدەر خۆش دەبێت بۆت، زۆر بەئومێدەوە لەژیان دەڕوانیتو هەموو شتەکان بەڕەنگاوڕەنگیو جوانی دەبینیت، ورەت بەرز دەبێتو هەستدەکەیت شتێک نەبێت بەسەریدا زاڵ نەبیت.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

هەست بەلایەنێکی رۆحی زۆر کاریگەر لەژیانتدا دەکەیت کە تا ئێستا هەستت پێ نەکردووە، کاروبارەکان ئاسانتر لەجاران بەدەستتەوە دێن، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکان پێویستە خۆت بخەیتە شوێنی کەسانی بەرامبەرت.

## دووانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

لەم هەفتەیەدا چەند بڕیارێک دەدەیت، بەڵام پێویستە ئاگاداربیتو پەلە نەکەیت، هەست بەسەرکەوتن ناکەیت لەکارەکانتداو لەلایەنی سۆزداریشەوە دەگەیتە ئەو باوەڕەی ئەو کەسەی لێت نزیکە لەگەڵت ناگونجێ.

## قرژاڵ



(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

کەسێک کە پێشتر زۆر ئازیز بووە لات سەردانت دەکات یان هەواڵت دەپرسێ، لەوانەیە تۆ وەک پێویست بەدەمییەوە نەچیتو حەز بکەیت لێی دووربکەویتەوە، ئەگەر گوێی لێ بگریت پەیوەندییەکانتان باش دەبێتەوە.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

هەرچەندە رەوتی رووداوەکان کەمێک سەختی پێوە دیاربووە، بەڵام هەستدەکەیت کاتێکی زۆر خۆشت گوزەراندووە، خۆشەویستی پێشووت دووبارەو زۆر لەجاران باشتر دەگەڕێتەوە لات، هەستێکی سەیر لەلای هەردووکتان دروستدەبێت.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

رەوتی هەسارەکان بەجۆرێکە کە چاوەڕێی چەند شتێکی خۆش دەکەیت رووبدات، حەز دەکەیت رۆتینەکانی ژیانی رۆژانەت بگۆڕیت، کراوە دەبیت بەڕووی پەیوەندییەکاندا، بەڵام هەندێ لایەنی شاراوەشت هەیە کە دەرناکەون.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

لەم چەند رۆژەی داهاتوودا زۆر بیر لەلایەنی دارایی دەکەیتەوە، کۆمەڵێ پڕۆژە دێن بەخەیاڵتداو هەوڵ بۆ ئەنجامدانیان دەدەیت، ئەگەر بتوانیت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کاربکەیت کە لەگەڵت دەگونجێن سەرکەوتوو دەبیت.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

دەتەوێ کەمێک لەو خەرجییە زۆرانەی رابردووت کەمکەیتەوە،لەماوەی داهاتوودا کێشە داراییەکانت چارەسەر دەبن، دەبێت ئەم ماوەیە دەست بڵاو نەبیت، چونکە لەماوەی داهاتوودا پێویستیت بەپارە دەبێت.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

زۆر چالاک دەردەکەویت،کەسانی دەوروبەریشت ئەمەیان زۆر پێ خۆش دەبێت، پارەی زۆر خەرج دەکەیتو لەماوەی چەند هەفتەی داهاتووشدا ئەم دەست بڵاوییەت پێوە دیار دەبێت،بۆیە پێویستە ئاگات لەداهاتت بێ.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

چەند گرفتێکی تەندروستیت لەکۆڵ دەبێتەوە، ئامۆژگاری کەسانی دەوروبەرت لەبارەی چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بەهەند وەربگرە، کێشە داراییەکانت ئەم ماوەیە لەکۆڵت نابنەوەو بۆ هەرکوێ بڕۆیت بەدواتەوەن.


## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

ئەم ماوەیە دەرفەتێکی باشە بۆ قسەکردنو را گۆڕینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لێت نزیکنو لەبەر ئەوەش کە زۆرت حەز لەقسەیە دڵخۆش دەبیت بەو کارە، جیاواز لە رابردوو حەز دەکەیت هەموو شتێک بزانیت.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

باریی داراییت بەهۆی موفاجەئەیەکەوە زۆر باش دەبێت، ئەو پارەیەی دەستت دەکەوێ زۆر گونجاو دەبێت بۆتو دڵخۆشت دەکەن، گەشتکردن بۆ دەرەوەی شار ئاسوودەترت دەکاتو کێشەکانت بیر دەباتەوە.

# بۆچی خوێندکاران ماندەگرن؟!

## هەوڵدان بۆ رازیکردنی تێکرایی مرۆڤەکان، کلیلی تێکرایی شکستەکانە



بێڵ کازین
عومەر محەمەد ئەمین ڕەزا*

گۆڕینی سیستمی تاقیکردنەوەکان دەبێتەهۆی گۆڕینی پرۆگرامەکان، ئەم گۆڕانکارییە سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنو تەندروست، ئەکتیڤکردنی کادیری پەروەردەیی جێگەی دڵخۆشییە بۆ ئەو کەسانەی کە بتوانن بڕیاری ئاوەها گرنگبدەن لەسەر گۆڕانکاری، هیچ گۆڕانکارییەکیش بەبێ کەموکوڕی نابێتو جێبەجێکردنیشی بەبێ ئاستەنگ ناچێت بەڕێوە، بۆیە هەر کاتێک بمانەوێت گەندەڵی بنبڕبکەین پێویستە گۆڕانکاری بکەین، هەر کاتێکیش گۆڕانکاریت کرد پێویستە خۆت ئامادەبکەیت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی کە زیانمەند دەبن لەبڕیارەکە، بەهەرحاڵ بڕیارەکە لەدوای جێبەجێکردنی بەماوەیەک ئەوکاتە دەتوانین بڕیاربدەین کە بڕیارێکی ئەرێنییە یان نەرێنییە.

هیچ کەموکوڕییەک بەبێ ترس جێبەجێناکرێت هەر کاتێک ئامادەبوویت گۆڕانکاری بکەیت پێویستە خۆت ئامادەبکەیت بۆ دوو بۆچوونی جیاواز کە یەکێکیان دەستخۆشییە، ئەوی تریان بەرەنگاربوونەوەیە کە ئەویش ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە ترسیان لەبڕیارەکە هەیە، وەکو ئەو مانگرتنەی ئەمساڵ کە لەمانگی رابردوودا روویدا.

هەر گۆڕانکارییەک لەپرۆسەی پەروەردەدا ئەستەمە کە بتوانرێ ئەنجامەکانی دوای ساڵێک یان دوو ساڵ بزانرێ، بۆیە پێویستە چەند قۆناغێک چاوەڕوانبین تا دەرئەنجامەکانی ئاشکرادەبێت، ناکرێت هێشتا ئەنجام دیارنییە بەرەنگاری ببیتەوە، ناشکرێت بڕیاردەران بڕیاری بەپەلە بدەن لەسەر گۆڕانکارییەکە، بەدواداچوون لەسەر سیستمەکە دەرئەنجامەکان بەهەر شێوەیەک بن دەردەکەون، وازهێنان لەسیستمە نوێیەکە گەڕانەوەیە بۆ دواکەوتن.

ئەگەر چاوێک بەمێژووی ئەم ساڵانەی دوای راپەڕین بخشێنین کاتێک کە بڕیاردرا تاقیکردنەوە لەپۆلەکانی ١، ٢ ، ٣ی بنەڕەتی (سەرەتایی) نەمێنێت کۆمەڵێکی زۆر دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە، بەڵام سەرئەنجام مامۆستایان کە راستەوخۆ پەیوەندیان بەکێشەکەوە هەیە لەگەڵ کەسوکاری قوتابیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە نەمانی تاقیکردنەوەکانی ئەو پۆلانە لایەنە باشەکانی زیاترە، لەیەکێک لەبڕیارەکانی تری پەروەردەدا نەمانی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دواتر ئەگەر هەر خوێندکارێک لەوانەیەک کەوتبێت دەچێتە پۆلێکی تر ئەمەیان زیاتر قسەی لەسەر کرا، بەڵام سەرئەنجام ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ زیاتر مژدە بەخشبوو، رێژەی دەرچووان لە٩٠٪ بوو و لەچاو ساڵانی پێشووتردا بەرزتر بوو، ئەم رێژەیەش چەندین پرسیارمان لادروست دەکات، کە هەمووان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە تاقیکردنەوەکان بەو شێوە ترسناکەی ئێمە چەند قازانجی هەیە لای کۆمەڵێک خەڵک کە دەڵێن چەند تاقیکردنەوەکان قورستر بێت ئەوە زیاتر قوتابی کۆشش دەکاتو زیاتر ماندو دەبێت، لەبەرامبەردا گەورەترین کارەساتی دەرکەوتنی وازهێنان لەخوێندن پەرەدەسێنێتو دەرکەوتنی دیاردەی نەخوێندەواری تەشەنە دەسێنێت لەئەنجامی ئەو ترسو تۆقاندنە لەتاقیکردنەوەکان، ئەمەش دەبێتە کارەسات بۆ گەلەکەمان لەکۆمەڵگەیەکی خوێندەوارەوە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار بە بەڵگەش سەلمێنراوە کە زۆر لەنەهامەتییەکانی وازهێنانی خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەکان لەساڵانی رابردوودا.

لەجیهاندا، ئەقڵەکان دابەشبوون بەسەر دوو بەشدا، هەردەم بەشێک لەگەڵ گۆڕانکاریو نوێخوازیدایە، بەشێکیش پێدادەگرێ لەسەر ئەو کارو کردەوە کۆنانەی لەسەردەمی تەقیانووسەوە کاری پێکراوەو پێیانوایە گۆڕان نابێت بکرێت بۆ نمونە تاوەکو ئێستاش نەک لەناو خەڵکی خوێندەواردا، بەڵکو لەناو ستافی نووسەرانو رۆشنبیرانیشدا پرۆگرامو سیستمە کۆنەکان بایەخێکی زۆریان هەیە وەک ئەلفوبێیەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار کە لەناوەڕاستی سەدەی پێشوودا نووسراوەو دوای زیاتر لە ٦٠ شەست ساڵ خوێندن جێگەی داخە هەندێک نووسەر تائێستاش لەسەر لایەنە چاکەکانی ئەم کتێبە دەنووسن، لەجیاتی ئەوەی بیربکەنەوە لەدانانی کتێبێکی نوێ.

لەدنیای گۆڕانکاریدا ساڵانە گۆڕانکاری لەپرۆگرامدا دەکرێت، ئەگەر گۆڕانکاری ناکەیت دەکەویتە فارگۆنی کۆتایی شەمەنەدەفەرەکەوە، ئەگەر گۆڕانکاریش دەکەیت لەناو فاروگۆنەکاندا تووشی کێشمەکێش دەبیت، گۆڕانکاری مانای ژیانە، نوێبوونەوەیە، ئەگەر نەگەینە فاروگۆنی یەکەم گرنگ ئەوەیە لەفاروگۆنی کۆتایش نەبیت. هەرچەندە رێگر هەبێت مێژوو دەیسەلمێنێت کە گۆڕانکاری دەتوانێت دەنگی رێگرەکان کپبکاتەوەو هێدی هێدی بێدەنگیان بکات. ئەوەی راماندەکێشێت بۆ ناو بابەتەکەمان مانگرتنی ئەم دواییەی خوێندکارانە کە بەبێ ئەوەی بزانن بڕیاری گۆڕینی سیستمی نوێی خوێندن قازانجی بۆ کێیە.

لەدوای بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە رۆژانی ٢٢-٢٤/ی ئایاری/٢٠٠٧ ئەم بڕیارە لەپەرلەمانی کوردستان بڕیاری کۆتایی پێدراوە بە بەندی ٤٩ لەیاسای سیستمی خوێندنگە ئامادەییەکان، لەساڵی ٢٠٠٩ە بەم شێوەیە بڕیاردراوە:

**بەندی ٤٩:** تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ئامادەیی پۆلەکانی ١١، ١٢ بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: تاقیکردنەوەکانی ناو پۆل، رۆژانەو مانگانە:** بەمەبەستی تاقیکردنەوەی کۆششی خوێندکاران لەماوەی ساڵی خوێندندا، مامۆستا تاقیکردنەوەکانی رۆژانە لەماوەی وانەکاندا‌و لەکاتی گونجاو جێبەجێدەکاتو تاقیکردنەوەکانی مانگانەش لەکۆتایی هەموو مانگێکی خوێندندا ئەنجامدەدات بەمەرجێک لەهەر وەرزێک لەدوو تاقیکردنەوە کەمتر نەبێت.

**دووەم: تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ:**

ا. ئەمیش بەدوو خول ئەنجامدەدرێت، یەکەمیان لەکۆتایی ساڵی خوێندنو دووەمیان لەکۆتایی پشووی هاوینە، ئەم تاقیکرنەوەیە تەواوی پرۆگرامی خوێندن دەگرێتەوە کاتێ ئەنجامدانی ئەم دوو تاقیکردنەوەیەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان دەست نیشاندەکرێن.

ب. وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە سیستمی تاقیکردنەوەکانی ئامادەیی پۆلەکانی ١١و ١٢ بەئاڕاستەی سیستمی وەرزی بەرێت.

**سێیەم: تاقیکردنەوە گشتیەکان:**

ا. تاقیکردنەوە گشتیەکانی قۆناغی ئامادەیی بەدوو خول ئەنجامدەدرێن بەپێی رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان.

ب. نمرەی کۆتایی تاقیکردنەوە گشتیەکان بۆ لقەکانی زانستیو وێژەیی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:

١. خوێندکار لەقۆناغی ئامادەیی رێژەیی نمرەی لە١٠٪ لەپۆلی ١٠و لە١٥٪ لەپۆلی ١١ لەگەڵ خۆیدا کۆدەکاتەوە.

٢. رێژەیی لە٧٥٪ نمرەی لەبابەتەکانی تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی ١٢ وەردەگیرێت .

٣. رێژەیی لە٧٥٪ نمرەی لەبابەتەکانی تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی ١٢ وەردەگیرێت ئەنجامی کۆتایی قۆناغی ئامادەیی بۆ پێشبڕکێکردن لەزانکۆو پەیمانگاکاندا، کۆکراوەی رێژەی نمرەی پۆلەکانی ١٠و ١١و ١٢ دەبێت.

٤. رێژەی وەرگیراو لەهەردوو پۆلی ١٠و ١١ لەو بابەتانە وەردەگیرێت کە هاوبەشن لەگەڵ ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوە گشتیەکان لەپۆلی ١٢.

**چوارەم: ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکان:**

ا. بەفەرمانی وەزیری پەروەردە لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بەسەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت کە پێی دەگوترێت لیژنەی بەردەوامی تاقیکردنەوە گشتییەکانو دواتر بەناوی لیژنەی بەردەوامەوە دەناسرێت.

ب. ئەندامانی لیژنەی بەردەوام لەو کەسانە دەستنیشان دەکرێن کە ناسراون بە دڵسۆزیو گیانی بەرپرسیارێتیو دەستپاکیو خاوەن ئەزمون لەبواری پەروەردەو فێرکردن، بەڕێوەبەری گشتی تاقیکردنەوەکانیش دەبێتە جێگری سەرۆکی لیژنە.

پ. لیژنەی بەردەوام پێکەوە بەرپرسن لەبەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە گشتییەکانو دانانی پرسیارەکانو پاراستنی نهێنییەکانیو دەرهێنانی رێنمایی تایبەت بەرێکخستنیو بەڕێوەچوونی راگەیاندنی ئەنجامەکانیو بەدواداچوونەوەیان، کارەکانی لیژنەی بەردەوام بەکاری بەدەرایی (استپنائی) دادەنرێت جیا لەکاری فەرمانبەری ئاسایی.

**لایەنە باشەکانی ئەم بڕیارە**

١. بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران، واتە خوێندکار لەجیاتی ئەوەی ١ ساڵ لەپۆلی ١٢دا هەموو تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ ئەوا لە ٣ ساڵدا لەپۆلەکانی ١٠-١١-١٢ تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ، بەخەرمانێک لەزانستەوە دەچێتە زانکۆکان.

٢. دابەشکردنی نمرەکان بۆ ٣ ساڵ هۆکارێکی تری یارمەتیدەری خوێندکارانە، ئەمەش پاڵپشتێکی باشە بۆ خوێندکاران لەکاتی روودانی حاڵەتێکی لەناکاودا بۆ نموونە لەساڵانی پێشوودا زۆرجار روویداوە کە خوێندکارێک لەقۆناغی ناوەندیو ئامادەیی جاراندا بەخشراوە لەوانەکان، واتە بەرزترین نمرەی بەدەستهێناوە، بەڵام لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی جاراندا بەهۆی روودانی حاڵەتێکی لەناکاوەوە وەک مردنی نزکترین کەس، حاڵەتی نەخۆشییەکی کتوپڕی خێزانەکەی، تووشی شۆکبوون لەتاقیکردنەوەدا... هتد بەهۆی ئەم بارودۆخانەوە نەیتوانیوە ئەو نمرەیە بەدەستبهێنێو لەئاست زیرەکییەکەی جارانی نەبووە، بۆیە لەیەکێک لەکۆلێژەکانی تر وەرگیراوە کە لەئاستی خواستەکانی ئەو خوێندکارەدا نەبووە، بۆیە ئەم سێ ساڵە دابەشبوونی نمرەکان بەسەریاندا رزگاربوونە لەو حاڵەتە لەناکاوانە، خوازیارین لەجیاتی ئەو ٢٥ نمرەیە بۆ پۆلی ١٠-١١ بکرایە بە٥٠ نمرە بۆ ئەو پۆلانەی سەرەوەو نمرەی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لەسەر ٥٠ نمرە بوایە، ئەو کاتە خوێندکار زیاتر لەم بارودۆخانەی سەرەوەدا سوودبەخش دەبوون.

**لایەنە نەرێنییەکان (سلبییەکان)**

یەکێک لەگرفتەکان ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندنگەکاندا لەشێوازی بەڕێوەبردنو وانەوتنەوەدا، لەو جیاوازییەشدا هەندێک لەمامۆستایان ناتوانن حەقی تەواوی نمرەکانی خوێندکاران بدەن، لەهەندێک خوێندنگەدا نمرەی زیاد دەدرێ لەهەندێک خوێندنگەدا نمرەی کەم دەدرێت، ئەمەش بووەتەهۆی کێشەی خوێندکاران لەمیکانیزمی بەڕێوەچوونی دانانی نمرەدا.

بەهەر حاڵ لایەنە باشەکانی زۆر زیاترە لە لایەنە خراپەکانی دەبوایە خوێندکاران لەجیاتی ئەوەی مانبگرن شەڕی دابەشبوونی نمرەیان بکردایە بەسەر پۆلەکاندا بۆئەوەی بیانتوانیایە بەخەرمانێک لەزانست بچونایەتە زانکۆکانەوە.

***بەڕێوەبەری نووسین لەرۆژنامەی ئامانج بەڕێوەبەری پەروەردەی دەربەندیخان**

---

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

# هەڵسەنگاندنی سیستمی پەروەردەیی

ئەگەر بۆم هەبێت یەکێک لەو بڕیارانە هەڵبژێرم کە لەچوارچێوەی ریفۆرمی پەروەردەیی ٢٠٠٧ لەئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان پەسەندکرا ئەوە ئەو بڕیارە هەڵدەبژێرم کە وەزیری پەروەردە هەڵیپەسارد.

بەهەموو پێوانەیەکی زانستیو مەعریفی ئەوە یەکێک بوو لەبڕیارە هەرە باشەکان کە دەشێت لەپیادەکردنیدا هەڵە هەبوو بێت، بۆیە هەڵپەساردنی بڕیاری دابەشکردنی نمرەکان بەسەر هەر سێ پۆلی ١٠-١٢و گەڕانەوە بۆ سیستمە کۆنەکە یەکێکە لەبڕیارە دواکەوتووەکانی سەردەمو یەکێکە لەو هەڵە مێژوویانەی مرۆڤ بەدەگمەن جورئەت دەکات بڕیاری لەسەر بدات.

هەموو پسپۆڕێک لەبواری پەروەردەی هاوچەرخدا بەبیستنی ئەو بڕیارە تواناو لیاقەتی وەزیری پەروەردە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە تا چ رادەیەک لەپەروەردەو پرۆسەی فێکردن شارەزایە، دەرکردنی ئەم بڕیارە سەرپێییە بەدەر لەوەی نایاساییە لەهەمانکاتیشدا سەرچاوەی ئاوەکان لێڵتر دەکاتەوەو هەنگاوێکە بەرەو دواوەمان دەبات، ئەو هەموو پەروەردەکارانەی لەدەرکردنی ئەو بڕیارەدا کاریان کردووە هەر لەقۆناغی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنەوە تا قۆناغی دارشتنی لەچوارچێوەی بڕیاردا هەوڵو ماندووبوونێکی یەکجار زۆریان دیوە، بەڵام بەبێ شارەزابوون لەو بنەمایانەو بەبێ ئاگاداری لەسیستمی پەروەردەو شارەزابوون لەمیکانیزمی سیستمی نوێ، وەزیری پەروەردە دێتو هەموو بەسەر یەکدا دەداو تێکیدەداتەوە، تەنانەت بڕیاری هەڵپەساردنی ئەوەندە کورت بوو بواری ئەوەشی تێدا نەهێشتەوە کە مرۆڤ لەوە بکۆڵێتەوە ئایا ئەم بڕیارە چۆن هاتە کایەوەو لەکوێ کاری پێدەکرێت بۆ خراپەو چۆن چارەسەری خراپەکانی بکرێت. وەزیری پەروەردە بڕیاری ئەوەیدا پێداچوونەوە بۆ کۆی سیستمەکە بکرێت، ئەگەر ئەم پێداچوونەوەیە بەمانای هەڵسەنگاندن بێت ئەوە کارێکی باشەو لەناو خودی سیستمەکەدا ئەوە هاتووە کە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ سیستمەکە بکرێت، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم کارە بکرێت؟

وەزیری پەروەردە ئەوەی راگەیاند کە ئەوان بۆ ئەم کارە کۆنگرە دەبەستنو رای دایبابەکانو خوێندکارانیش وەردەگرن، دەربارەی ئەم کارە بەڕێز وەزیری پەروەردە کۆمەڵێ قسەی تریشی کردووە کە بۆ من جێگای سەرسوڕمانن، بەر لەهەموو شتێک هەڵسەنگاندن پێویستی بەکۆنگرە نییە، بەڵکو کاری نوخبەیەکی زۆر وردبینو شارەزایە لەکاری سیستمی پەروەردەییو گرتنی هەر کۆنگرەیەک بۆ کاری هەڵسەنگاندن مانای ئەوەیە مرۆڤ لەپێناسەی کۆنگرەو هەڵسەنگاندندا کورتبینی هەیە، زۆر بەلاشمەوە سەیرە لەسەر ئاستی حکومەتدا ئەو کارە بەرجەستە ببێت، دواتر بەشداریپێکردنی منداڵانو هەرزەکارانو دایبابەکان ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدارەو بۆ من دوو خاڵ دەگەیەنێت کە هەردووکیان زۆر مەترسیدارنو لیاقەتو شارەزایی وەزیری پەروەردە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت کۆمەڵێک پسپۆرو شارەزا بەپاڵپشتی وەزیری پەروەردەو سەرەک وەزیران هەوڵبدەن سیستمێکی نوێ بۆ پەروەردە پێکەوەبنێنو دوای ئەوە کۆمەڵێکی دیکە بێنو هەڵیبسەنگێنن کە بەشێکیان نەلەرووی تەمەنو نەلەرووی زانستەوە بەهیچ شێوەیەک شارەزاییەکیان نییە، لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا دایبابەکانو خوێندکاران سیستمەکان هەڵناسەنگێنن. لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە خوێندکاران گرنگ نینو نابێت ئێمە گوێ بۆ بۆچوونەکانیان رانەدێرین، بۆچوونی خوێندکاران جێگایەکی دیکەی هەیە ئەویش ئەو راپۆرتو لێکۆڵینەوانەیە کە دەبێ بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئامادە بکرێن، بەشێوەیەکی دیکە ئەو لێکۆڵینەوانەی دەبێ بخرێنە بەردەستی شارەزایان دەبێ لەبەر رۆشنایی لایەنی پراکتیکی سیستمە تازەکەدا نووسرابێتو ئەوە روون بکرێتەوە کە تا چەند خوێندکاران لەگەڵ ئەو سیستمەدا هەڵ دەکەن یا نا، چیمان پێویستە بۆئەوەی ئەو کەموکوڕیانە پڕبکەینەوە، لەوێدا بێگومان کێشەی بینا، کەمی مامۆستا، گرفتی پرۆگرامەکان ...هتد لەروانگەی مامۆستایانو بەڕێوەبەرەکانو خوێندکارانیشەوە دێنە بەرباس.

من پێموایە هەر راپۆرتو لێکۆڵینەوەیەک بەبێ ئەم فاکتەرە دروست نییە، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنو بڕیاردان لەسەر هەرشتێک نابێت رای خوێندکارانو دایبابەکان وەرگیرێت، چونکە سیستمی هەر وڵاتێک شارەزایانو پسپۆڕەکان دەینووسنەوە، ئیدی ئەو شارەزایانە مامۆستاو بەڕێوبەرن یا نووسەرو بیرمەندن لەبواری پەروەردەدا.

دەسەڵات هەمیشە بەسەر جۆری سیستمی پەروەردەییدا زاڵ بووەو ئەوەی ویستویەتی کردویەتی، لەکۆنگرەدا سەرەک وەزیران لەپەیامەکەی خۆیدا داوای گۆڕانکاری کردو وەزیری پەروەردەش خۆی بەشێوەیەکی جیدی لەگەڵ گۆڕانکارییەکی هاوچەرخو نوێخوازدا بوو، بۆیە ئەمەش لەبەشداربووەکانی کۆنگرەو تەوەرەکانیدا رەنگی دابۆوە، بەلای منەوە بەشداریپێکردنی کەسانێکی بێتواناو نەشارەزا لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی سیستمی پەروەردەیی کە دوێنێ توانرا بەشێوەیکی باش گۆڕانکاری تێدا بکرێت ئاماژەیەکی ترسناکە بۆئەوەی کاری هەڵسەنگاندنەکە زیاتر بەلای بەرەی کۆنسێرڤاتیڤەکاندا دەشکێتەوە، چونکە بەلای منەوە بەشداربووەکانی ئەو کارە هەندێک لەئەنجامە کۆتاییەکە بەدەستەوە دەدەن. شتێکی روونە ئەگەر کۆمەڵێک کەس کە داکۆکی لەسیستمی بەناوەندبوونی نمرەو بڕیارو تاقیکردنەوەکان ...هتد بکەن کاری هەڵسەنگاندنەکان بکەن ئەوە بێگومان ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات.

> بەشداریپێکردنی کەسانێکی بێتواناو نەشارەزا لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی سیستمی پەروەردەیی کە دوێنێ توانرا بەشێوەیکی باش گۆڕانکاری تێدا بکرێت ئاماژەیەکی ترسناکە بۆئەوەی کاری هەڵسەنگاندنەکە زیاتر بەلای بەرەی کۆنسێرڤاتیڤەکاندا دەشکێتەوە

# "لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ماستەرپلان دەخەینە بەردەم خەڵك"

## سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**خەسرەو کەمال سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پڕۆژەی ریسایکڵبینەکەی سلێمانی هەڵوەشاوەتەوە بەهۆی ڕێکنەکەوتنی کۆمپانیاکەو شارەوانی لەسەر چۆنیەتی کۆکردنەوەی زبڵو خاشاکی سلێمانی.**

**دەستوور:** ماوەی چەند ساڵێکە شارەوانی سەرقاڵی دروستکردنی ماستەرپلانی شاری سلێمانیە، ئەوە بەکوێ گەیشت؟

**خەسرەو کەمال:** هەفتەی رابردوو وەزارەتی شارەوانی ماستەرپلانی سلێمانی پەسەندکرد، لەچەند رۆژی داهاتوودا لەراگەیاندنەکانو دەزگا رەسمیەکانەوە بۆ ماوەی ٩٠ رۆژ رایدەگەیەنین تا هاووڵاتیانو دەزگا رەسمییەکان تێبینیو سەرنجەکانی خۆیانی لەسەر بدەن، دواتر پەسەند دەکرێت، هەرچەندە تا ئەم ماوەیەش هەر کاری لەسەر دەکەین، بەڵام دوای ٩٠ رۆژ بەپێی یاسا پەسەند دەکرێت لایەنی یاسایی خۆی وەردەگرێت.

**دەستوور:** تاچەند کەموکوڕی تێدا نییە؟

**خەسرەو کەمال:** شت هەیە لەدنیادا کەموکوڕی تێدا نەبێت؟ ماستەرپلان شتێکە دەبێت بەردەوام کاری تێدا بکرێت، چونکە شار فراوان دەبێتو دەبێت بەردەوام زانیاری تازە داخڵ بکرێت، ئەوە لەهەموو دنیادا وایە، ماستەرپلان واتە نەخشەی بنەڕەتی، ناوچەکان جیادەکاتەوە، بەڵام شوێنەکان



خەسرەو کەمال. فۆتۆگراف: ئیدریس ئەبوبەکر

> مەسەلەی ریسایکلبین هەڵوەشێندرایەوە ئێستا بەنیازی ڕێگایەکی ترین، ئەویش خستنە ژێر زەوی ئەو خۆڵو خاشاکەیە بەشێوەیەکی زانستی

بەپێی گەشەکردنی شارەکە جیادەکرێتەوە، وەک نەخشەی بنەڕەتی ناوچەی نیشتەجێبوونو پیشەسازیو شەمەندەفەرو شەقامی گشتی دیاریدەکات، بەشێکی زۆری ماستەرپلانی سلێمانی جێبەجێکراوە.

**دەستوور:** چەند ساڵێکە دابەشکردنی زەوی لەسلێمانی راگیراوە، لەکاتێکدا لەسنووری ئێوەدا چەندین پارچە زەوی هەیە، بۆچی؟ ئەگەر دەڵێن بڕیاری حکومەتە خۆ ئێوە دەتوانن داوا لەحکومەت بکەن تاخەڵک لێی سوودمەند بێت، ئەی بۆ شارەوانی هەولێرو دهۆک زەوی دابەشدەکەن؟

**خەسرەو کەمال:** بەبڕیاری حکومەت سیاسەتی دابەشکردنی لەسنووری شارە گەورەکاندا راگیراوە، یاسایەکی نوێ دەرچووە کە دابنیکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەڕێگای شوقەو خانووەوە بکرێت ئەویش دەزگای وەبەرهێنان بەوکارە هەڵدەستێت، راستە شارەوانی زەوی بۆ دابیندەکات، بەڵام وەبەرهێنەر دەیکات بەیەکەی نیشتەجێبوونو هاووڵاتیانیش لەو ڕێگایەوە لێی سودمەند دەبن، ئەمە چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون دەکات، بەڵام ئەگەر دابەشکردنی زەوی بۆ ئەوەبێت کەسێک وەریگرتبێتو دواتر فرۆشتبێتیەوە ئەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون نەبووە، زۆربەی ئەو کەسانەی پێشتر زەویان وەردەگرت سودیان لێوەرنەگرتووەو فرۆشتویانەتەوە.

لەسنوری شارەوانیەکانی هەولێرو دهۆکیشدا زەوی دابەشناکرێت، چونکە بڕیارەکەی حکومەت یەک بڕیارە کە لە٢٠٠٦/٦/٨دا دەرچووەو لەوکاتەوە زەوی دابەشنەکراوە، هەندێک زەویش دابەشکرابێت کە ئەوانە پێش ئەو بڕیارە رەزامەندیان بۆ دەرچووە، بەڵام لەدوای ئەو بەڕوارەوە زەوی بەهاووڵاتیان نەدراوە.

**دەستوور:** دەوترێت ئێوە ناتانەوێت زەوی دابەشبکرێت، لەبەرئەوەی ئەو زەویانە دەدرێت بەکۆمپانیاکانو ئەوانیش خانوو شوقەی لەسەر دروستدەکەن، ئەوەش بەڕێککەوتنی نێوان بەرپرسانو خاوەن کۆمپانیاکانە؟

**خەسرەو کەمال:** ئەو قسەیە راست نییە، چونکە وەبەرهێن بەئارەزووی خۆی نرخ دانانێت، دەزگای وەبەرهێنانو لیژنەیەکی دیاریکراو بڕی تێچونی بیناکە دەخەمڵێنن، پارەی زەوی لەسەر هیچ هاووڵاتیەک حساب ناکرێت، وەبەرهێنەریش دەیەوێت قازانج بکات، چونکە بەقیست دەیداتە هاووڵاتیان.

**دەستوور:** چەندین زەوی لەلایەن ئێوەوە دراوە بەکۆمپانیاکانو کراوە بەشوقە، کەچی بۆ دروستکردنی ئەو زەویانە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان وەرنەگرتووە، لەلایەن ئێوەشەوە بۆیان دابینکراوە، ئەمانە بەفەرمانی کێ دراون؟ وەک پاک سیتی.

**خەسرەو کەمال:** نازانم لەسەر ئەو پرۆژەیە زانیاریم نییە، چونکە کاتی ئەو پرۆژەیە پێش دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان دروستکراوە، من باس لەو یاسایە دەکەم کە ئێستا کارپێیدەکرێت، ئێمە زەوی نادەین بەوەبەرهێن، بەڵکو دەیدەین بەدەزگای وەبەرهێنان، لەلایەن دەزگای وەبەرهێنانیشەوە دەدرێت بەو کۆمپانیایانەی یەکەی نیشتەجێبوون دروستدەکەن، دوای ئەوەی وەبەرهێن مۆڵەتی وەگرت ئەوکاتە ئێمە رەزامەندی لەسەر پێدانی زەویەکە دەدەین بەکۆمپانیاکە.

**دەستوور:** کێ بەرپرسە لەپێنەدانی مۆڵەت مەبەستم لەپرۆژەیەکی لەو شێوەیەی پاک سیتیە؟

**خەسرەو کەمال:** بەپێی یاسا دەزگای وەبەرهێنان بەرپرسە لەوەی پرۆژەکە هەڵبسەنگێنێت، چونکە کاتێک زەویەکەی بۆ دابیندەکات ماوەی یاسایی دەداتێ تاپرۆژەکە دەستبەکاربێتو لەو ماوەیەدا تەوابکرێت.

**دەستوور:** ساڵی رابردوو لەپێش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥دا لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەوکاتەوە بڕیاڕدرا ئەو خانوانەی بێ تاپۆن تاپۆ بکرێن، ئەوە بەکوێ گەیشت؟

**خەسرەو کەمال:** بەڵێ بەشێکی زۆریان تاپۆو تەملیک کراون، ئێستا ڕۆژانە هاووڵاتیان دێن ئەو خانوانە تاپۆدەکەن، ئەوەشی نەکرابێت پەیوەندی بەهاووڵاتیانەوە هەیە، چونکە هەندێک لەهاووڵاتیان تونای ئەوەیان نییە ئەو پارەیەی بۆ تاپۆکردنی ئەو خانوانە دیاریکراوە دابینبکەن، ئەو کارە لەشەو و ڕۆژێکدا ناکرێت، بەشێک لەو هاووڵاتیانە رازینین بەو پارەیەی دیاریکراوە، ئەوەی بڕیار بۆ تاپۆو تەملیکردنی دەرچوبێت ئێمە دەیکەین، واتە ئەوانەی بوون بەبڕیاری فەرمی وەک کانی سپیکەو قلیاسان ئێمە دەیکەن.

**دەستوور:** ماوەی چەند ساڵێکە زەوی بۆ دروستکردنی ریسایکلبین لەلایەن شارەوانیەوە دراوە بەکۆمپانیا، بەڵام تائێستا دروستنەکراوە، بۆچی؟

**خەسرەو کەمال:** ئەو مەسەلەیە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە، مەسەلەی ریسایکبلین کارێکی وائاسان نییە، کۆمپانیایەک هاتە پێشەوەو بڕیار بوو جێبەجێیبکات، بەڵام نەیتوانی بەو کارە هەڵسێت بۆیە کارەکە هەڵوەشێندرایەوە، چونکە ئەو کارگەیەی دادەنرێت پشت بەو پاشەڕۆیانە دەبەستێت کە لەو شارانەدا هەیە، خۆڵو خاشاکی سلێمانی لەگەڵ شارێکی تردا جیاوازی هەیە، لەبەرئەوە ریسایکلبین کارێکی وا ئاسان نییەو لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێت، ئەگەر خۆڵو خاشاکی سلێمانی بەچەند ساڵ لەمەوبەر بەراورد بکەیت، ئەوە زۆر جیاوازە ئەوکاتە ڕۆژانە ٢٠٠ بوتڵی پلاستیکی لەناو ئەو خۆڵو خاشاکەی سلێمانیدا نەبووە، ئێستا بەهەزاران بوتڵی پلاستیکی هەیە بۆیە مەسەلەی ریسایکلبینەکەش بۆ ئێرە زۆر زەحمەتە، ئێستا بەنیازی ڕێگایەکی ترین، ئەویش لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەمزاوانە بڕیاری لەسەردەدەین، ئەویش خستنە ژێر زەوی ئەو خۆڵو خاشاکەیە بەشێوەیەکی زانستی، ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ وڵاتی ئێمە کە لەتواناداا هەبێت.

**دەستوور:** دەوترێت شارەوانی دەیەوێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا شەریک بێتو خۆی خۆڵو خاشاکەکەی بۆ دابین بکات، بەڵام کۆمپانیاکە نایەوێت ئەوە بکات، بۆیە ئەو کارە جێبەجێنەکراوەو وەستێندرا؟

**خەسرەو کەمال:** شارەوانی ئامادەبوو ئەو کارەبکات، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە مەرجی گرانی خستە سەر شارەوانی کە لەناو گرێبەستەکەدا نەبوو، بۆیە کۆمپانیاکە وتی بەو مەرجانە دەیکەم، مەرجەکانیشی جێگای قبوڵ نەبوو، مەسەلەی پاکردنەوەی شاری سلێمانی کە بیدەین بەکۆمپانیاکە لەگرێبەستەکەدا نەبوو، دەشیان وت دەبێت گرەنتی ئەوەبکەن هەموو خۆڵو خاشاکەکە بگات بەدەستمان، دەبوایە ئێمە ئەوکاتە لەهەموو کۆڵانێکدا پۆلیسێکمان دابنایە تا کەس بوتڵ فرێنەدات، بەوە رازینەبووین، بۆیە ئێستا گرێبەستەکە هەڵوەشێندراوەتەوە.

# هەولێر چاوەڕێی گرفتێکی گەورەی ژینگەییە!

## بەهۆی زیادبوونی گازی ئۆکسیدی کاربۆنو ئەو هەموو دوکەڵەی لەئۆتۆمبێلەکانەوە دەردەچن، کارەساتێکی ژینگەیی چاوەڕوانمانە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاوردەی کوردستان کراون، ئەگەری گەورەی پیسبوونی ژینگە لەچەند ساڵی داهاتوودا لەئارادایە، شارەزایانی بواری ژینگە باس لەوەدەکەن کە کوردستان لەداهاتوودا دەبێت خۆی بۆ پیسبوونێکی گەورەی ژینگەیی ئامادەبکات.

لەکۆی ئەو ١٣٠هەزار ئۆتۆمبێلەی لەساڵی رابردوودا رەوانەی کوردستان کراوە پشکی گەورە بەر هەولێر کەوتووەو ئەوەش بووەتەهۆی قەرەباڵغێکی زۆر لەشەقامەکانی ئەو شارەداو هەراسانبوونی هاووڵاتیان.

بەهۆی زۆربوونی ئەو ئۆتۆمبێلانەشەوە، گرفتی پێسبوونی ژینگەی شارەکە بەڕای شارەزایانی بواری ژینگەو کەشوهەوا لەهەولێر زیاتربووە.

فەرەیدون هاشمی دانیشتوویەکی شاری هەولێرە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئەگەر بتەوێت لەشەقامێک بپەڕێتەوە ئەوە دەبێت ماوەیەکی زۆر بوەستیتو دوعا بکەیت نەبیت بەژێر ئۆتۆمبێلەوە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم لەهەولێردا ٢٦٢ هەزار ئۆتۆمبێلو ماتۆڕسیکل هەیە کە زۆرینەیان لەدوو ساڵی رابردوودا لەلایەن کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێلەوە هێنراونەتە کوردستان، لەو ئامارەدا کە دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتووە تەنها لەهەولێردا ١٤٤ هەزار ئۆتۆمبێلی تایبەتو ٧٢١٨٤ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو زیاتر لە ٦ هەزار ماتۆڕسکیل هەیە.

عەقید قادر سدیق بەڕێوەبەری راگەیاندنو هۆشیاری لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێم بەدەستووری راگەیاند "ئەگەری خنکانی هاتوچۆ لەئارادایە، دەبێت هەرچی زووترە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە".

بەڕێوەبەری راگەیاندنو هۆشیاری لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێم بەدەستووری وت "گرنگترین کار کە پێویستە دەسەڵات بیکات ئەوەیە نەهێڵێت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە زووخراپ دەبن بێنە کوردستانەوەو باجیان لەسەر دابنرێت".

ئەحمەد فەتاح بەرپرسی نووسینگەی ئەحمەد بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل پێیوایە هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبیل زیانێکی زۆری بۆ سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان هەیە، هێنانی ئۆتۆمبێلیش لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لەسەر خواستی هاووڵاتییانەو هیچ تر.

ئەو بەدەستووری وت "لەماوەی یەک مانگدا بەدەیان هەزار ئۆتۆمبێل لەهەولێردا ساغدەبێتەوە کە سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانە لەسنوورەکانی حاجی ئۆمەرانو باشماخەوە دێنە کوردستان".

وتیشی "هۆی زۆر فرۆشی ئۆتۆمبێل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قیستە مانگانەیەی کە ئێستا کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل کاری پێدەکەن، هەر ئەوەش بووەتەهۆی ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێت ئۆتۆمبێل بکڕێت".

شارەزایانی بواری ژینگە ئاماژە بەوەدەدەن کە هەموو جیهان گرفتی پیسبوونی ژینگەی بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە هەیەو کوردستانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەو گرفتەی رووبەڕووبووەتەوە، لەماوەی چەند ساڵێکدا ژینگە پیسبووەو مەترسی تەقینەوەی ژینگە لەئارادایە.

جەنان جەمال مامۆستا لەبەشی ژینگە لەزانکۆی سەڵاحەدین دەڵێت "بەهۆی زیادبوونی گازی ئۆکسیدی کاربۆن لەکوردستانو ئەو هەموو دوکەڵەی لەئۆتۆمبێلەکانە دەردەچن گرفتێکی گەورەی ژینگەیی چاوەڕوانمانە". هەروەها وتی "دەبێت هەرچی زووترە هەوڵبدرێت بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک کە نەهێڵرێت ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بێتە کوردستانەوە".

جەنان وتی "دوکەڵی زۆر لەلایەکەوە ژینگەی کوردستان پیس دەکاتو لەلایەکی تریشەوە دەبێتەهۆی تەنگەنەفەسی هاووڵاتیان".



هیچ هەوڵێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی کارەساتی ژینگەیی نییە. فۆتۆگراف: عەلی بانیشاری

www.arsivakurd.org

# "مێردەکەم بەدار لێیدەدامو ئاگری تێبەردام"

## بەهۆی بوونی کاسێتێکی دەنگی ساراوە، دادگای تاوان سزای ٤ساڵ زیندانیو ١٠ملیۆن دیناری بەسەر هاوسەرەکەیدا سەپاند


توندوتیژی ژنانی هەراسانکردووە

شەنگ ماشم لەدهۆک

سارا پێشئەوەی گیانلەدەستبدات بەدادگای لێکۆڵینەوەی وتبوو، مێردەکەم هەموو رۆژێک لێیدەدامو پێی دەوتم ژنت بەسەر دێنم، "پاشان لەژووی نوستندا نەوتی بەمندا کردو ئاگری بەردایە جەستەم".

بەهۆی بوونی کاسێتێکی دەنگی ساراوە کە لێکۆڵەری داد لەنەخۆشخانەی سوتانو جوانکاری دهۆک پێش گیانلەدەستدانی تۆماریکردبوو، دادگای تاوان سزای ٤ساڵ زیندانیو ١٠ملیۆن دیناری بەسەر هاوسەری سارادا سەپاند.

لەدەستپێکی دادگاییکردنەکەدا وتەی ئەو ژنەی سوتاوە بەناوی سارا خوێندرایەوە، سارا بۆ دادگای لێکۆڵینەوە وتبوی "من سێ منداڵم هەبوو، مێردەکەم (ش) زۆرجار لێی دەدامو دەیدامە بەر زللە، رۆژێکیان هاتەوە بۆ ماڵەوەو هەڕەشەی لێکردمو وتی دەتکوژمو دەمەوێت ژنێکی تر بهێنم، دوای ئەوە منداڵەکانی بردە دەرەوەو نەوتی بەمنداکردو ئاگری تێبەردام، وتی منداڵەکانم وەرن دایکتان خۆی دەسوتێنێ".

لێکۆڵەری داد پێشئەوەی سارا گیانلەدەستبدات ئەو وتانەی لەسارا وەرگرتو لەکاسێتێکدا تۆماریکرد، ئەو کاسێتە لەبەردەستی دادگای تاوان بوو، لێکۆڵەرەکە وتەکانی سارای پشتڕاستکردەوەو وتی "ئەو قسانە هەمووی راستنو پێشئەوەی سارا گیانلەدەستبدات من چوومەلای لەنەخۆشخانەی سووتانو جوانکاری لەدهۆک".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو کێشەیە بۆ ٢٠٠٩/٩/١٢ دەگەڕێتەوە.

ئەو لێکۆڵەرە وتی "سارا بەمنی وت مێردەکەم منی سووتاندو ئاگری تێبەردام".

باوکی سارا کە لەدادگاییکردنەکەدا ئامادەبوو وتی "من بەچاوی خۆم نەمدیوە کە کچەکەم چۆن سووتاوە، من بەسووتاوی لەنەخۆشخانە سەردانمکرد، سارا بەمنی وت هاوسەرەکەم منداڵەکانی کردە دەرەوەو دەرگاکەی لەسەرداخستمو نەوتی پیاکردمو ئاگری تێبەردام".

باوکی سارا وتی "من سکاڵا لەهاوسەری سارا دەکەمو داوای مافی کچەکەم دەکەم".

راپۆرتی دادگا کە دەنگی تومارکراوی سارابوو ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە سارا لەلایەن مێردەکەیەوە سووتێنراوە، لەدوو راپۆرتی پزیشکیدا دەرکەوتووە کە تەنها شوێنەواری لێدان بەسەر لەشی ساراوە دیارنەبووە، بەڵکو شوێنەواری سووتاویشی پێوەبووەو هەر بەو سووتاوییەش گیانیلەدەستداوە.

تاوانبار لەبەردەم دادگادا قسە تۆمارکراوەکانی سارای رەتکردەوەو سوێندی خوارد کە ئەو سارای نەکوشتووە.

(ش) هاوسەری سارا بەدادگای وت "ژنەکەم خۆی خۆی سوتاندووەو من ئاگام لەسووتانی ئەو نییە، کاتێ ئەو خۆی سوتاندووە من لەماڵەوە نەبووم، من ١٣ ساڵە لەگەڵ سارادا ژیانی هاوسەریم پێکهێناوەو تائێستا براکانی ئەو قسەیان لەگەڵ نەکردووم، من هیچ جارێک لە سارام نەداوە، ئەو بەمنی دەوت دراوسێکانمان دەڵێن کە تۆ ژنێکی تر دەهێنی".

تاوانبار دانیشتووی کۆمەڵگای شیلادزێیە، پێش ئەو تاوانە پێشتریش بەکوشتنی خوشکەکەی دادگایی کرابوو و ساڵێکو شەش مانگ سزادرابوو.

داخستنی کێشەکە لەدادگای تاوانەکان بەحوکمدانی تاوانبار کۆتاییهات، دادگای تاوان حوکمی ٤ ساڵ زیندانی بەسەر بکوژی سارادا سەپاند، لەگەڵ ئەو حوکمەدا سزای مادیش درا، سزا مادییەکەش ئەوەیە دەبێت ٤ ملیۆن دینار بداتە کەسوکاری ساراو ٦ ملیۆن دیناریش بۆ منداڵەکانی بداتە چاودێریکردنی منداڵان بۆ بەخێوکردنیان.

# ژنانی کەرکوك ماڵ جێدەهێڵن

## "٤٨٦ حاڵەتی توندوتیژی هاتووەتە سەنتەرەکەمان، زۆربەیان هەڵهاتنە لەفشاری توندوتیژی خێزانی"

دەشتی ئەنوەر لەکەرکوک

بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری پەنا بۆ لابردنی توندوتیژی لەسەر مێینە لەکەرکوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تاوەکو ئێستا نزیکەی ٥٠٠ حاڵەتی توندوتیژییان بەرامبەر بەژنان لەسەنتەرەکەیاندا تۆمارکردووە کە زۆربەیان توندوتیژی خێزانین.

کێشەی جۆراوجۆری ژنان لەنەتەوەکانی کوردو عەرەبو تورکمان رووەدەکەنە سەنتەری پەنا، شێڵتەری تایبەتیان هەیە بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

ئاوات یاسین عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری پەنا بەدەستووری وت "زۆر لەخەڵکی شارەکەو شارەکانی تری عێراق بەکوردو عەرەبو تورکمان ئاگادارن کە سەنتەرەکەمان شێڵتەری هەیە بۆ پەنادانی ئەو ژنانەی لەژێر هەڕەشەی کوشتندان، کێشەکان کە رووەدەکەنە شێڵتەرەکە جۆری جیاوازیان هەیەو زۆربەی هەڵهاتنە لەفشاری توندوتیژی خێزانی".

سەنتەری پەنا رێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆییە لەساڵی ٢٠٠٤دا لەشاری کەرکوک دامەزراوە بەمەبەستی لاکردنەوە لەکێشەکانی مێینەی شارەکە، بەتایبەت پشتگیریکردنو کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەو ژنانەی لەژێر هەڕەشەدان. لەهەمانکاتدا بەهێزکردنی تواناکانی مێینەو بەرزکردنەوەی هۆشیاریان بەرامبەر بەمافەکانیان.

لەرووی مادییەوە سەنتەری پەنا لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا پشتی بەرێکخراوە جیهانییەکان


ئاوات یاسین عەبدوڵڵا

بەستووە بەتایبەت لەلایەن رێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجییەوە، بەڵام بەرپرسانی سەنتەرەکە ئەوەش ناشارنەوە کە لەرووی مەعنەوییەوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆییەوە، بەحیزبە کوردییەکانیشەوە هاوکاری کراون.

بەگوێرەی ئەو ئامارەی سەنتەری پەنا لەبەردەستیدایە لەساڵی ٢٠٠٥دا تاوەکو ئێستا ٤٨٦ حاڵەتیان هاتووەتەلا، "هەموو حاڵەتەکانیش چارەسەرکراون.".

لەوسەنتەرەدا توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانو پارێزەری تایبەتیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانیان.

بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا وتی "هیچ حاڵەتێکمان وەرنەگرتووە چارەسەر نەکرابن".

ئاوات یاسین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەنتەری پەنا کار بۆ ژن دەکات بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان نەتەوەکان، واتە پێشئەوەی بیربکرێتەوە لەوەی ئەو کەسە سەر بە چ نەتەوەیەکە مامەڵەی وەکو مرۆڤێک لەگەڵدا دەکرێتو وەکو ژن سەیری کێشەکەی دەکرێت، چونکە سەنتەری پەنا کار بۆ ژن دەکات.

دەربارەی هەڵویستی حکومەتی ناوەندیو هەرێم لەسەر سەنتەرەکەیان بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پەیوەندی باشیان هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندو هەرێم، هاوکاربوون لەئاسانکاری بۆ سەردانی زیندانی کەرکوکو بنکەکانی پۆلیس، زۆرجاریش بەشداربوون لەدانیشتنی چارەسەرکردنی کێشەکەو رۆڵێکی باشیان هەبووە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان.

بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا دەربارەی دەستخستنە ناو کاروبارەکانیانەوە لەلایەن حیزبەکانەوە دەڵێت "تا ئێستا هیچ سانسۆرێکیان نەبووە لەسەرمان، چونکە سەنتەرەکەمان سەر بەهیچ لایەنێکی حیزبی نییەو رێزو سوپاسمان هەیە، لەچەند لایەنێکەوە هاوکاری باش کراوین لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا".

سەبارەت بەکاریگەری دابونەریتی عەشایەری لەسەر چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانەی دێتە سەنتەرەکەیان ئاوات وتی "هەردەم هەوڵمانداوە کێشەکان بەپێی یاسا چارەسەربکرێتو هەموو کاتێکیش کێشەکان لەچوارچێوەی رێنمایی یاساییەوە چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە".

بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جۆری کێشەکە بڕیار دەدات ئەو ژنانە چەند بمێننەوە لامان، کێشەی وا بووە ساڵێکی ویستووە تاوەکو چارەسەر بێت.

ئاوات یاسین وتی "سەنتەری پەنا بۆ هەرکێشەیەک کە چارەسەری دەکات چاودێری دوورو نزیکی دەکات، واتە یەکسەر وازناهێنێت لەو کەسانەی کە کێشەیان بۆ چارەسەر دەکات، بۆشی هەیە کێشەکەی سەرهەڵبداتەوە، بەڵام بەردەوام بووین لەهاوکاریکردنی ئەو ژنانە".

# کەس هەواڵی خۆشی بۆ گەنجانی کفری پێنییە!

هونەر زەنگەنە لەکفری

گەنجانی کفری نیگەرانن لەنەبوونی سەنتەری گەنجانو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی شارەکەیان، بەرپرسانی حکومیو رێکخراوەکانیش پرۆژەیەکیان لەبەردەستدا نییە کە هیوایەک بێت بۆ ئەو گەنجانە.

گەنجانی کفری کە زۆربەیان کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن "فەرامۆشکراونو شارەیەکەیان وەک گوندێک سەیر دەکرێت"و تاوەکو ئێستا شوێنێک نییە کە گەنجان بتوانن کاتەکانی خۆیانی تێدا بەسەربەرن.

سیروان محەمەد گەنجێکی شاری کفریەو خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی کەلارە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات شارەکەیان لەهەموو رووییەکەوە بێبەشکراوە لەسەرووی هەمووشیانەوە نەبوونی سەنتەرێکی گەنجانە بۆ گەنج لەشارەکەدا، نەبوونی ئەو سەنتەرەش گەنجانی تووشی هەڵەی گەورە کردووە لەوانەش خواردنەوەی ماددە کهولییەکان. سیروان وتی "شوێنێک نییە گەنجان کاتەکانی خۆیانی تیادا بەسەربەرن".

کارزان حسێن گەنجێکی دیکەی شارەکەیە لەزانکۆی سلێمانی دەخوێنێت دەڵێت "شارەکەمان شارێکی هەتیووە لەرووی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە، من ناتوانم بڵێم کفری قەزایە، بەڵکو دەڵێم کفری گوندێکی گەورەیە نەک قەزا".

بەهۆی گرنگینەدان بەشارەکەیان سیراون زۆربەی کاتەکان لەسلێمانی دەمێنێتەوە، وتی "لەکاتی پشووە درێژەکاندا حەزناکەم برۆمەوە بۆ شارەکەم، لەبەرئەوەی نازانم چۆن کاتەکانم بەرێکەم لەماڵەوە".

رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان سەرپەرشتی سەنتەرەکانی گەنجان دەکاتو لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان سەنتەری گەنجانی کردووەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کردنەوەی سەنتەری گەنجان ئەرکی حکومەتەو پەیوەندی بەئەوانەوە نەماوە.

مامۆستا نەبەز بەرپرسی سەنتەری گەنجان لەرێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بەدەستووری وت "نەبوونی سەنتەری گەنجان لەکفریدا هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە، بۆیە ئیشی منداڵپارێز نییەو بەئیشی خۆمانی نازانین، ئێمە تەنها ئەرکمان بەڕێوەبردنی سەنتەری گەنجانە، نەک کردنەوەی سەنتەری گەنجان". ئەو بەرپرسەی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان وتیشی کردنەوەی سەنتەری گەنجان "لەچوارچێوەو بەرنامەی منداڵپارێز لاچووەو هەوڵیشی بۆ نادرێت کەوا سەنتەرێکی گەنجان بۆ کفری بکرێتەوە".

هەرچەندە لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم وەزارەتێکی تایبەت بەگەنجان هەبووە بەناوی وەزارەتی وەرزشو لاوان، یەکێک لەپرۆژەکانیشیان کردنەوەی فەرهەنگخانەکان بوو لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان کە لەشێوەی سەنتەرێکی گەنجاندا بوو، بەڵام هەر زوو ئەو پرۆژەیە بەرەو هەڵوەشاندنەوە رۆیشت.

لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا بەهۆی کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکانەوە، وەزارەتی وەرزشو لاوان کۆتایی پێهێنراو کاروبارەکانی لاوان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریدا تێکەڵکران بەناوی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان، بەڵام ئەم وەزارەتەش هیوایەک نابەخشێتە گەنجانی کفری.

ئومێد سەعدوڵڵا بەڕێوەبەری رۆشنبیری گەرمیان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "نەبوونی سەنتەری گەنجان لەکفری هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە، چونکە ئێمە تەنها فەرمانگەیەکی حکومی رۆشنبیرین لەگەرمیاندا".

سەلاحەرەش بەڕێوەبەری سەنتەرو رێکخراوەکان لەبەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی بەدەستووری راگەیاند "ئێمە بەهەموو شێوەیەک هاوکارییان دەکەین لەرووی بیناو بودجەو دابینکردنی پێداویستیەکانی تری سەنتەری گەنجان، بەڵام دەبێت کۆمەڵێک کەس واژۆ کۆبکنەوەو بینرێن بۆ وەزارەتی رۆشنبیریو ئەوانیش رەزامەندی لەسەر دەردەبڕن".


شەقامەکان شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی گەنجانی کفرییە. فۆتۆگراف: هونەر زەنگەنە

# "دەرهێنانی بەردی گورچیلە بەرێگا نوێیەکە، نەخۆشەکە لەماوەی سێ رۆژدا دەبێتەوە بەکەسێکی ئاسایی"

## د. سەروەر نوری پسپۆڕ لەبواری نەشتەرگەریو چاندنی گورچیلە بۆ دەستوور



د سەروەر نوری

**سازدانی: بێستون فەتاح**

**لەرێگەی ئامێرێکی نوێوە رێگایەکی نوێ بۆ دەرهێنانی بەردی گورچیلە بەکاردەهێنرێت کە لەماوەی سێ رۆژدا نەخۆشەکە وەک کەسێکی ئاسایی لێدێتەوەو بەبێ مەترسی بۆ هەموو تەمەنێک بەکاردەهێنرێت.**

**د. سەروەر نوری مەحمود پسپۆڕ لەبواری نەشتەرگەریو چاندنی گورچیلەو نەخۆشییەکانی میزەڵدان لەدیمانەیەکی دەستووردا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە بەهۆی ئەو ئامێرەوە پێویست ناکات سکی نەخۆشەکە هەڵبدرێو بدورێتەوە، بەڵکو تەنها لەرێگەی کونێکی بچوکەوە نەشتەرگەرییەکە ئەنجامدەدرێت.**

.................................

**دەستوور:** بەردی گورچیلە چییە؟ لەچییەوە دروست دەبێ؟

**د. سەروەر:** ئەو نەخۆشییەی کە زۆرتر تووشی گورچیلەکان دەبێت بریتییە لەبوونی بەردی گورچیلە بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا کە بەهۆی پێگەی جوگرافیو پێکهاتەی ئاو و بەرزی ئاستی هەرێم لەرووی ئاستی دەریاوە، نەریتی خواردنی کۆمەڵی کوردەواریو کەم ئاوخواردنەوە لەلای تاکی کورد، بەردی گورچیلە لەخەستبوونەوەی میز لەکۆئەندامی میزداو نیشتنی ئەو ماددانەی بەردەکەی لێپێکدیت، یان بەهەندێک هۆکاری بۆماوەیی دروستدەبێت.

سەبارەت بەهۆکاری دروستبوونی بەرد لەچڕبوونەوەی میز لەو ماددەییەی کە بەردەکەی لێدروست دەبێت، واتە دروستبوونی بەرد دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی رێژەی ئەو ماددانەی بەردەکانیان لێدروست دەبێت دوای خەست بوونەوەی دەبێتەهۆی دروستبوونی بەردەکە.

**دەستوور:** ئەو هۆکارەی باستکرد لەخەستبوونەوەی میز لەناو گورچیلەکاندا تەنها هۆکارە یان هۆکاری تر هەن بۆ دروستبوونی بەردەکان؟

**د. سەروەر:** هۆکارەکان زۆرن بۆ نمونە هۆکار هەیە بۆماوەییە کە نەخۆشەکە بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لەکەسێک لەخێزانەکەیاندا بەردیان هەیە ئەو کەسەش بۆماوەیی کاریگەری هەیە لەسەری، یان بەهۆی هۆکاری دەوروبەرییەوە وەکو خواردنو خواردنەوە بۆ نمونە هەندێک کەس ئەوەندە حەز لەخواردنەوەی ئاو ناکەن، بەڵام خوێ زۆر دەخۆن یان زیاتر حەزییان لەخواردنی گۆشتی سوورە، یەکێ لەهۆکارەکانیتر بریتییە لەو کەسانەی کە یاری لەشجوانی دەکەن ئەویش بەهۆی زۆر خواردنی ڤیتامینەکانەوە یان ماددە چالاککەرەکانەوە، یان ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی زۆر بیبسی (پیکهاتەکانی کۆلا) دەخۆن یان چا زۆر دەخۆنەوە، ئەمانە هەموویان میزەکانیان چڕدەبێتەوەو دەبێتەهۆی درووستبوونی بەردی گورچیلە، پێویستە ئەوەش بزانین کە هەموو کەسێک کاتێک کە لەدایکدەبێت هیچ جۆرە بەردێکی نییە، بەڵام خۆمان دەبینە هۆی درووستبوونی بەرد.

**دەستوور:** پێگەی جوگرافی کاریگەری هەیە لەجۆری بەردەکان لەناو جەستەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەدانیشتوانی دەرەوە یان بە بەراورد بەناوچەکانی تری عێراق؟

**د. سەروەر:** بێگومان جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی جوگرافیو جۆری خواردنو رێژەی پارێزکردنمان بۆ نمونە دانیشتوانی باشوور بەردەکانیان لەچاو بەردی ناو گورچیلەی نەخۆشی هەرێم سوکترە بەهۆی ئەوەی ئەو ماددانەی بەردەکەی لێ دروستدەبێت سوکترن، یان دەتوانین بڵێین بەردەکانی ئەوان بۆشنو زوو دەشکێن، بەڵام لای ئێمە بەردەکان پتەون هەر بۆیە بەردی ئێمە قورستر دەشکێت لەچاو بەردی نەخۆشی ئەواندا.

**دەستوور:** بەردەکان شێوەو کێشو پێکهاتەیان جیاوازە؟

**د. سەروەر:** بەردمان هەیە پێکهاتەکەیان مادەی کالسیۆمی تێدایە وەکو (کالسیۆم ئۆکزەلایت یان کالسیۆم فۆسفەیت) یان بەردمان هەیە بەهۆی مادەی (یوریک ئەسید)ە وە دروستدەبێت کە لەشێوەو پێکهاتەو قەبارەوە لەبەردەکانی کالیسیۆم جیاوازە، یان بەرد هەیە کە بەهۆی مادەی (سیستین) دروستدەبێت، دروستبوونی ئەم جۆرە بەردە زیاتر بەهۆی بۆماوەییەوەیە، ئەمانە هەمووی جۆری بەردی گورچیلەن، بەڵام ئەوەی کە زیاتر لەوڵاتی ئێمەدا باوە ئەو بەردانەیە کە پێکهاتەکەی مادەی کالسیۆمە، پێویستە ئەوەش بزانین کە بەردەکانی گورچیلە لەشێوەو قەبارەدا جیاوازن بۆ نموونە هەیانە شێوەیان خڕە، هەیانە شێوەیان ئەستێرەییە هەیانە ئەوەندە جوانن لەبەردی ناو ئاو دەچن، لەرووی قەبارەشەوە جیاوازن هەیانە ٢ملم یان ٤ملم، هەشیانە هەموو گورچیلەکە دەگرێتەوە.

**دەستوور:** ئەو رێگا پزیشکیانەی دەگیرێتەبەر بۆ لابردنی ئەو بەردانە لەکوردستاندا چین؟

**د. سەروەر:** شێواز زۆرە بۆ نمونە بەردمان هەیە کە خۆی دەتوێتەوە یان رێگایەکی تر بۆ لابردنی ئەو بەردانە بریتییە لەپێدانی هەندێ ماددەی تفت یان ترش بەنەخۆشەکە کە دەبێتە هۆی توانەوەی بەردەکە، بەڵام ئەگەر بێتو بەردەکە گەورەتربێت ئەوا خۆی ناتوانی فرێی بدات بۆیە ئێمەش رێگەی تری بۆ دەگرینەبەر ئەویش بریتییە لەشکاندنی بەردەکە یان دەرهێنانی لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بوترێ ئەوەیە کە ئێستا لەکوردستاندا پشت دەبەسترێت بەرێگایەکی تر بەشێوەی نەشتەرگەری کە پێویست بەتەقەڵ ناکات بۆ نەخۆش، واتە وەکو نەشتەرگەرییەکانی جاران پێویست بەهەڵدڕینی سکی کەسەکە ناکات یان گورچیلەکە لەت بکرێت، بەڵکو لەم رێگا نوێیەدا تەنها پێویستمان بەکونێکی بچوک دەبێت بۆ گەیشتنە سەر بەردەکە لەرێگای ئامێری پێویستەوە پاشان بەهۆی ئامێری ناوبینی (ناظور) دەچینە ناو گورچیلەکەوەو دەستنیشانی بەردەکە دەکەینو بەردەکە دەگرینو بەهۆی ئامێری تایبەتییەوە بەردەکە لەشوینی خۆیدا دەشکێنین پاشان لەرێگای مقاشێکی تایبەتییەوە پارچەی بەردەکان دەردەهێنین، واتە دەتوانین بڵێین کە ئەم رێگایە زۆر باشترە لەنەشتەرگەری بۆ کردن، چونکە بەراستی زۆر جیاوازە لەگەڵ نەشتەرگەریدا کە ساڵانی رابردوو ئەنجام دەدرا، بەرێگا کۆنەکە ئەوەی کە نەشتەرگەری بۆ دەکرا ژمارەیەکی زۆر تەقەڵی پێوە دەبێت، بەڵام لەم رێگایەدا تەنها برینێکی بچوکە، ئەگەر کەسێک دووجار نەشتەرگەری بۆ بکرایە جاران بێگومان زیان بەگورچیلەکەی دەگەیاند. بێجگە لەو جیاوازییانەی پێشووتر، نەشتەرگەری بەرێگا نوێیەکە ئەگەری کەمی توشبوونی بەهەوکردن هەیە، لەبەرئەوەی کەمتر سکی کەسەکە یان جەستەی هەڵدەدرێت، زووترچاکدەبێتەوە تەنانەت دوای نەشتەرگەرییەکە بەچەند کاتژمێرێک دەتوانیت هاتوچۆ بکات، لەیەک گورچیلەدا چەند جارێک بەردی بۆ دەردەهێنرێت، چەند لایەنێکی تری سەرکەوتووی ئەم رێگایە، بۆ ماوەی دوو مانگە ئەم رێگایە بەکاردەهێنین، ژمارەیەکی زۆر نەخۆش چاوەڕوانی دەکەن بەم رێگایە بەردەکانیان بۆ دەربهێنین.


> **ئەم رێگا نوێیە وەکو نەشتەرگەرییەکانی جاران پێویست بەهەڵدڕینی سکی کەسەکە ناکات یان گورچیلەکە لەت بکرێت**

**دەستوور:** ئامادەکاری چییە بۆ ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە، نەخۆش پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی خۆی ئامادەبکات؟

**د. سەروەر:** لەرێگەی تیشکێکی رەنگاوڕەنگ کە بۆ نەخۆشەکەی دەگرین ئەو جێگایە دیاری دەکەین کە بەردەکەی تێیدایە، بەشێوەیەک پێی بگەین کەمترین خوێنی لێبێت، بێگومان وەکو هەموو نەشتەرگەرییەکی تر دەبێت کۆمەڵێک پشکنین بۆ نەخۆشەکە بکەین بۆئەوەی باری تەندروستی کەسەکە دیاری بکەین لەبوونی نەخۆشییەکانی وەکو شەکرەو پەستانی خوێن، هەروەها ئامادەکردنی بتڵێک خوێن نەوەکو نەخۆشەکە لەکاتی نەشتەرگەرییەکەدا تووشی خوێن بەربوون ببێت، ئەوەی زۆر گرنگە لەم جۆرە رێگایە بۆ دەرهێنانی بەردی گورچیلە ئەوەیە کە بۆ هەموو تەمەنێک دەتوانرێت بەکاربێت بێ هیچ مەترسییەک، ئەم رێگایە هەر بەکاردێت ئەگەر بەردەکە لەناو بۆری (حالب) بێت یان لەناو بۆری میزدا بێت، ئەوەی گرنگە کە بووترێت ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە تەنها لەسلێمانیو دهۆکدا دەکرێت.

**دەستوور:** ئەم نەشتەرگەرییە بە بەنجی گشتی دەکرێ یان بە بەنجی نیوەی جەستەی کەسەکە یان تەنها شوێنی نەشتەرگەرییەکە بەنج دەکرێ؟

**د. سەروەر:** بەراستی ئەم نەشتەرگەرییە بەهەردوو بەنجەکە دەکرێت، واتە دەتوانین بڵێین کە دەکەوێتە سەر تواناو خۆڕاگری نەخۆشەکە، چونکە ئەگەر بەنجی نیوە بکرێت ئەوا نەخۆشەکە دەتوانێت لەرێگای شاشەیەکەوە سەیری بکات کە چۆن ئێمە بەردەکە دەشکێنین، بەڵام هەندێ نەخۆش توانای ئەوەی نییە کە سەیری ئەم کارەی ئێمە بکات، یان دەترسێت گوێی لەئێمە بێت کاردەکەین لەکاتی نەشتەرگەرییەکەدا، بۆیە ناچاردەبین کە بەنجی گشتی بۆ بکەین، ئەوەی کە پێویستە بووترێت ئەوەیە کە نەخۆش دوای ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە بەشێوەیەکی خێراتر چاکدەبێتەوەو دەتوانێت زووترنەخۆشخانە بەجێبهێڵێت، چونکە ئێمە سۆندەیەکمان بۆ داناوە کە لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا بۆی لادەبەینو سۆندەیەکی دەمێنێتەوە کە لەنێوانی گورچیلەو میزەڵاندا دادەنرێ کە ئەویش دوای سێ رۆژ بۆی لادەبرێت، واتە بەگشتی نەخۆشەکە لەماوەی سێ رۆژدا بەتەواوەتی وەکو ئاسایی لێدێتەوە.



**پۆزش**

لەژمارەی رابردوودا لەبابەتی (کاریگەرییەکانی بەرزی دەنگ..) لەجیاتی وێنەی د. ئاوات وێنەی د. سەروەر دانراوە، داوای لێبوردنیان لێدەکەین.

# شارەزوور پێنج ساڵە چاوەڕوانی نەخۆشخانەیەکە

## ماوەی سێ ساڵ بەسەر وادەی تەواوکردنی نەخۆشخانەیەک لەشارەزوور تێپەڕیوەو تائێستا تەواونەکراوە


**کامەران کەریم لەشارەزوور**

ماوەی پێنج ساڵە نەخۆشخانەیەک لەقەزای شارەزوور تەواونەکراوە، ئەوەش ناڕەزایی لەلای دانیشتووانی قەزاکە دروستکردووە، بەرپرسانی تەندروستیو ئیداریش هۆکاری تەواونەکردنی نەخۆشخانەکە دەخەنە ئەستۆی کۆمپانیاکەو ئاماژە بەوەدەکەن لەئەمساڵدا تەواودەکرێت.

هاووڵاتیانی قەزای شارەزوور بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەیەک لەقەزاکەیان تووشی چەندین گیروگرفت بوون، لەکاتێکدا بۆ پێنج ساڵە نەخۆشخانەیەکیان بۆ دروستکراوە، بەڵام تائێستا تەواونەکراوە.

تۆفیق حەمە شەریف تەمەن ٥٣ ساڵ دانیشتووی هەڵەبجەی تازە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەس خۆی ناکات بەخاوەنی ئەو نەخۆشخانەیە. تۆفیق وتی "بەرپرسان هیچ خەمی خەڵکیان نییە، تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەبینن".

شەمسە مستەفا ژنێکی ٤٢ ساڵەو پێنج منداڵی هەیە باسلەوە دەکات ئەگەر لەهەڵەبجەی تازە نەخۆشخانەیەکی رێکوپێک هەبێ ئەوا زۆر لەکێشەکانیان چارەسەر دەبێت. هەروەها وتی "خواقبوڵ ناکات کاتێک نەخۆش بکەوێت لەم قەزایە شوێنێک نەبێ چارەسەری تیا بکرێیت".



ئەو نەخۆشخانەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵە کاری تێدادەکرێ، بەڵام تەواونەبووە هەر ئەوەش بووەتە جێگای گلەییو ناڕەزایی هاووڵاتیانو داوادەکەن لێپرسینەوە بکرێت لەهۆکاری دواکەوتنی.

ئەو نەخۆشخانەیە ٢٦ قەرەوێڵەییە ناوی نەخۆشخانەی شەهید رەئوف بەگەو لەسەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیران کابینەی پێنجەم بری ٢ ملیارو ١١٨ملیۆنو ٧٤٨ هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

پرۆژەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری سلێمانی دراوە بەکۆمپانیای کوردۆس ماوەی پرۆژەکە٥٠٠ رۆژە لەرۆژی ٢٠٠٥/١١/١ەوە دەستی بەکارەکانی کردووە، دەبوایە لە٢٠٠٧/٩/٢٧دا تەواوبکرایە.

د. ئالان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەزوور بەدەستووری وت "چەند ساڵێکە ئەو نەخۆشخانەیە دواکەوتووە فایلێکی گەورەی هەیە لەدەستکاریکردنی نەخشەی ناوەوەو دەرەوەو دەبوایە ساڵی ٢٠٠٧ تەواو بکرایە".

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەزوور هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی پرۆژەکەو تەواونەکردنی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە کۆمپانیاکە زۆر گرنگی پێنەداوەو وتی "پێشبینیدەکەم لەکۆتایی مانگی ٨ی ئەمساڵ بەتەواوەتی تەواوببێ، ئێستا کاری تیادەکرێ لەماوەی ٣مانگی تر ئامێرو سەرجەم پێداویستییەکانی دەگات، بەتەواوبوونی ئەو نەخۆشخانەیە گرفتێکی زۆری ئەو ناوچەیە چارەسەردەبێت".

سۆران عەلی قایمقامی شارەزوور بەدەستوری راگەیاند "لەگەڵ وەزیری تەندروستی قسەم کردووە بۆ ئەو کێشەیە، شتێکی ئەوتۆی نەماوە کارەکانی بەرەو تەواوبوون دەچێت".



ئاێستا رۆشنبیری کوردی ئێمە، پێناسو چوارچێوەی زانستی نییە بۆ شووناس لاپەڕە ١٩

# مەملەکەتی گورگەکان

## دەقێکی هەمیشە کراوە، سەفەرێکی بەردەوام




ئاری عوسمان خەیات

بەشی سێیەمو کۆتایی

(٦)

لەم تێکستەدا، مامەڵەیەکی زۆر تایبەت لەگەڵ رەگەزی شوێنو کاتدا کراوە، بەجۆرێکی وا، چەمکی شوێنکات (زەمکان) پانتاییەکی گەورەی لەتێکستەکەدا داگیرکردووە، بەکارهێنانی وشەی (ئەمشەو) لەیەکەم رستەی دەستپێکردندا، لەگەڵ ئەو ئاشکراییەی ناونیشانە گشتییەکە (مەملەکەتی گورگەکان) پێی بارگاوییە، رێگەیەکی تایبەتی نووسەرە لەگێڕانەوەکەیدا، بۆیە ئەوکاتەی هەوڵدەدەین ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە دەقێکی ئەدەبی لەچ بارودۆخو کەشوهەوایەکدا بەرهەمهاتووە، واتە ئەوکاتەی هەوڵدەدەین لەزەمینەو بەستێنی نووسینی دەق یان لەزەمینەو قۆناغەکانی دواتری راڤەی دەق تێبگەین، ئەوا ئەو هەوڵانەی ئێمەش راستەوخۆ دەبنە فۆرمگەلێک بۆ دەرخستنی پرۆسەی خوێندنەوە، ئەوکاتەشی دەقێک دەخوێنینەوە، ئاگایانە یان نائاگایانە، ئەو دەقە دەخەینە نێو چوارچێوەیەک لەتەونی زمانو مەعریفە کە کامڵتر لەچوارچێوەکانی تەرخانکراو بۆ نووسەرێک، قۆناغێک یان پێوەرێکی ئەدەبی تایبەتە، بەمانایەک دەتوانین بڵێین: دەق دەخەینە ژێر سەیوانی کۆمەڵێک گوتاری جۆراوجۆرو هەمەچەشنی وەرگیراو لەکلتوری خۆمانو ئەزمونێک کە بەپێی شوێنو کاتو خوێنەرەکەی جیاواز دەبێت.

شێوەی یەکەمی کات، کاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەو نووسینەوەیە، دووەمیشیان کاتی روودانی سەربوردو بەسەرهاتەکانە، ئەمەی دواییان بریتییە لەشێوەکاتێکی بگۆڕی تێکدراو کە سودوەرگرتنێکی زیرەکانەیە لەو شێوازەی بەکارهێنانی کات کە لەژانری دژەرۆمان (Anti Novel) دا، باوەو بەکاردەهێنرێت، ئەمەو مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ شوێنیشدا ئامادەیی هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین دیاریکردنو دەستنیشانکردنی شوێنکاتی سەرەکیو بنجی تێکستێک کە بەم دێڕە دەستپێکردبێ "ئەمشەو چاوەکانم چاوی پشکنەرێک بوون بەوردیی منداڵێک لەمەملەکەتی باوکەکاندام، پێخوێندەوە" ماندووبوونی ئەوێ، چونکە بەکارهێنانی (ئەمشەو) لەو رستەیەداو لەو شوێنەدا، بزوێنەرێکەو دەرگای گێڕانەوەی نووسەرو خوێندنەوەی خوێنەری بەکراوەیی جێهێشتووەو فاکتەرێکە بۆ فرە رەهەندکردنی تێکستەکەو تواندنەوەی زۆرترین بیرو خەیاڵ لەو بەستێنەدا، لەپاڵ ئەمەشدا نووسەر لەو وشەیەوە (ئەمشەو)، جۆرێک لەدەیمومییەتی کاتو شوێنی پێکەوە خولْقاندووە، بەجۆرێکی وا دەتوانم بڵێم: توانیویەتی رەهەندی سێیەم بەشوێنکات ببەخشێ.

ئێمە دەتوانینو بۆمان هەیە لەدێڕی سەرەتای مەملەکەتی گورگەکانەوە، کۆمەڵێک گریمان بکەین، بۆ دۆزینەوەی دووانەی شوێنو کات، واتا: دەکرێ شوێن ژووری تایبەتی نووسەربێ لەماڵەکەی خۆیدا، یان لەوانەیە ژووری یەکێ لەئوتێلەکانی شاری هەولێر بێ، هەروەک دەکرێ شوێن ئەو ماڵە بێ کە بەرێکەوت نووسەر بۆ شەوێ تیای مابێتەوە، دووریش نییە کات (سێی پاش نیوە مەرگی شەو بێ بەسوتانی عەشق) و شوێنیش (کانییەکی دوورەدەست لەخەیاڵی داربەڕوویەکی زرخەو)! (مط:لا٣١)

ئێستا تۆ بڵێی لەو شوێنو کاتەدا بووبێ کە نووسەر دوای ئەوەی "نووسینەکەی دەپێچێتە فایلێکی نوێوە، لەژوور سەرییەوە دایدەنێ، سەری دەخاتە سەر سەرینەکەیو پێ رادەکێشێ، ئیدی ئاسودەییەکی بەلەزەت وەک پارچە ئاوریشمێکی نەرمونۆڵو تەنکی بەهارڕەنگ، خۆی دەکێشێ بەسەر رۆحیداو ئەسپی خەیاڵ دەیهاوێتە سەر پشتی خۆیو بەهەورازو نشێوی رۆژگارێکی پڕ مەینەتو مەحەببەتدا دەیباتەوە" مەملەکەتی گورگەکانی بۆ کانی گێڕابێتەوە؟ یان تۆ بڵێی: ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە، بریتیبێ لەگێڕانەوەی خەونی تەنیا شەوێکی هەولێر کە لەڕێگەیەوە بەرەو رۆژگارەکانی رابردوو پەلکێشی نێو دنیایەکی پڕ لە: یەکەمجار (مەینەت)و دووەمجاریش (مەحەببەت)مان دەکات؟، چونکە ئەوەتا "تاوێکی تر تیشکی رۆژ خۆی دەکاتە کونو قوژبنی پیرە قەڵای شارداو لوتی بەرزی کۆشکو تەلارو باڵەخانەکان دەسمێت (مگ: لا٢٠)، لەکاتێکدا چوار لاپەرە، پێش هەڵهاتنی خۆر، "دنیا تەواو رۆشن بووەتەوەو نووسەر رووەو قەڵا لەبەر هەیوانەکەدا راوەستاوە." (مط: لا١٦٧)!!

کەواتە هەروەک چۆن لەپرۆسەی گێڕانەوەدا، تەکنیکی ناوەکیو دەرەکی بەکارهێناوە، هەرئاواش لەئاستی رووکەشو ئاشکرادا، سەرنج دەدەین مەملەکەتی گورگەکان، بۆخۆی ناونیشانێکی بارگاوییە بەچەمکی شوێنو سەرنجێکی تایبەتی داوە بەناوچەیەکی دیاریکراو کە ئەویش ناوچەی گەرمیانە، بەشاری کفریو گوندی کانیمارانیشەوە، ئەم شێوازە لەتەوزیفکردنی شوێن، هەوڵێکە بۆ بەوردی خستنەڕووی دابونەریتو شێوەی قسەکردنو رەفتارو هەڵوێستی کۆمەڵایەتیو مێژوو، کلتورو بیروباوەڕی خەڵکی ئەو ناوچەیە، نووسەر ویستوویەتی لەڕێگەی خستنەڕووی واقیعی ئەم ناوچەیەوە، ئەوە نیشان بدات کە چۆن ئەوانە کار دەکاتە سەر ژیانی خەڵکەکەی کە هەڵبەت خۆی یەکێکە لەوانو کوڕی ئەوێندەرە، دیارە لەمەشیاندا سودی لەتێکەڵاوییەک لەگوندو شار وەرگرتووە، هەروەک چۆن کات بەبەردەوامی دەگۆڕێ، ئاوا شوێنەکانیش لەگۆڕاندانو پێبەپێی نووسەر، خوێنەریش شارەزای شوێنە جیاوازەکان دەبێ، ئەو شوێنانەی کە نووسەر تێیاندا ژیاوەو رووداوەکانی تێدا ئەزمونکردووە.

وەک ئەوەی رۆحی نووسەر لەجێگۆڕکێو سەفەردا باشتر دیاردەکانی بۆ لێکجیابکرێنەوەو بیانناسێتەوە، ئاوا شانبەشانی گۆڕانی کاتو شوێنەکان، لەگەڵ خۆیاندا ماناگەلی دیکە بەبیرکردنەوەکانی دەبەخشنو ئەوەتا لەتێکستەکەدا رەنگدەدەنەوە، کاتێک لە (کەلار) ەوە، لەتەنها ژوورێکدا لەگەڵ سەرخێزانەکەی خۆیدایە، لەنێو کپیو بێدەنگییەکی قورسدا، بەگرمەیەکو لەگەڵیدا لەرینەوەی ژوورەکە، سەفەری دوورودرێژی ئەو دەستپێدەکا "دەچمە سەربانی ئەو تاکە ژوورە کە لەناو حەوشەیەکی گەورەی تێلبەندکراودا قوت کراوەتەوە (مط: لا٨٧)".

ئەم شوێنگۆڕکێیە کە پڕە لەعەزاب، زەبری ژیانی لەپشتەوەیە، نەک ئەنجامی ئارەزوو کەیفخۆشی خودی مرۆڤەکان خۆیان، تەنیا باشەیەکی ئەم هەڵکەندرانو عەزابە لەوەدایە کە شتێک لەدیمەنو وێناو ئیماژی دیاردەو رووداوەکان دەگۆڕێ، بۆنمونە: سەربانی تاکە ژوورەکەی کەلار، دەبێتە راوەستان لەهەیوانی ماڵێک رووەو قەڵای هەولێرو جریوەو جوکەی چۆلەکەو گمەی کۆترەباریکە هەڵنیشتووەکانی سەر تێلەکانیش، جێی گرمەو زرمەیان گرتووەتەوە، ئیتر ئەمە (ولاتی قەزاو قەدەر) و چارەنووسەو زۆر ئاساییە مرۆڤ تاماوە، تێنەگا لەوەی حیکمەتی ئەوە چییە، تۆ لەشوێنی خۆت هەڵکەنرێیو لەشوێنێکی تر بچەسپێی، بێئەوەی رۆژێک لەڕۆژان بیرت لێکردبێتەوە، یان پلانت بۆ دارشتبێ؟! بەڵام چونکە رۆحی ئەم (نووسەر) موسافیرێکی وێلگەردەو داربەڕوویەکی سەرسەختی بەرگەگرو چاونەترسە، بۆیە وەک چۆن هەست بەوە دەکات شتێک لەشێوەی قەزاوقەدەر دەستی لەم شوێنگۆڕکێیەی خۆیدا هەبووبێ، ئاواش چۆلەکەو کۆترەباریکەکانو سەمون فرۆشەکەش دەداتە دەست چارەنووسی خۆیانەوەو لەمەنەلۆگێکدا ئەڵێ "دەی کێ دەزانێ ئەو چۆلەکەیە کە هەموو بەیانییەک لەیەک کاتی دیاریکراودا لەخەو هەڵدەستێتو بەو جۆشوخرۆشەوە دەجریوێنی، تاوێکی تر بەو هەموو وریاییو لاسارییەی خۆیەوە، بەرلەوەی هاوەڵەکەی لەچینە بگەڕێتەوە، بەردی بەردەلاستیکی منداڵێکی چەتوون ناپێکێو بەسەر چڵێکی بەرزی ئەو دارشاتووەوە بەسینگی خوێناوییەوە بەرنابێتەوە سەرزەویو کۆتایی بەژیانی نایەت؟ هیچ دوور نییە سەمون فرۆشەکەش بەدەم ژماردنی قازانجی ئەمرۆیەوە مەرگی مجافات نەکات! یان دووسبەی (لۆتۆ)ی بۆ دەرنەچێتو رێڕەوی ژیانی نەگۆڕێ! ئەی کۆترە باریکەکە، نەختێک بەر لەئێستا بەدەم پشیلەیەکی رەشەوە بینیم، بەڵام چاوە زیتورەشەکانی هێشتا هەر گەش بوونو دەیانڕوانی (مط: لا١٨٧).

بەپێی روانینی من، نووسەر وەک جۆرێک لەگەمەکردن لەگەڵ چارەنووسدا، لەمەغزای سەفەر تێگەیشتووە، چارەنووسیش عەینەن (یاڵ×یب) وایە کە زۆرجاران ئاراستەو رێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان بەرەو ئاقارێکی تر دەبات، چۆنە ئەگەر بەناردنی بیستو حەوت (SMS) ببیتە خاوەنی هەمەرێکی لیمۆزین؟ خراپ نییە ها؟ ئەی چۆنە ئەگەر هەر بەڕاستی سەدوپەنجا ملیۆن دینارەکەی بەرنامەی ملیۆنێری کەناڵ چار بەریتەوە؟ بەڵام بەرلەوەی بیرکەیتەوە لەچیدا خەرجی کەی، لەناکاو هەست بەئازارێکی رۆح پرۆکێنەری گەدە (مەعیدە)و دڵەکزێ بکەی؟ هەڵبەت ئەمە ئەوپەڕی ماڵوێرانییە، بەڵام خۆشیشە ئەگەر لەو کەینوبەینی دەوڵەمەندبوونو ئازارەدا، داپەڕیو بەخۆت بڵێی: ئۆخەی خوا، ئەوە خەون بوو من دەمبینی!

ئێستا فەرموو، تۆ بزانە لەدرێژەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، بەخەیاڵ چ سەفەرێکی دوورودرێژت کردووە، بێئەوەی بەخۆت بزانی؟ تێبگە چۆن چارەنووس یاریمان پێ دەکا؟ بڕوانە چ بەزمێکە دونیا؟

حەمە سەعیدیش گیرۆدەی هەمان سیحرە، ئەو بەدوای چارەنووسی خۆیدا دەگەڕێ، بەڵام نایەوێ لەو گەڕانەدا بەتەنیا بێ، بۆیە لەوانەیە (یانسیب) ەکەی نووسەر، هەمان ئەو عەشقە بێت کە لەمنداڵییەوەو لە (کانیماران)ەوە، لەگەڵ (کانی بارام)دا دەستپێکردووە، ئەم سەفەرە کە لەڕاستیدا سەفەری دوورودرێژی عەشقو عومرە، فێری دەکات، چۆن بەنێو عەزابدا تێپەڕێو بتوانێ لەهەنگوینی عەشق بەشی خۆی هەڵگرێ، "پەنجەی دۆشاومژەم لەهەنگوینی کلۆری داربەڕوو وەردەدەم، کانی دەڵێت: دە لەو گشت شانەی هەنگوینە بەشی خۆتی لێببڕە، رێگایەکی دوورت لەپێشە، جا منی غەریبەو نامۆ چوزانم لەسەفەرێکی ئاوا دوورودرێژو سەختدا شانەی هەنگوینم دێتەرێ". (مط:لا١٦٧)

# مەل، خۆی سەری خۆی هەڵگرێ هێلانە بڵێ چی؟

چیرۆکی منداڵان



پەری کەریمی نیا

یەکێک بوو یەکێک نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لەقاڵاو رووڕەشتر نەبوو، لەم مەلەی ناو چیرۆکەکەی ئێمەش سەرگەردانتر نەبوو.

رۆژێک لەرۆژان ئەم مەلەی چیرۆکەکەی ئێمە مەلێکی تر لەهێلانەیەکی تر بانگی دەکات بۆئەوەی نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە میوانی بێتو گەر ویستیشی هەتا هەتایە لەهێلانەکەی ئەمدا بمێنێتەوە.

مەلەکە ئەم مەلەی تری لەشارێکی تر کە بۆ سەفەر چووبوو ناسی بوو، ئەم مەلەی چیرۆکی ئێمە دەڵێ: رەنگ بێت ئەو هێلانەیە لەهێلانەکەی خۆم بەرزتر بێت جا تا هێلانەش بەرزتر بێت بەرجەونی خۆشترەو منیش دەبمە پاشا، چونکە بەسەر هەموو شوێنێکیشدا زاڵ دەبم، بۆیە سەری دادەخا چاو لەخوارووی هێلانەکەی دەکا، هێلانەکەی خۆی زۆر زۆر بەرزە، منداڵە خنجیلانەکان ئەو هێلانەیە ئەوەندە بەرزبوو کە دڵنیام ئەگەر ئێوە لەو سەرەوە سەیری خوارەوە بکەن سەرتان گێژدەخواتو زوو چاوە گەشەکانتان دادەخەن بۆئەوەی سورِ نەخواتو سورِ نەخوات، لەسەرەوە شڵق بکەونە خوارەوە، دەی منداڵەکان بۆم دەوتن مەلەکە ئیتر سەیری خوارەوەی نەکردو سەری بۆ ئاسمان هەڵێنا، وتی دەبێت هێلانەی ئەو هاورێمە چەندەها گەز لەسەرووی ئاسمانیشەوە بێت، بۆیە ئیتر سەیری بەردەمی هێلانەکەی خۆی ناکاتو تا رۆژی یەکشەممە چاو دەبرێتە ئاسمان، ئاسمان شینێکی کاڵ بوو ئەو رەنگەی ئەم عاشق بوو پێی، ئەو، جگەرگۆشەکان رۆژێکیان بەدزییەوە چەند پەڕی تاوس خانم کە هەر ئەو رەنگە بوو ئەو حەزی لێی بوو، دزی بوویو بەهێلانەکەی خۆیەوە هەڵیواسی بوو، هەڵبەت دزی کارێکی خراپە کۆرپەکانم ئێوە هەوڵبدەن هەمیشە هەرچییەکتان ویست داوای بکەنو قەت قەت دزی مەکەن، بەڵێ لەوێدا بووین کە مەلە چاوی لەشینی ئاسمان نەبڕی، من رۆژێکیان بەر لەیەکشەممە چووم لەو سەر سەرەوە سەیری ناوچاوی مەلەی چیرۆکەکەی خۆمانم کرد، چاوی مەلە بڕوام پێبکەن هیچ رەنگێکی رەشو سپی تێدا نەمابوو، ببوە شین شین، شینێکی کاڵ کاڵ، لەناو ئەو چاوە یەکسەر شینە کاڵەدا هێلانەیەک دانرابوو کە هەتا چاو هەتەری دەکرد بەرزبوو، لەناو ئەو هێلانەدا دوو مەل خۆیان گرمۆڵە کردبوو، هێلانەکە بەرخۆلەکانم کەپرێکی گەورەشی بەسەرەوە بوو، ئەو دوو مەلەی ناو چاوی مەلی چیرۆکەکەی خۆمان بۆ خۆیان دانیشتبوونو خۆر لێی نەدەدان، هەروەها با ئەوەشتان پێ بڵێم هەر لەناو ئەو هێلانەیەدا کە وتمان کەپرێک بەسەرییەوە بوو چەند ئاوێکی بچوک بچوک لەملاولای کەپرەکەوە دەهاتنە خوار، جار ناجارێ مەلەکان باڵیان لەناو ئاوەکەدا دەکوتاو ئاویان لەیەکدی دەپژان، مەلی چیرۆکەکەی ئێمە نا، بەڵام مەلەکەی تر بەعیشوەوە چاوی دەقونجاند بۆ ئەوەی ئاوی کەمتر لێبپژێ، بەڵام مەلی چیرۆکەکەی خۆمان مەستتر ئاوی لێ دەپژاندو سەرمەستانە پێدەکەنی، بەڵێ ژیکەڵەکانم من لەناو چاوی مەلەکە شتی تریشم بینی، بۆنمونە ئەوەم بینی کە مەلەکە لەلای خوارووی ماڵەکەوە هەندێ کرمی لەبەردەمدا رۆکرابوو کە ئەوەندە دەنوکی لێدابوون، کرمەکان بەبنی هێلانەکەوە نووسابوون، من نازانم بۆ؟ بەڵام کە زۆر سەیری چاوی مەلەکەم کرد مەلەکەم زۆر دوور لەمەلی چیرۆکەکەی خۆمان دی، دەتوانم بڵێم بەئەندازەی دوو باڵی ئێوە دوور بوون لەیەکتری، بەقوربانتان بم با ئەوەشتان پێ بڵێم کە ئاوێک لەچاوی مەلەکەی خۆماندا قەتیس بوو، زۆر هەوڵمدا کە بیجوڵێنم، فوم لەچاوی کرد، قیژاندم، پاڵم پێوە نا، هیچ هەر بەخۆی نەزانی کە ئەو ئاوە قەتیسماوە لەچاوی بچێتەدەر کە زۆر سەیری چاویم کرد دەنوکی جوڵاند، خێرا منیش چاوم گواستەوەو سەیری دەنوکیم کرد، هەر دەنوکی دەدا بەیەکدا، باوەڕ بکەن زۆرم هەوڵدا جوڵەی دەنوکی بخوێنمەوە، بەڵام هەر چیم کرد نەمتوانی پیتەکانی بچنم، ئاخر من ئەوەم لەبیرچوو کە پێتان بڵێم من بەس دەمتوانی شتەکانی ناو چاوی ئەو ببینم، ئەو هێزەم نەبوو شتەکان ببیستم، لێوی هەر جوڵاو جوڵا، دیم فرمێسکە قەتیسماوەکە بەرەبەرە لە اوی چۆڕایە خوارەوە، هەڵبەت نەکەوتە خوارەوە، چونکە هێلانەکە ئەوەندە بەرزبوو کە با بەجوانی تێی دەکەوت، گوڵەکانم باکە دای لەئاوە قەتیسماوەکەی ناو چاوی مەلی بەستەزمانی چیرۆکەکەی ئێمەو ئاوەکەی یەکسەر تا سەر ئەو پەڕەی کە مەلەکەی تر دەینووسی، نەوەستاند، سەیری پەڕەکەم کرد، لەسەر پەڕەکە نامەیەکی بانگهێشت بوو بۆ یەکشەممەیەکی ترو بۆ یەکێکی تر، نازدارەکانم مەلەکەمان ئێستا دەبینم کە رەنگ بەڕوویەوە نەماوە، هەموو لەشی دەلەرزێ، چاوەکانی هەر ئاوەو رێژنە دەکاتو دێتەخوار، سەیری مەلەکەی تر دەکات، ناسکۆڵەکان من تا ئێستاش هەر نەمدی کە مەلەکەی تر تەنانەت بەسوچە نیگایەکیش بێت سەیری ئەم مەلەی ئێمە بکات، مەلەکەی ئێمەش خنجیلانەکانم هەر چاوی بڕیوەتە شینایی کاڵی ئاسمانو لەناو هێلانەی مەلەکەی تردا دەخولێتەوە.

وایبیی منداڵەکان ئێوە ئیتر پێویست ناکات سەیری ئەو دیمەنە بکەن کەمن دەیکەم، ئاخخ ئەوە چییە ئەو داربڕە بەو تەورەوە دەیەوێ چی بکات، ئائا بەساقەتان بم منداڵەکان ئێوە سەیری ئەم دیمەنە مەکەن، ئەو خۆ تەورەکەی بەربووە دارەکە، بەڵێ ئەو دارەی کەمەلی چیرۆکەکەی ئێمە تێیدا چاوی واق ماوە لەشینایی ئاسمان، ژیکەڵەکان یارمەتیم بدەن من سەری داربڕو تەورەکەی قاڵ دەکەمو دەیانخافڵێنم، ئێوەش دە ئازا بکەن کارێ بکەن مەلەکە رەشو سپی چاوی بگەڕێتەوە، دە ها چاوەڕوانتانم، زوو زوو.

# کاتێک نازانین بۆ کوێ دەچین

رەنجە باوەنووری




هەڕەشەکە وەک ئەوەی گەردەلولێک بێ لەناوەڕاستی ئاواییدا گێژەنەیەکی بەرپاکردو لەماوەیەکی کەمدا ئاوایی داماڵی، چەندین چیغو فەرەنجیو کەڵکیتو مەشکەی کرد بەئاسماندا، مرۆڤەکانی رووتکردەوە، رووت وەکو ئەو مەلۆتکەی بۆ یەکەمجار دەکەوێتە بەر دامێنی دایکی، هەر لەدوای خوێندنەوەی هەڕەشەنامەکە خەڵکی ئاوایی بێئەوەی ورتەیان لەدەمەوە دەربێت دەستەکانیان هەڵبڕیو پێشیان کەوتن، دایکان کۆرپەکانیان لەبێشەکەدا بەجێهێشت، باوکان لەبیریانچوو کە باوکنو بێئەوەی خۆیان بەهیچ بزانن بەئاماژەی سەربازەکان هەڵدەسوڕان، وا بەپەلە دەڕۆیشتنو ئاواییان بەجێدەهێشت ، چما ساڵەهای ساڵ لەوەبەر رۆحیان دراب‌ێ بەدەستەوە، ساڵەهای ساڵ لەوەبەر ئیرادەیان لێدزرابێو ئامادەکرابن بۆ ئەمڕۆ! سەربازەکان بەناو خەڵکەکەدا دەهاتنو جنێویان دەدا، هەڕەشەیان دەکردو میلی تفەنگەکانیان دەهێنایەوە، هەموو ئەو کەسانەیان بەرشەق دەدا کە دوادەکەوتن، مەلا فەیزی مەلای ئاوایی پێشەنگی خەڵکەکەی دەکردو هەموو خەڵکەکەش بەرووتی بەدوایدا دەڕۆیشتن، عەبە تەنها کەسێک بوو بەسەرسامییەوە دەیڕوانیو ناکۆکییەکی زۆر سەری لێدەدا، هەوڵیدەدا دیمەنەکان کۆبکاتەوەو وێنەیەک بداتە ئاگایی خۆی، بەڵام نەیدەزانی لەکوێوە دەستپێبکات، سەرنجی بەدوای دیمەنەکەدا دەڕۆیشتو نەدەگەڕایەوە.

ئەوە سەرەتای ونبونی عەبە بوو، ونبونێک کە هەر لەگەڵ گڤەی گەردەلولی هەڕەشەدا دەستیپێکرد، بەبیرو هۆشێکی ئاڵۆزەوە لۆژە لۆژ لەتەنیشت خەڵکی ئاواییەوە بەرەو ئیڤاکان دەڕۆیشت، جاروبار رادەوەستاو هەنگاوەکانی بیر دەچوو، بەڵام سەربازەکان بەنوکە شەقێک بیریان دەهێنایەوە.

مەلا فەیزی یەکەم کەس بوو ویستی سەرکەوێ، بەڵام قورئانەکەی لەبن دەست کەوتەخوارەوە، بەپەلە داچەمایەوە بۆئەوەی هەڵیگرێتەوە، لەپڕ سەربازەکان دایانە بەر رێژنەی گوللەو بڵاچەیەک بەمێشکی هەموو خەڵکی ئاواییدا تەقییەوە، لای ئەوان ئەوە گەورەترین گوناهی دونیا بوو، تەنانەت گەورەتر لەرووتکردنەوەی خۆیان، گەورەتر لەئاواییو یادگارەکانیان، گەورەتر لەسەروەرییەکانیان، لەناخەوە حەزیان دەکرد قورئانەکە هەڵگرنەوەو بیخەنە سەر سەریان، بەڵام نەیانوێرا ئەوە بکەن، تەنها توانیان هەنگاوەکانیان بپارێزنو داوای لێبوردن بکەن، لێبوردن لەوەی کە ناتوانن هەڵیبگرنەوە، مەلا فەیزی لەدوا پەلەقاژەدا سەری خستە سەر قورئانەکەو لەجووڵە کەوت، عەبەش نەیدەتوانی باوەڕ بێنێ، بەقوڵی دەیڕوانیو دەکەوتە تەخمینو بەراوردەوە، چەندی دەکردو دەکۆشا دیمەنەکان وەک حەقیقەت خۆیان پیشان نەدەدا، هێجگار لەتوانای بینینی ئەو گەورەتر بوونو نەشیدەتوانی حاشایان لێبکات، کەچی هەرزوو رووداوەکەی یەکلاییکردەوەو هەموو ئاڵۆزیو دوودڵییەکی خۆی رەواندەوە، نا...نا... ناکرێ ئەوە راست بێت، هەرگیز ناکرێ ئەوە راست بێت، درۆیەو لەخەیاڵدانی شەیتان کەوتۆتەوە! وای بەبیردا دەهات شەیتان لەدەمی بێزاریدایەو خەیاڵی نانەوەی کارەساتێکی لەوشێوەیە دەکاتەوە، ئەوانیش ئێستا پاڵەوانی خەیاڵەکەی ئەون، ئەوانەی بەبیردا دەهاتو بەڕەنگو رووخساریش پێدەکەنی، لەناو دەیان دەموچاوی خەمبارو داتەپیودا، دەموچاوی عەبە تەنها دەموچاوێک بوو هەڵدەکشاو پێکەنین دەیجولاند، هەندێ لەمنداڵانی ئاوایی ئەو توانایەیان لەخۆیاندا رانەدەبینی هێند بەئاسانی ئاوایی بەجێبێڵن، بۆیە بەناچاری وەک پەڕۆو پاتاڵ بەرەو ئیڤاکان پەلکێشیان دەکردن، عەبە بەو دیمەنە دەتریقایەوەو شاگەشکە دەبوو، بەڵام لەناو ئیڤاکەدا پێی دەوتن، مەگرین مەگرین، خەیاڵە خەیاڵ، پاش کەمێکیتر شەیتان بەئاگا دێتەوەو ئێوەش دەچنەوە خلیسکانێ، ئەو قسانەی دەکردو کەچی لێوەکانی نەئەبزوان، قسەکانی لەناخی خۆیدا دەتەقینەوەو جگە لەخۆی کەسێکیتر گوێی لێنەدەبوو، بەجارێ دەیان منداڵ بۆ یادگارییەکانیان دەگریان، بۆ ماقڵەو کوتەشووشەی رەنگاورەنگو بوکەڵە پەڕۆینەکانیان دەگریان، بەڵام پیاوەکان بەسەریاندا دەیانڕاند، بێدەنگ بن مەگرین، ئێستا کاتی گریان نییە، گریانەکانتان دواخەن، هەروایان بەژنەکانیش دەگوت، بەڵام ژنەکان دەیانتوانی جارجار بەمستەکوڵە بدەن بەسنگی خۆیانداو هەندێ لەخەمەکانیان کەمکەنەوە، دەیانتوانی گریانێکی زۆریش لەسینەیاندا هەڵگرن، ئەوان خاوەنی پێشینەیەکی زۆر بوونو ئەزمونێکی زۆریان هەبوو لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارەساتەکاندا، دەیانزانی چۆن گریانەکانیان هەڵدەگرن بۆ رۆژانی شێنەیی، بۆ ئەو ساتەوەختانەی منداڵەکانیان دەخەوێنن، بۆ کاتی تەنیایی، بۆیە ئەو رۆژەش هەرچەندە فرمێسەکانیان لەئامادەباشیدا بوون بۆ رژان، بەڵام نەگریان، دواتریش هەر نەگریانو ساتەوەختێکیان دەستنەکەوت بۆ ئازادکردنی فرمێسکەکانیان، هەموو خەڵکی ئاوایی لەئیڤایەکی گەورەدا سەفتەکرابوون وەک ئەو مردووانەی کە هەرگیز خاوەنی بچوکترین بڕیار نین لەسەرچارەنووسی خۆیان، تەنها هەندێک ترپەترپ لەدڵیاندا مابوو، چاوەکانیشیان نەختێک رۆشناییو تەنها عەبەیان پێدەبینیو بەس.

شۆفڵەکان لەگەڵ خانووەکاندا بەشەڕ هاتبوون، بەڵام خانووەکان بەبێ خەڵکی ئاوایی خۆیان پێڕاگیر نەدەکراو هەرزوو دادەکەوتن، لەگەڵ کەوتنیان جێژوانەکان دەکوژانەوە، پەنایەک نەدەمایەوە بۆ سڵاوی دوو دڵدار، ساتێک نەدەمایەوە بۆ زیکری دەروێشان، وەختێ بۆ دەستنوێژی سۆفییەکان، ئەوکاتەی کە خانووەکان دەکەوتن هاوارێکیان دەکرد، هاوارێ کە تەنها لوتکەی شاخەکان لەزمانی تێدەگەیشت، ئێستەش چەندین ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕێ، کەچی هاوارو دادو فیغانو غەڵبەغەڵبی رووداوەکە لەشاخو قەڵبەزو بەرکەمەرەکاندا وەک خۆی پارێزراوە کە ئێستەش گوێ دەخەیتە سەر تاشە بەردەکان زرەی زنجیری دەبابەکان دەبیستی، تەقینەوەی گوللە تۆپەکان، گرمەی شۆفڵو ئیڤاکان، رێژنەی گوللەو بارەی مەڕو مانگاو قیڕەی سەربازەکان وەک خۆی دەبیستی، هەندێ کەس کە شارەزایی باشتری پەیدا کردووە دەڵێ لەبەهارە تەڕەکانا وێنەی رووداوەکە بەسەر تاوێرەکانەوە بەباشی دەردەکەوێ، ئیڤاکان دەڕۆیشتن، تەپو تۆزێکی زۆریان لەپاش خۆیان بەجێدەهێشت، بەڵام عەبە هەر بەتەمایە شەیتان بەئاگابێتەوە، لەناخەوە دەڕوانێتە شەیتانێکی بێزار، شەیتانێک کە خەیاڵی نانەوەی کارەساتێک دەکاتەوە، ئەوەتا لەقەڵبەزەدایە لەماڵی جاڵجاڵۆکەیەکدا قاچەکانی خستۆتە سەریەکو جگەرەیەکی درێژ بەدەمییەوە، لەگەڵ هەر قومێکدا سەربازەکان زیاتر ئاڵۆز دەکاو خەڵکی ئاواییش زیاتر دەکەونە بەرتوڕەییان، ئەمیش هەوڵیدەدا بەئاگای بهێنێتەوەو خەیاڵە قوڵەکەی بزڕێنی، ئەو تەلیسمەش بشکێنێ کە خەڵکی ئاوایی تێیکەوتوون، هەموو بگەڕێنەوە بۆ ئاوایی، خانووەکان بکەونەوە سەرپێ، بۆ خۆشی دووبارە بێڵەکەی بگرێتەوە دەست، ئەحەو خولەی برای بگەڕێنێتەوە بۆلای بەرخەکان، دایکیشی مەشکەکەی بژەنێتەوە، لەناخەوە چەند بەردێکی تێدەگرت، پێدەکەنیو دەتریقایەوەو چەمو دۆڵەکانی پڕ دەکرد لەپێکەنین، بەڵام ئەوەی کە عەبە دەیبینیو عەبەی دەخستە پێکەنین ئەوانیتر لێی بێئاگان، بۆیە خەڵکی ئاوایی لەئیڤاکەدا سەرسامبوون، بەبرۆو برژانگی تۆزاوییەوە لەیەکتریان دەڕوانی، بەڵام نیگاکانیان قسەی دەکرد، عەبە شێواوە، عەبە شێت بووە، ئەوە لەیەککاتدا بەمێشکی هەموویاندا گوزەری کرد.

# ئێمەو کلتوری کۆنسێرت

مستەفا فاتح

رەنگە بکری مۆزیکو ئاواز وتن بەیەکیک لەکۆنترین ریگاکان بزانرێ کە مرۆڤەکان لەریگایەوە هەستی جۆراوجۆری خۆشیو شادیو نیگەرانیو خەمو پەژارەو ... خۆیان دەربڕیوە، بەهەرکام لەم دۆخە جیاوازانە مۆزیکی تایبەتو ریتمی تایبەتو ئاهەنگو میلۆدی تایبەتیان داناوە، بەشیوەیەک کە ئەو ئاهەنگو میلۆدییانە دەربڕی هەستی مرۆڤەکان بوونو هەنو زۆرجاریش ئەو ئاهەنگانە لەشوینیکەوە بۆ شوینیکیترو لەبەرەو جیلیکەوە بۆ بەرەو جیلیکیتر گوازراونەتەوەو لەم ریگایەوە مۆزیک وەک یەکیک لە٧ جۆری هونەر، بووە بەموڵکی مرۆڤایەتیو هەندێ جاریش نەتەوەیی، هەموو کاتیش چیژوەرگرتنو گوێگرتنو هاوهەستی کردن لەرێگای مۆزیکەوە بەدوو شێوە بووە، یەکیان بەشێوەیەکی تایبەتو ئەویتر بەشێوەی بەکۆمەڵ.

بەشداریکردن لەکۆڕو کۆمەڵی شادی، زەماوەند، رێوڕەسمە نەتەوەییو .... یان بەکارهێنانی مۆزیک لەپرسەو ماتەمینییدا، شێوەیەکی بەکۆمەڵی بەکارهێنانی مۆزیکو دەربڕینی هەستە لەرێگای مۆزیکەوە، سۆزو باڵۆرەو گوێگرتنو ژەنینی بەتەنها دەربڕینی هەمان ئەو هەستە جیاوازانەیە لەرێگای مۆزیکەوە.

لایەنێکی گەورە لەگوێگرتن لەمۆزیکدا هەیە کە دەکرێ بە"چێژوەرگرتن" ناوی ببەین، ئیمە زۆرجار گوێ لەمۆزیکو ئاواز دەگرین بەمەبەستی چێژوەرگرتن، ئەم چیژوەرگرتنە رەنگە هەمان ئەو دۆخە بێت کە بەدەربڕینێکیتر پێی دەوترێ "خواردنیرۆح"، زۆرجار مەبەستی گوێگرتنی ئیمە لەمۆزیکو ئاواز چێژوەرگرتنێکی پەتییە.

یەکێک لەشێوازەکانی تایبەت بەگوێگرتن (یان هەمان چێژوەرگرتن) لەمۆزیکو ئاوازو کۆنسێرتە، کۆنسێرت لەچاو شێوەکانیتری گوێگرتن، شێوەیەکی نویێ بەکۆمەڵ چێژوەرگرتنە لەمۆزیک، لەم شێوە نوێیەدا، تاکی لایەنگری مۆزیک بەئامادەبوون لەکۆنسێرتی مۆزیک یان گۆرانیبێژێکدا، لەگەڵ ئامادەبووانیتری هۆڵ یان هەرشوێنێکیتر کە کۆنسێرتەکەی تێدا سازدەکرێ، چێژێکی هاوبەش وەردەگرێ، لێرەدا ئەم تاکە لەدوو دۆخی جیاوازدایە، یەکیان ئەوەیە بەشێوەیەکی تایبەت خەریکی چیژوەرگرتنە لەمۆزیکو ئاواز، یان باشتر بڵێم ئەم چێژوەرگرتنە چێژوەرگرتنێکی تاکەکەسییە بۆ ئەو، بەمەشەوە هاوکات شێوەیەکی تایبەت نییە، لەبەرئەوەی لەشوێنێکە کە شوێنەکە بەتەنها تایبەت بەئەو نییە، بەڵکو شوێنێکە گشتییە، هەر چەشنە جوڵەیەکی ئەو کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوانیتر کە ئامادەی ئەو شوێنەن، لێرەدایە کە ئەو کەسەی لەو کۆنسێرتەدایە دەبێت ئاگاداری هەموو جوڵەو ئاکارێکی خۆی بێت، نەوەک کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت لەسەر ساتی چێژوەرگرتنی ئەوانیتر.

### ئێمەو کلتوری کۆنسێرت

ئەوەی کە ئاخۆ لەکەیەوەو لەچ زەمانێکەوە کۆنسێرت سازکردن لەلای ئێمەی کورد بووە بەباو، شتێکە کە مەبەستی ئەم نووسینە نییە، هەر چەن بەکۆمەڵێک هۆکار، رەنگە کۆنسێرت شتێکی تازە بێت لای ئیمە لە چاو نەتەوەکانیتر، ئەوەی گرنگە ئێستا ئەم شێوە چێژوەرگرتن لەمۆزیکەیە کە هەیە، چێژوەرگرتنێک کە هەموومان پێکەوە خەریکین گوێ لەئاهەنگ یان پارچە مۆزیکێک دەگرین، بەڵام بەداخەوە کلتوری ئامادەبوون لەکۆنسێرت لای ئێمە بەتەواوی نابینرێ (بۆ سینەماش بەشێوەیەک لەشێوەکان هەر بەم شێوەیە).

وەک وترا ئامادەبوون لەکۆنسێرتدا واتە بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئەوانیتر لەجۆرێ مۆزیک چێژوەرگرتن، هەر بەهۆی ئەم هاوبەشیکردنەوە ئێمە بەرپرسین بەرامبەر بەجوڵەو ئاکارەکانمان، نەوەک چێژوەرگرتنی ئەوانیتر تێکبدەین، بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئەم شتە لای ئێمە ناپارێزرێو بەشێوەیەک ئەم بەشداریکردنەو بەهاوبەش چێژوەرگرتنە تێکدەدرێ کە من لێرەدا ئەم جۆرە ئاکارە ناودەنێم دووربوون لەکلتوری راستەقینەی ئامادەبوون لەکۆنسێرت.

### کونسێرتی هۆڵی تەوار وەک نمونە

رۆژی شەممە ١ی ئایاری ٢٠١٠ لەلایەن کۆمپانیای "دەلتا"وە کۆنسێرتیک بۆ هونەرمەندان، "جەنگین جەماڵ"، "رێبوار قەرەداغی"و "هاوار زەهاوی" سازکرا کە لەزۆر رووەوە ئەم کۆنسێرتە رێکوپێک بوو، لەگەڵ ئەمەش هونەرمەندەکان سەرکەوتوو بوون لەبەخشینی چێژ بەئامادەبووان.

سەرەتا ئەوەی کۆمپانیا بازرگانییەکان هەوڵدەدەن لەبواری هونەردا کاربکەن کارێکی جیگای رێزە، لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان ئەم کارە دەکرێو هیوادارم ئەم کارە ببێت بەنەریتێکی هەمیشەیی، دەربارەی ئاستی هونەری هونەرمەندەکانیش من وەک ئامادەبوویەک تەنها دەتوانم بڵێم چێژی تایبەتی خۆم وەرگرت کە دوای نزیک بە٤٥ خولەکیش ژەندنی هونەرمەندەکان کۆتاییهات، خۆزگەم دەخواست کۆتایی نەهاتبا، هەرچەن هەندێجار هەستم دەکرد، جێگای سەنتورێک خاڵییە بۆ هاوکاریکردنی هونەرمەندەکان.

لەم کۆنسێرتەدا کۆمەڵێک شتم بینی کە بەشێوەیەک کاریگەری دانا لەسەر چێژوەرگرتنی منی ئامادەبوو کە ئەمە لەزۆربەی زۆری کۆنسێرتەکاندا دەبیندرێو تایبەت بەو کۆنسێرتە نییە.

١- هۆڵەکە بەردەوام جوڵەی تێدا هەبوو، بەبۆچوونی من دەبوایە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کۆنسێرتەکەوەو دوای کوژاندنەوەی گڵۆپی هۆڵەکەیە، دەرگای هۆڵەکە داخرابا، بۆئەوەی بەر بەهاتوچۆی بەردەوام بگیردرێ لەهۆڵەکەدا.

٢- کامێرامانی تەلەفیزیۆنەکان بەشێوەیەکیتر کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەوەی جۆری پەیوەندی چێژوەرگرتنی منی ئامادەبوو ببچرێت، ئەم کامێرامانو رۆژنامەنووسانە هەرکامەیان بەهاتوچۆی بەردەوام بەبەردەم جەماوەرەکەدا پەیوەندی وێنەیی ئامادەبووانو هونەرمەندەکانیان دەپچڕی، من کە لەکۆنسێرتێکدا ئامادە دەبم، جۆری پەیوەندیگرتنی من لەگەڵ هونەرەکەدا هەم وێنەییو راستەوخۆیەو هەم بیسیارییە، واتە بەچاوو بەگوێ من خەریکی پەیوەندیگرتنم لەگەڵ مۆزیکەکەدا، بەڵام هاتوچۆی بەردەوامی کامێرامانو وێنەگرەکان ئەو پەیوەندییەیان زۆرجار دەپچڕی، من لاموایە دەبا هەر لەسەرەتاوە ئەو وێنەگرانە لەگۆشەیەکی گونجاو بۆ کامێراکانیان دانیشنو لەوێوەو خەریکی ئیشی خۆیان بن، نەک هەردەم ببن بەدیوار لەنێوان ئامادەبووانو هونەرمەندان.

٣- یەکێک لەو مەرجانەی کە لەهەر کۆنسێرت یان سینەماچوونێکدا دەبێت بپارێزرێ، بێدەنگی هۆڵە، لاموایە ئیتر ئێمە هەموومان ئەمە دەزانین، بەڵام بەداخەوە رەچاوی ناکەین، زۆرجار لەکاتی ژەنینی مۆزیکدا، دەنگی زەنگی مۆبایلێک دەهات کە گۆرانییەکی عەرەبی لەسەر بوو کە بەتەواوی لەکەشوهەوای کۆنسێرتەکەی دوور دەخستیتەوە، تارژەن خەریکە تاریکی ئارام لەسەرخۆ لێدەداتو لەپڕ دەنگی زیقی هونەرمەندێکی عەرەب دەهات، یان دەتبینی منداڵێکی ٣-٤ ساڵان لەتەنیشت یان پشت سەرتەوە خەریکی کایەکردنە لەگەڵ دایکیو بەدەنگی بەرز پێدەکەنێت (جا سەیر ئەوەیە ئەگەر دایکی ئەو منداڵە خۆی یەکێک بێت لەهونەرمەندە ژنەکان)، ئاخۆ ئەم دایکە نەیدەزانی منداڵە ٣-٤ ساڵانەکەی ئەو ناتوانێ نزیکەی کاتژمێرێک بێدەنگ بێت؟ پێویستە بنەماڵەکان ئەوە بزانن ئەو منداڵە لەو مۆزیکە کە تایبەتە بەگەورەکان چێژوەرناگرێ، ئێستا لەهەموو شوێنی دونیا مۆزیکی تایبەت بەمنداڵان زۆر جیایە لەهی گەورەکان، ئەوان کە نەیانتوانی چێژوەرگرن بێدەنگ نابن، ئەوەیە فەزای هۆڵەکە دەشێوێنن.

لەکۆتاییدا هیوادارم کلتوری ئامادەبوون لەکۆنسێرت لای ئێمە بپارێزرێت، چونکە کۆنسێرت ئەو شوێنەیە ئێمە هەمووومان ئامادە دەبین بۆئەوەی بەکۆمەڵ لەمۆزیکێکی تایبەت کەڵک وەربگرین.



# تا ئێستا رۆشنبیریی کوردی ئێمە پێناسو چوارچێوەی زانستی نییە بۆ شووناس

## عەلی زەڵمی نووسەرو رووناکبیرو خوێندکاری ماستەر لەزانکۆی بریستۆڵ بۆ دەستوور



عەلی زەڵمی

**شووناس وەک دەرکەوتەو سیمای مرۆڤ لەلایەن زۆر بیریارو کۆمەڵناسەوە قسەی لەسەر کراوە، ئەوانەی بەشداری لەبەرهەمهێنانی شووناسدا دەکەن بەپێی هەر کۆمەڵگایەک دەگۆڕدرێن، کەموکورت بوون یان کامڵبوونی شووناس تا ئەندازەیەک پەیوەندی بەرەوتی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی مانای گەلەکۆمەکی (دەستەجەمعی) کلتورییەوە هەیە، هەرچەندە شووناسی هەر تاکێک کاریگەری لەسەر کۆی ماناو بەڵگە (دەلالەتە) کلتوریو رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا دەبێت، شووناسی تاکی کوردی شووناسێکی ئاڵۆزو ناجێگیرە، ئەمەش پەیوەندی بەسیستمی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە هەیە کە بەندە بەفاکتەرو دیاردەی ترەوە، بۆ قسەکردن لەسەر بابەتەکە دەستوور ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ رۆشنبیرو نووسەر عەلی زەڵمی خوێندکاری ماستەر لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بریستۆڵی بەریتانیا ئەنجامداوە.**

**سازدانی: رایان عوسمان**

**دەستوور:** شووناسی تاکی کورد دەتوانرێت وەک شووناسێکی بێکەموکورت سەیربکرێت؟

**عەلی زەڵمی:** بێگومان دەبێت ئێمە لەسەرەتادا ئەوە روونبکەینەوە کە مەعریفەی کوردی تا هەنوکە چی بەرهەمهێناوە لەمەڕ شووناسو پرسی شووناس، پاشان کێنو کوان ئەو تێزو قوتابخانە فیکریو زانستییانەی بەم ئەرکە هەڵسابن، مەخابن لەم دەڤەرەی ئێمەدا بودجە بۆ هەمووشت پرسیاری لەسەر دەکرێت کەس نییە خەمی توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمی بخوات ئەمە یا بەجێهێڵراوە بۆ زانکۆکان کە بەداخەوە کەمترین کاراییان هەیە لەبەرهەمهێنانی فکرو زانستدا، یاخود بۆ گەڕەلاوژەی دووتوێی چەند گۆڤارو رۆژنامەیەک کە ئەمەشیان بێبەهاکردنی کاری رۆژنامەوانی نییە، بەڵکو پرسی ئێمە لێرەدا قەیرانی پرۆفیشناڵیەتیو بواری تایبەتە، نەبوونی بڵاوکراوەیەکی وەرزی لەزانکۆو دەزگا زانستییەکاندا گەر هەمان بن، ئەم گرفتەی قوڵتر کردووەتەوە، لێرەوە رێگە بەخۆم دەدەم ئەو راستییە بدرکێنم کە نەک هەر شووناسی تاکی کورد ناکرێتو ناگونجێ وەک بێخەوشو کەموکورت سەیرنەکرێت، بەڵکو لەهەنوکەدا هەڵگری دەیان قەیرانەو بارگاوییە بەدەیان پرس کە ئێمە نیگەرانی خۆمان پێشاندا لەسەرەتادا لەسەر نەبوونی لێکۆڵینەوە لەمڕووەوە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت تا ئێستاش رۆشنبیریی کوردی ئێمە پێناسو چوارچێوەی زانستی نییە بۆ شووناس، پاشان ئەم هەمە گۆڕانکاریو گواستنەوەو موناقەشە زانستی سۆسیۆلۆژییەی بەرهەمهێنراوەو روویداوە لەجیهاندا سەبارەت بەم چەمکە هەستیارە، کەچی لای ئێمە کە باس دێتە سەر شووناس یەکسەر زیهنییەتمان دەچێت بۆ لای شووناسی نەتەوەیی یا کلتور، بەتایبەتی شووناسی ئاینیو مەزهەبی، ئیدی تاک ونەو بۆشاییەک لەنێوان تاکو دەستەجەمعیدا نەهێڵراوەتەوە، کەواتە هەر لەسەرەتاوە ئەم چەمکە پڕ کێشەیەو پێوستمان بەپێناسەو ناسینەوەو فۆرمدانی نوێ هەیە بۆ شووناس لەفەرهەنگی کوردیداو لەگفتوگۆ زانستیو فکرییەکاندا لەمەڕ ئەم چەمکە، بۆنمونە تائێستاش هەرچی دەوترێت لەسەر شووناسی تاکو کۆمەڵگای کوردی لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی رۆشنگەریو مۆدێرنەدایەو لەچوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی کلاسیک دەرنەچووە، بەڵام ئەوەی ئێمە بەتەنگییەوەیەن دۆزینەوەی سەرەداوەکانو نهێنییەکانی شووناسو خودە لەزانستی کۆمەڵ زمانزانی (sociolinguistic)، دەروونزمانزانیو هەروەها تێپەڕاندنی هەیمەنەی مۆدێلی فەلسەفەی مۆدێرنەو بونیاتگەراکانو بنەڕەتگەراکان یا جەوهەرگەراکان (Essentialism).

**دەستوور:** بەشداری کوێرانەی سیاسی کە ئێستا کۆمەڵی کوردی گرتوەتەوە، شووناس بەرەو کوێ دەبات؟

**عەلی زەڵمی:** ئەو دەربڕینە زۆر راستە، "بەشداری کوێرانە" بەداخەوە تاکی ئێمە زیاتر لەژێر هەژمونی کۆدا کارو ئەداو هەڵسوکەوتی رۆژانەی ژیانی نمایش دەکات، لێرەوە ناپرسیو نازانێ یان نایەوێت بزانێت بۆچی سیاسەت دەکاتو بۆ کێی دەکاتو بگرە خودی کاری سیاسی لەکوێی کۆمەڵگەدایەو پێناسو ئەرکی چییە، نەک هەر سیاسەت بگرە تۆ دەبینی خوێندکارێک بوارێک دەخوێنێ نازانێ بۆچی ئەمەی کردووە، سەرکردەیەک برِیارێک دەردەکات نەڕاوێژی بەخۆی کردووە نە بەراوێژکاران یاخود دەبینی کە گەنجێک تورەیە .. هتد، ئەمانە نمونەی ئەو "بەشدارییە کوێرانەیە"یە ئەمە مانای ئەوە نییە هەرگیز کە کۆمەڵو تاکی ئێمە هیچ هۆشیاری نییە، بەڵام ئێمە گوتاری تاکو کۆمەڵ شیدەکەینەوە لەبوارەکاندا، بەتایبەتی لەخشتەبردنی سیاسی کە گوتارێکی دوورودرێژە لەم دەڤەرەی ئێمەداو مێژوویەکی ناشیرنی هەیە، کەواتە نەکردنی ئەو پرسیارانەی باسمان کردنو نەبوونی ئەو گومانو رارایەی لای تاکی کورد کە بۆچی ئەمجۆرە لەسیاسەت دەکاتو ئەویدی ناکات نیشانەو هێمان بۆ گرفتی شووناسی تاک لەم جڤاتی ئێمەدا، ئاخر لەم ژینگە سیاسییە نا تەندروستەی کوردستاندا بەتایبەتی لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەهەرزانترین شێوەو ریکلام وەدەست دەخراو سۆزی تاکو کۆ زۆر بەئاسانی رادەکێشراو مرۆڤەکان بەخێرایی بێهۆش دەبوون بەجورعەیەکی بچوک، ئەمانە هەمووی دەلالەت لەجێگیر نەبوونو پێنەگەیوی تاکی ئێمە دەکەن، لانیکەم لەبواری تێگەیشتن لەدیموکراسیو ژیانی سیاسی، ئەگەرنا مانای نییە بەدوعای مزگەوت، فیکەی سەرجادە، هۆڕینی ئۆتۆمبێل، کارتی تەلەفون سەرنجی خەڵکی راکێشی، هەروەها لەبری مانیفستۆی سیاسیو دوبەیتی میدیایی لەنێوان لیستە رکابەرەکاندا بەهەراو هۆریاو تەکبیرو نەڕەنەڕی حەماسیو شیعریو گریانو لوشکەلوشک خەڵک لەخۆت کۆبکەیتەوە، ئەم هەڵبژاردنە جارێکیتر پیشانیداین چەندە تاکی ئێمە نەمەییوەو چەندە سیاسییە مخەزرەمەکانمان لێزانن لەیاریکردن بەسۆزو ئاوەزی تاکی کوردو هەر لێرەوەشە کۆمەڵناسو چاودێرەکان رێگە بەخۆیان دەدەن پرسیاری گەورە لەسەر شووناسو پرۆسەی خودناسی تاکی ئێمە بکەن.

> **تا ئەم ساتەوەختانەش ئایینو مەعریفەی ئایینی ئاراستەی تاكو جڤات دەكات ئایین پێناسە بۆ زۆر دیاردەو شێوازی ژیان دەكات، ئایین لەدەزگای سیكۆلاریدایە، لەمیكانیزمی سیاسیدایە**

**دەستوور:** لەزەمەنی ئێستادا تەکنەلۆژیا چۆن بەشداری لەبەرهەمهێنانی شووناسدا دەکاتو هەروەها ئایا فرە شووناسی وەک بەرهەمی ئەم رۆژگارە کار ناکاتە سەر ئاراستەو ئایدیاکانی تاک؟

**عەلی زەڵمی:** ئەم پرسیارە گفتوگۆی ئێجگار زۆر وەردەگرێت، بیریارو چاودێر هەیە تەواوی ژیانی زانستیو فیکریی خۆی لەسەر ئەم پرسە داناوە، بگرە زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین ئەم پرسە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی فیکرییو میتۆدی زانستی لەزانستەکانی کۆمەڵناسی، مێژووی بیر، خوێندنی کلتورییو خوێندنی میدیاو ئەدەبو هونەردا، تێزەکانی بۆردیارو لیۆتارد جیمسن وەک رابەرانی پۆستمۆدێرنیزم زۆرترین قورساییان داوە بەم کاریگەرییەی تەکنۆلۆژیا بۆسەر ژیانی مەردووم لەپاش نیوەی سەدەی رابردووەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو تەکنۆلۆژیا خودی ماناکانی چەمکی کات، شوێنو ژیانی گۆڕیوە، من لەشوێنی دیکەدا باسم کردوە چ پێکهاتەیەکی سەیرە مرۆڤی ئەمڕۆ بەجینزێکی چینیو تیشێرتێکی بەرشەلۆنەوە سەیری زنجیرەی "پریزن برەیک"ی ئەمریکی لەشاشەی تەلەڤزیۆنێکی ژاپۆنی لەسەر قەنەفەی تورکیو پیزای ئیتاڵی دەخوات بەنۆشابەی ئێرانییەوەو هتد.

گرێدانەوەی لۆکاڵی بەجیهانییەوەو مۆدێرنە بەترادیسۆنەوە لەئەدگارو مۆرکەکانی مرۆڤی هاوچەرخن، هەر ئەمەیە یەکێکی وەک بنیامین باربەرە لەکتێبی "جیهاد دژی ماکۆرلد"دا باسی تێکەڵی ئەو مەرامانە دەکات لەپشتی گروپە تیرۆرستەکانو کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوەیەو یەکگرتنەوەی ئامانجەکانیان هەندێجار، کەواتە لەم فەزایە ئاڵۆزو نارۆشنەدا کە بیریاران لەسەری کۆکن پەیوەندییەکان نارۆشنو تابڵێی ئاڵۆزن، وەک پەیوەندی نێوان ئاینو دەوڵەت، تاکو کۆ، کلتورو شێوازی ژیان، زانستو میتافیزیکو هتد، هەر لەم سۆنگەیەوە مرۆڤی هاوچەرخ دەکرێ هەڵگری چەندین پێناسی جۆراوجۆر بێتو بگرە لەمەش سەیرتر دەکرێ کەسێک هەڵگری شووناسی دژ بەیەک بێت، ئاخر بەیانیان مامۆستاو ئێواران شۆفێری تاکسیو یان بەیانیان فەرمانبەرو ئێواران قوتابیو شەوان باوک، یان هاوینان لەئەوروپاو پایزان لەکوردستان منداڵی ژنێکت کوردو هی ژنەکەی ترت ئەوروپی، ئەمانە هەمووی شووناسی جۆراوجۆر دەبەخشنە هەڵگرو ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان وەک (قوتابی، مامۆستا، باوک، دایک، کورد، بێگانە، نیشتەجێ ،هاووڵاتی، هتد).

**دەستوور:** شووناسی دەستەجەمعی تاچەند بەسە بۆ خوێندنەوەی کلتوری کۆمەڵگایەک؟

**عەلی زەڵمی:** بیریاران بەتایبەتی فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرنە ناسنامەی تاک لەم سەردەمەدا بەناسنامەیەکی فرەگمەنت (شکاوو پارچە پارچە بوو)و هەروەها ناسنامەی شل ناوزەد کردووە، هەڵبەت ئەمە لەبەرامبەر ناسنامەی سەردەمی مۆدێرنەدا کە زیاتر بەناسنامەیەکی رەق، یەکگرتوو یەکدانەیی دەبینرا، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەو بۆچوونانەی هەبوون لەسەر کارو پیشە بۆ هەتا هەتا کۆتاییان هات، هەروەها بگرە مانای ئیشو جۆری ئیشکردنیش گۆڕاوە، پەیوەندییەکان تا رادەیەک روونو کارا بوون لەسەردەمی مۆدێرنەداو مرۆڤەکان بەکۆمەڵێک رێوشوێنی یاسایی یان خێڵەکی یا ئایینی هتد، پەیوەندیان رێکخرابوو بەدەوروبەرەوە، ئەمەش پابەندبوو بەجۆری ئەو کۆمەڵگایەی ئەو تیای دەژیا، ئایا کۆمەڵگایەکی داخراوی ئایینی یان کراوەی لیبراڵی یاخود خێڵەکی هتد، بەڵام ئەم پەیوەندیانە بەو شێوەیە نامێننەوەو بگرە ماناکانی کاتو شوێن کە زۆرجار دیاریکەری ئەو پەیوەندییە بوون، دەگۆڕێنو بێگومانیش پەیوەندییەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین کەسێک بەپەیوەندییێکی تەلەفۆنی لەلادێیەکی کوردستاندا سەرەخۆشی خۆی دەگەیەنێت، بەمە خۆی لەرۆڵو ئەرکێکی ئایینی کۆمەڵایەتی دادەبڕێت، هەڵبەتە ئەمە بۆ کۆمەڵناس مانای زۆری لەخۆ گرتووە، بەهەردوو بارەکەدا چ پۆزەتیڤو چ نێگەتیف، بۆیە ئێمە لێرەدا هەڵسەنگاندن دەکەین نەک حوکمدان، هەبوونی سەدان پێگەی گروپو جڤاتی ئەلیکترۆنی کە تیایاندا ئاهەنگی زەماوەند سازدەکرێت، وەعزی ئایینی دەوترێتەوە، راوێژی کۆمەڵایەتی دەکرێت، وانەی ئاکارو فەلسەفە دەوترێتەوەو بازاڕو کڕینو فرۆشتن دەکرێو دڵداریو جێگای ژوانی ئاشقانەو چارەسەری دەروونیو یاریو کێبڕکێ ئەنجامدەدرێت، تۆ لەیەک کاتدا کەسێکی لۆکاڵیو جیهانیشی، کەواتە پەیوەندییەکانیشت بەدەوروبەرتەوە ئەو بارە دروستی دەکات کە تۆی تیایت، نەک هەمان کاتوگۆری نەگۆڕو نەجوڵاو.

**دەستوور:** ئەگەر هەموو سەرچاوە بەرهەمهێنەکانی شووناس لەکۆمەڵی کوردیدا شووناسێکی تەواونەکراویان دابێتە تاک، چ شتێک دەتوانێت ئەم قەیرانە کۆتایی پێ بێنێت؟

**عەلی زەڵمی:** پێویستە ئەوە بوترێت کە پرسی ناسنامە بەتەنها بوارێکی زانستی یاخود رێچکەیەکی زانستی بەس نییە بۆ خوێندنەوەی، لەمێژووی سەد ساڵی رابوردوودا چەندین لێکۆڵەری زانستیو ئەکادیمی لیکۆڵینەوەی خۆیان هەبووە لەمەڕ ناسنامە، ئیدی چ ناسنامەی تاک بووبێ یاخود کۆ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە چەندین پێناسە بۆ ناسنامە کراوەو لەچەندین گۆشەنیگای جیاجیاوە بینراوەو هەڵسەنگێنراوە، هەر بۆنمونە لەدیدی فەلسەفییەوە ناسنامە دەکرێت وەک تۆنێکی لەیەکچوون وێنا بکرێت، بەمانا هەموو ئەو تاکانە لەبیروبۆچوون، ئاکار، جیهانبینی، هتد، وەک یەکنو هاوشێوەن، ئیدی هەڵگری یەک ناسنامەن، بەڵام وەک وتمان ئەمە لەزانستی کۆمەڵناسیدا وانییە، بەڵکو ناسنامە دابەشدەکرێت بەسەر کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتیو چینایەتییەکاندا، وەک جێندەر، تەمەن، باری ئابووری ژیان، پرۆفیشناڵی، ئیسنیستیو هتد، لەتۆنی زانستی سیاسیدا تەنها ناسنامەی نەتەوەیی جیاکاری سەرەکی گەلو تاکەکانە، ئەمەش هۆکارو مێژووی خۆی هەیە، لەهەولی ئەکادیمی نوێداو بەتایبەتی لای سۆسیۆلنگیوستەکانو پۆس بۆندیادگەرەکانو پۆستمۆدێرنەکان مۆدێلو قسەی جیاواز هەیە لەمەڕ ناسنامە، ئەمان بگرە ئاڕاستەی خوێندنەوەو توێژینەوەی ناسنامەو خودناسیان گۆڕی، ئەوەمان بیرنەچێ گرنگی لێکۆڵینەوە لەسەر ناسنامە پەیوەستە بەهەڵسەنگاندنی پرۆسەی خودناسیو تاکناسی، ئەمە لەمێژووشدا لەتۆنە فەلسەفییەکەیەوە هەروا بووە.

تاکی کوردی نازانین هەڵگری چ جۆرە ناسنامەیەکە؟ تا ئەم ساتەوەختانەش ئاینو مەعریفەی ئایینی ئاڕاستەی تاکو جڤات دەکات، ئایین پێناسە بۆ زۆر دیاردەو شێوازی ژیان دەکات، ئایین لەدەزگای سیکۆلاریدایە، لەمیکانیزمی سیاسیدایە، خێڵو پێکهاتەی خێڵەکیو بیرباوەڕی خێڵەکی کارایی بەرچاوی هەیە لەدەزگای بەڕێوەبردنو حیزبو دەسەڵاتدا، تێکەڵێیکی سەیر هەیە لەنێوان خێڵو مەدەنیەت لەکوردستاندا، کارەساتی وڵاتی ئێمە بەقۆناغی سروشتی گەشەی دیموکراسیو ئابووریو سیاسیو تەکنۆلۆژیدا تێنەپەڕیوە، وەک قوتابییەک وایە دوو ساڵی خوێندنی بەساڵێک بڕیبێت، بەڵام بەواستە نەک بەزیرەکی، تاکو گەنجی ئەمڕۆ سەرچاوە مەعریفییەکانی سنوری سەرچاوە کۆنو کلاسیکەکانی نەوەکانی خۆیان تێپەڕاندوە، مەبەستمان لەسەرچاوە کلاسیکەکان وەک کورد لەسێ جیهانبینیو سەرچاوە تێنەپەڕیوە مەگەر لەسەر تاکی زۆر هۆشیارو رێزەپەڕ، ئەوانیش سەرچاوەی ئایینی ئیسلام بەتایبەتی، سەرچاوەی بیری رادیکاڵیو چەپی بەتایبەتی ماویزم بگرە ستالینیزم، هەروەها سەرچاوەی سێیەم کە بیری ناسیۆنالیستی کوردییە کە زیاتر وەحی لەترادیسۆنو ئایینو بیریی چەپەوە وەرگرتووە تا لەمۆدێرنەوە.

ئەمڕۆ جیا لەوەی سەرچاوەی دیکە جیهانبینیی تاکی دەوڵەمەند کردووە، بگرە سروشتو پێناسەی ئەم سەرچاوانەی پێشووش گۆڕاوە، ئەمڕۆ پرسی گەورە لەبەردەم ئەم چینە نوێیەی جڤاتدایەو تەحەدی گەورە چاوەڕێیان دەکات کە تاقیبکەنەوە، بەجۆرێ نەخشەی گوتارێکی فیکری دارێژێتو لەوێشەوە ئەدگارەکانی ناسنامەو شووناسی تاک رەنگرێژ بکاتو پێناسە بکات، ئەگەرنا ناچارم دەستەواژەی پێناسەی ون بوون پێشبینی بکەم، واش نازانم رەشبینم یاخود زیادەڕۆییم کردووە.

> **بیریاران بەتایبەتی فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرنە ناسنامەی تاك لەم سەردەمەدا بەناسنامەیەكی فرەگمەنت (شكاوو پارچە پارچە بوو)و هەروەها ناسنامەی شل ناوزەد كردووە**

# قەیرانی گوتاری حیزبە ئیسلامییەکان لەنێوان چەقبەستوویی‌و کرانەوەدا

نەجمەدین حەمەعەلی

پاش رووخاندنی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە، گۆڕانێکی سیاسی لەسەرتاسەری عێراقدا سەریهەڵدا، بێگومان هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەعێراق پشکی ئەو گۆڕانکارییەی بەرکەوتو کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبوو لەسەر بیرکردنەوەو کرداری سیاسی حیزبو هێزەکانی کوردستان، ئەوەبوو بەپلەی یەک یەکێتی‌و پارتی کەوتنەخۆیان‌و سەردەمی نەشەڕ نەئاشتیان تێپەڕاندو رووبەڕووی دیفاکتۆرێکی سیاسی بوونەوە، هەر لێرەشەوە هەوڵیاندا ئەگەرچی رواڵەتیش بێت گوتاری خۆیان یەکبخەن بۆئەوەی لەعێراقی داهاتوودا بەرامبەر بەعەرەبو شیعەو سوننە بتوانن هێزی خۆیان وەک بەشێکی کاریگەر لەپێکهاتەی گوتاری سیاسی عێراقدا دەربخەن، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بەدەر نەبوون لەپریشکی ئەم گۆڕانکارییەو هەندێک لەو حیزبانەش رووبەڕووی ئەو دیفاکتۆرە سیاسییە بوونەوە کە بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێیان نەدەکرد، تەنانەت ئەم گۆڕانکارییە سیاسییەو هاتنی ئەمریکا سەراپای بیرکردنەوەی هەندێک لەو حیزبە ئیسلامیانەشی گۆڕی، بۆنمونە حیزبێکی وەک کۆمەڵی ئیسلامی لەحیزبێکی جیهادی چەکداری تەکفیرییەوە تاڕادەیەک کرد بەحیزبێکی بێچەک کە باوەڕی بەپەرلەمان‌و بەشداریکردنی سیاسی هەبێت لەپەنای حیزبو ئیدارەو حکومەتی عەلمانیدا.

گەرچی ئەم گۆڕانکارییە گۆڕانکارییەکی نەخوازراو بوو بەلای ئەم جۆرە حیزبانەوە، بەڵام لەکۆتاییدا بارودۆخەکە لەبەرژەوەندیاندا شکایەوەو تارادەیەک باوەڕیان بەوگۆڕانکارییە هێناو بوون بەبەشێکی بچوکی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، پاش دەرکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیاو سەرکەوتنی لەمومارەسەی سیاسی دەسەڵاتدا، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆئەوەی پارتە ئیسلامییەکان بەتایبەتی چەکدارەکانیان زیاتر چاوکراوەبن‌و تێبینی ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو حیزبە باکگراوندە ئیسلامییە بکەن، بۆیە ئەم حیزبە ئیسلامیانە هەریەکەو بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان دەیانەوێت زیاترو زیاتر لەگوتاری سیاسیاندا بکرێنەوەو هەوڵدەدەن ئەو فۆرمە تەقلیدییە سیاسییە ئیسلامییە تێپەڕێنن‌و بەرەو مۆدێلی حیزبی لەنمونەی پارتی دادوگەشەپێدان هەنگاو بنێن، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە لەوەدایە کە جڵەوی هەریەک لەو حیزبە ئیسلامیانە لەدەستی ئەو بیرکردنەوە تەقلیدییانەدایە کە نایانەوێت لەو گوتارە فیقهییە تەقلیدییە لابدەن‌و خۆیان تەسلیمی ئەمری واقیعی سیاسی بکەن‌و دەیانەوێت ئەلفوبێی گوتاری سیاسیان لەشەرعو فیقهەوە سەرچاوە بگرێت کە بێگومان ئەمەش لەگەڵ حیزبی سیاسی مۆدێرندا بەهیچ شێوەیەک نایەتەوە.

پاش هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ی ئەمساڵ، بینیمان کە حیزبە ئیسلامییەکان بەکۆمەڵێک کاندیدی جۆراوجۆرەوە بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کرد، هەندێک لەو کاندیدانە کەسایەتی ئایینی تەقەلیدی‌و تەنانەت هەندێکیان مەلابوون‌و هەندێکی تریشیان خاوەن بڕوانامەو توانای فکری‌و سیاسی‌و زانستی‌و جۆراوجۆر بوون، بەڵام لەدەرەنجامدا بینیمان کە کاندیدە مەلاکان‌و کەسایەتییە تەقلیدییەکان زیاترین دەنگی جەماوەری حیزبە ئیسلامییەکانیان بەدەستهێناو زۆربەیان سەرکەوتن بۆ خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، بەپێچەوانەشەوە کاندیدە بەئەزموون‌و بەتواناو خاوەن بڕوانامەکان کەمترین دەنگی جەماوەری ئیسلامییەکانیان بەدەستهێناو زۆربەی زۆریان نەیانتوانی بگەنە پەرلەمان‌و سەرکەوتن بەدەستبهێنن‌و لەپەراوێزدا مانەوەو شوێنی خۆیان گرت.

ئەم هەڵبژاردنانە ئەو راستیەیان دەرخست کە سەرەڕای هەوڵی هەندێک لەکەسایەتی سەرکردایەتی ئەم حیزبانە کە دەیانەوێت حیزبەکانیان بەپرۆسەی ریفۆرمکردن‌و کرانەوەدا بەرن بەرووی گوتاری ئایینی نوێخوازدا، بەڵام تائێستاش بنکەی جەماوەری ئەم حیزبە ئیسلامیانە، ئەم جۆرە لەسیاسەتو ئەو جۆرە دینداریە ریفۆرمکراوەیان پێ قبوڵ ناکرێت کە هەندێک لەکەسانی ناو حیزبەکانیان دەیانەوێ دەستی بۆ بەرن‌و لەداهاتوودا بیکەنە بەرنامەی کاری سیاسەتو حیزبایەتی خۆیان، بۆیە لەئێستادا ئەم حیزبە ئیسلامیانە رووبەڕووی دوولایەنێتییەک بوونەتەوە، لەداهاتووشدا ئەم دوولایەنییە زیاتر دەردەکەوێ کە بریتییە لەسەرهەڵدانی دوو بیرکردنەوەی ئاراستە جیاواز لەناو ئەم حیزبانەدا، ئەویش هێزی کەنسەرڤەتیڤو تەقلیدی لەلایەکو هێزی مۆدێرن‌و ریفۆرمخواز لەلایەکی تر، هێزی کەنسەرڤەتیف قورسایی خۆی لەناو پێگەی جەماوەری ئەم حیزبانەدایەو هێزی ریفۆرمخوازیش قورسایی خۆی تارادەیەک لەناو سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسی ئەم حیزبانەدایە.

لەحاڵەتێکدا گەر گوتاری هێزی ریفۆرمخواز باڵادەست بێتو کاری لەسەر بکرێتو بکرێ بەگوتاری گشتی‌و سەرەکی حیزب لەمەیدانی سیاسەتو حیزبایەتیدا، ئەوا هێزی تەقلیدی‌و موحافیزکار ئەم گوتارەیان پێ قبوڵناکرێتو بێچەندوچون بەرپەرچی دەدەنەوە، چونکە لەرابردوودا ئەوان لەسەر ئەو جۆرە گوتارە تەقلیدییە پەروەردەو گۆشکراون‌و تێپەڕاندنی ئەم گوتارە لەلایان بووەتە مەحاڵو بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکەن، چونکە ئەم گوتارە بووەتە مۆرکو سیماو ناسنامەی ئایینی‌و ئیسلامییان.

لەلایەکی کەشەوە بەرەی هێزی ریفۆرمخواز لەوە تێگەیشتوون ئەو گوتارەی کە ئەم حیزبانەی لەسەر دروست بووە بۆ سەردەمو کاتێکی تربووەو لەئێستادا بارودۆخەکان گۆڕاون‌و پێویستە خوێندنەوەی نوێیان هەبێت بۆ شێوازی ئامادەیی ئایین لەناو حیزبو سیاسەتو دەوڵەتدا، چونکە لەوە گەیشتوون گەر ئەو گۆڕانکارییە نەکەن‌و خۆیان رێکنەخەن، ئەوا ناتوانن لەداهاتوودا لەمەیدانی کاری حیزبی‌و سیاسی خۆیاندا سەرکەوتوو بن، ئەوە روونە لەبەرچاویان گەر فریای خۆیان نەکەون ئەوا تووشی چەقبەستوویی‌و دۆگمایی سیاسی‌و ئاینی دەبن‌و لەدواجاریشدا هیچییان بۆ نامێنێتەوە، بێجگە لەمیمبەری مزگەوتەکان‌و بارەگای حیزبەکانی خۆیان نەبێت.

بەڵام لەئێستادا گوتاری زاڵ لەناو ئەم حیزبە ئیسلامییانەدا گوتاری تەقلیدی ئایینییەو ئەم گوتارەش وادەکات کە هێزی ریفۆرمخواز ناچاربکات تەسلیمی ئەم گوتارە ببن‌و دەبێ ئەمانیش وەک ئەمری واقیع قبوڵی بکەن‌و چۆکی بۆ دابدەن، چونکە هەرلادانێک لەگوتاری هێزی تەقلیدی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پێگەی جەماوەری‌و کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەری ئەم حیزبانە، ئەمەش وادەکات کە ئەم حیزبە ئیسلامییانە نەتوانن رۆڵیان لەپرۆسەی سیاسیدا هەبێتو دواجار لەپەرلەمان‌و حکومەتو دەسەڵات دووردەکەونەوەو لەپەراوێزدا دەمێننەوە.

ئەم دوولایەنییە هەرگیز ناتوانرێت لەگەڵیدا هەڵبکرێتو لەکۆتاییدا ئەو دوو ئاراستە لەبیرکردنەوەیە هەمیشە گوتارو خوێندنەوەی جیاوازیان دەبێت بۆ ناوخودی خۆیان‌و دەرەوەی خۆشیان، بۆیە گەر ئەمە روویدا ئەوا ئەگەری زۆری هەیە کە ئەم حیزبە ئیسلامیانەش هەروەک حیزبە عەلمانییەکان بەرەو جیاوازی‌و دابەشبوون‌و لێکترازان بڕۆن‌و لەداهاتوودا ئەو بیرکردنەوە ریفۆرمخوازو ناتەقلیدیانەی نێو ئەم حیزبانە ناتوانن تەحەمولی ئەم گوتارە تەقلیدییە بکەن‌و بەچەقبەستوویی لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە لەداهاتوودا ئەگەری سەرهەڵدان‌و دروستبوونی حیزبی ئیسلامی تر لەئارادایە کە گوتاری تەقلیدی ئەم حیزبە تەقلیدییە ئیسلامییانە تێپەڕێنن‌و بەگوتارێکی نوێ‌و بیرکردنەوەی نوێی مۆدێرنانەو سەردەمیانەوە بێنەکایە، بەشێوەک لەگەڵ هەموو ئەو خوێندنەوە نوێیانەدا بگونجێن کە بۆ ئایین‌و سیاسەتو دەسەڵات دەکرێن‌و لەئارادان، ئەمەش تەنها رێگەچارەو چارەسەری ئەو بارودۆخەیە کە رووبەڕووی ئەو دەنگانە بووەتەوە کە لەنێو ئەم حیزبە تەقلیدییە فیقهییانەدا قەتیسبوون، چونکە ئەگەری گۆڕانکاری‌و ریفۆرم لەنێو ئەم حیزبە ئیسلامییانەدا دژوارەو رووبەڕووبووەتەوە لەگەڵ مەحاڵدا.


سەلاحەدین بەهائەدین


عەلی باپیر


شێخ سدیق

# ململانێی نێوخۆیی تورکیا، ئایین‌و دەوڵەت وەك نمونە

ئەحمەد گەرمیانی

ئەو قسەیە بۆ هەموو کات راست نییە کە دەڵێت ئیسلام‌و دیموکراسی دوو بەرەی دژ بەیەکن، بۆنمونە بوونی ئەو تەوژمە ئایینییە نوێیەی تورکیا لەناو چەند کیانی سیکۆلاری نەتەوەییدا بەڵگەیەکی تەواو ناوازەیە لەحوکمڕانی بەفۆرمێکی ناسیکۆلارییەوە، جێگەی داخە سیکۆلارو کەمالیستە تورکەکان هەردەم لەهەوڵی رووخانی کۆشکی تازە بیناکراوی ئەم رەوتانەدان بەیارمەتی سوپا کە بێگومان جگە لەلەکەدارکردنی دیموکراسی وڵات، بەرهەمێکی تری نابێت، کەمالیستە بژاردەکان کە لەلایەن سوپاوە پشتیوانیان دەکرێت دەیانەوێت وڵات بەرەو بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا پەلکێش بکەن، بەڵام بەبێئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرن هەر ئاستەنگێک بۆ ئیسلامییەکان هەنگاوێک لەو ئاواتە لەمێژینەیان دووردەخاتەوە، سوپا کە مۆرکێکی توندی سیکۆلاری‌و نەتەوەچێتی تێدا دەبینرێت، دوژمنایەتی سەرسەختی هەر بزاڤێکی ئیسلامی دەکات، لەنێوان سالانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٠ سێ جار سوپا دەسەڵاتی لەحکومەت وەرگرتووەتەوە، لەترسی ئەوەی دەوڵەتی سیکۆلار کەوتووتە بەر مەترسی، لەساڵی ١٩٨٠ ئاگری ئەم کوانووە کەوتە ئەوپەڕی بڵێسەو پارتە رادیکاڵەکان داوایان لەهێزە چەکدارەکان کرد دەستبەکار بن، سەرەنجام دەستوور لەکارخراو یاسای سەربازی سەپێنرا، هەندێک لەسیاسەتمەدارەکان دەستگیرکران‌و پەرلەمانیش هەڵوەشێنرایەوە، پاشان جەنەڕاڵەکان یاسا مەدەنییەکانیان دەپاراستو کۆی جومگەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو، ساڵی ١٩٨٣ هەڵبژاردن کراو حکومەتێکی نوێ هاتەکایەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئاراستەی سیاسی تورکی هەڵکشان‌و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەندێجاریش سوپا کەوتۆتە کەناری دەستبەکاربوونەوە، بەڵام ئەوەی بەڕاستی ویستویەتی نەیکردوە، ئەوە تەواو روونە کە سوپا کۆنترۆڵی تەواوی کایەکانی کردووە، کاتێک دەسەڵاتی گرتووەتە دەستو پاشانیش بەئارەزووی خۆی خستوویەتییە موزایەدەوە، لەوانەیە لەئێستادا هێزە چەکدارەکان هەمان باوەڕی سەرەتای هەشتاکانیان هەبێ کە بەدەستێوەردان نەبێ پەلی درێژی پارتی دەسەڵاتداریان بۆ کورت نەکرێتەوە، بەڵام لەهەر بارێکدا بەڵگەی روون پێویستە بۆ سەلماندن کە ئاخۆ سوپا بەنیازی کۆدەتایە یان نا، هەندێکیش پێیانوایە ئەم چەشنە چاودێریکردنەی سوپا بۆ حکومەت وانەیەک بێتو فێری هێزە چەکدارەکانی تری وڵاتانی ناوچەکە بکرێت، ئیلکەر باشبوغ وتی "سوپا چیتر ناتوانێ ئارام بگرێت" ئەم وتەیە بەڵگەییەکی دیارە بەوەی سوپا نیازێکی باشی نییە لەبەرامبەر حکومەتەکەی ئەردۆغان، چاودێرانی سیاسیش لەبەهای ئەم قسەیە کەمدەکەنەوەو پێیانوایە، ئەوە هیچ نییە جگە لەساردکردنەوەی حکومەتەکەی پارتی دادوگەشە لەهەنگاوی چاکسازی‌و کرانەوەی دەوڵەتدا.

## حکومەت لەیاسای دەوڵەت لای نەداوە

جەنەڕاڵەکان داکۆکیکاری سەرسەختی دوو لایەن دەکەن، یەکەم: چینی مامناوەندی شارنشین کە سودمەندی یەکەمن لەمۆدێرنەکردنەکەی ئەتاتورکدا، دووەم: بیرۆکراسییەکانی دەوڵەت کە بۆ خۆیان بەرهەمهێنراوی کەمالیزمن‌و جگە لەسەنتەرگەری دەوڵەت هیچ جۆرە سیستمێکی حکومڕانیان قبوڵ نییە.

دەسەڵاتی سەربازی هەمیشە بۆ پاراستنی ئەم گروپانە لەسەر خەتە، هەرکاتێک هەستیان بەڕووبەڕووبوونەوەی هزری ئیسلامگەری کردبێت، ئیسلامییەکانی تورکیا بەقۆناغێکی دژواری سیاسی‌و چاکسازیدا گوزەر دەکەن، لەوانەشە پرۆژەکانیشیان مایەپوچ دەرچێت، هەرچەند ئەم تەوژمە تائێستا بەتەواوەتی سوپاو لایەنە سیکۆلارەکانی نیگەران نەکردووە، بەڵام هەندێک بەسەرکێشی دەبینن، وەک بەزاندنی هێڵە سوورەکان‌و دەستبردن بۆ مەلەفە زۆر ئاڵۆزەکانی لەوێنە وروژاندنی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان، زۆرجاریش حکومەت سوپاو ناوەندەکانی ترو تەنانەت بەرهەڵستکارەکانیشی لەکارەکانی ئاگادار کردوەتەوە لەبەر دوو هۆ، یەکەم: لەترسی هەر تێکچوونێکی کتوپڕی پرۆژەکانی، تا ئۆباڵی تەواوەتی نەکەوێتە ئەستۆ، دووەم: تا بەسوپا ناوەندەکانی تر بڵێت کە حکومەت لەدەستووروو یاساکانی دەوڵەت لای نەداوەو تەنها خێرو پێشکەوتنی بۆ وڵات گەرەکە.

ئیسلامییەکانی تورکیا رەگو ریشەیەکی قوڵیان لەنێو دڵی تورکیادا هەیەو لەسەر کەلەپورێکی دێرین بینا کراوە، هەر بۆیە بەئاسانی ناکرێتە دەرەوەی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەوە، بەتایبەتی ئەم تەوژمە لایەنگرییەکی بێوێنەی جەماوەری لێ دەکرێت، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان لەسەر ئاستی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی، ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، ئایا سوپای تورکیا توانای بەردەوامی دەبێت لەم چەشنە مامەڵەکردنەدا، بەواتایەکی تر دەتوانێت کاروباری تورکیای سیکۆلاری‌و دەوڵەتێکی دیموکرات بەڕێوەببات، ئەویش بەڕاستی کێشەیەکە هێزە چەکدارەکان تەنها لایەنگری سیکۆلاربن‌و دەستوەربدەنە سیاسەتی مەدەنیشەوە، ئەوە لەوانەیە راست بێت کە سوپا لەهەندێک حاڵەتی ناوخۆیدا بێتە ناوکایەکەوە، بەتایبەتی لەقەیرانە ئاڵۆزە ناوخۆییەکاندا، بەڵام مانای ئەوە نییە بۆ هەمیشەو بۆ هەموو مەلەفەکان گۆڕەپانی وڵات قۆرخبکات.

ئیسلامگەری تورکیا مۆدێلێکی نوێی دیموکراتیزەکردنی وڵاتی هەڵگرتووە لەتەک پاراستن‌و رێزگرتنی بەهاکانی ئایین‌و کلتوردا، دواتر ئەم شەپۆلە ئایینییە نوێیە هەڵگری رەهەندێکی میانڕەوی پێشکەوتنخوازە، هەربۆیە جێگای بایەخی زۆری ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەندێکیش ئەم بزاڤە بەدەرگای کراوەی رۆژهەڵاتو میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینن.

لەدوای دروستبوونی کۆماری تورکیاو ئاوابوونی خۆری ئیسلامگەرییەوە، ئیسلامییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر چوونە سوڕی متبوونەوە، بەڵام نەمردن، شێخ‌و پیاوە ئایینییەکان بەردەوام خەونیان بەگەڕانەوەی ئیمپراتۆری بەشکۆیانەوە دەبینی، بەڵام کارلەکار ترازابوو، بەدرێژایی ئەو چەند دەیەیەی رابردوو چەندجار ئەم هێزە نووستووانە ویستویانە بەخەبەر بێن، کەچی رۆژگار یارمەتی نەداون‌و هەموو هەوڵەکانیان لەبەرامبەر سوپاو سیکۆلارەکاندا شکستیهێناوە، سەردەمی نەجمەدین ئەربەکان سەرەتای هەڵکشانی بیری ئیسلامی نوێ بوو لەتورکیا، بەڵام بزووتنەوەکەی یەکسان کرا بەسفر کە دەتوانرێت بەقۆناغی بێئومێدی تەماشا بکرێت، بەڵام ئیسلامییەکان بەهێزێکی پشت ئەستوورەوە گەڕانەوە یاریگاو بەئاراستەیەکی مۆدێرن دەستیان پێکردەوەو لەماوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا دەسەڵاتیان گرتەدەست، هەرچەند پارتی دادوگەشەپێدان سودی لەهەڵەی بزاڤە ئیسلامگەرەکانی پێش خۆی بینیوەو خوێندنەوەی ورد بۆ هەموو بابەتەکان دەکات، بەڵام بەدووریش نازانرێت قەدەری ئەویش وەک ئەوانی پێش خۆی بێت یان بەپێچەوانەوە قورسایی خۆی زیاتر بکاتو ئەگەری رووخانی ئەستەم بێت، جا شیکردنەوەی ئەم هاوکێشە سیاسییە ئایینییە پێویستی بەکات دەبێت تا بزانرێت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە یان نا.



دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن: ئیدریس عومەر
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی
ژمارە (٣٠)
ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ٢٠١٠/٥/٥
هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شاڕێی سالم، تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٤٧٧١ - ٠٥٣٣١٨٧٨١١
www.destur.net
info@destur.net


STC
Suly Telegraph Company
Press-Print and Distribution
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
ڕۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە

# کۆمپانیای سولی تێلیگراف

## ڕۆژنامەوانیو چاپو بڵاوکردنەوە

## دەروازەیەک بۆ ڕاگەیاندنی پیشەگەر

